هەرێمــی کوردســتان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر


# گروپی ئارایی و جیاوازییان

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر کراوە وەك بەشێك لە پێویستیەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایەن


**هاوکار عومەر خدر** بەکالۆریۆس لە کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین-٢٠٠٧


بە سەرپەرشتی

**پ.ی.د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول**

گەلاوێژ ٢٧١٣ کوردی　　شەوال ١٤٣٤ کۆچی　　ئاب ٢٠١٣ زایینی

ئەم نامەیە بەناونیشانی (گروپی ئارایی و جیاوازییان)ـە، بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستیەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردی (ڕێزمان)دا.

ناو: پ.ی.د.عەبدوللا حوسێن ڕەسول

سەرپەرشتیار

مێژو: ٢١ / ٧ / ٢٠١٣

بە پێی ئەم پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندنی دەکەم.

ناو: د. جبار احمد حسێن

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

لە بەشی زمانی کوردی

مێژو: ٢١/ ٧ / ٢٠١٣

**ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، شایانی ئەوەیە بە پلەی ( زۆرباش ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردی ( ڕێزمان ) پێ بدرێ.**

| | |
|---|---|
| **ناو: پ.ی.د.ساجیدە عەبدوللا فەرهادی** | **ناو: عمر محمود کریم** |
| **مێژو: ٢٩/ ٨ / ٢٠١٣** | **مێژو: ٢٩ / ٨ / ٢٠١٣** |
| **سەرۆکی لیژنە** | **ئەندام** |

| | |
|---|---|
| **ناو: دیار عەلی کەمال** | **ناو: پ.ی.د.عەبدوللا حوسێن ڕەسول** |
| **مێژو: ٢٩ / ٨ / ٢٠١٣** | **مێژو: ٢٩ / ٨ / ٢٠١٣** |
| **ئەندام** | **ئەندام و سەرپەرشتیار** |

**لە لایەن ئە نجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەند کرا.**

**ناو: پ.ی.د.شادان جمیل عباس**

**ڕاگری کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین**

**مێژو: ١/ ٩ / ٢٠١٣**

# پێشکەشنامە :

- پێشکەشە بە هەمو ئەوانەی دەنگێکیان فێرکردوم و ئەوانەی دەنگێکیان فێردەکەم، لە هەر دیالێکت و گۆڤەرێکی زمانی کوردی.
- پێشکەشە بە مامۆستا و هاوڕێم ( پ.ی.د.عەبدوڵلاّ حوسێن ڕەسول ).
- پێشکەشە بە : دایکم،

باوکم،

خوشکەکانم،

براکانم.

- پێشکەشە بەو کەسەی ژیانی خۆی پێبەخشیم و ژیانی خۆمی پێدەبەخشم لەگەڵ ژیکاڵ.

# ســـــوپاسنامە

- لە سەرەتادا سوپاسی وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین، بە تایبەتی کۆلێژی زمان - بەشی زمانی کوردی دەکەم، کە وەك قوتابیەکی خۆیان و میوانێکی زانکۆی سۆران باوەشیان بۆ کردمەوە.
- سوپاسی تایبەتیم بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیارم ( پ.ی.د.عەبدوللا حوسێن ڕەسول ) کە جگە لە بونی بە یەکێ لە سەرچاوە سەرەکیەکانی فێربونم، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و بەردەوام توێشوی زانیاری بە ئارامێکی پڕ نەوا و بە نەفەسێکی درێژەوە پێشکەش دەکردم.
- سوپاسی بێ پایانی هەمو ئەو مامۆستایانە دەکەم، کە هەر وشەیەکیان فێرکردوم، لە هەر قۆناغێکی خوێندن وانەیان پێداوم و پاراویان کردوم بە زانیاریەکان.
- سوپاسی هەمو ئەو هاوڕێیانەم دەکەم، کە بە وشەیەکیش یارمەتیان دام.

# پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ گەلاڵەکردنی گرینگترین و چالاکترین مۆرفۆفۆنێم لە زمانی کوردیدا. مۆرفێمی (-بـ-) کە لە بنەڕەتدا ڕەگی چاوگی {(هە)بون}ـە، توانیویەتی بە هەمان واتای هاتنە ئارایی ڕۆلی فراوان و بایەخدار ببینێ لە دروستکردن و داڕشتنی کۆمەڵێك کاری گرنگ و پێویست لە زمانی کوردیدا، وەك (هەواڵدان بە هەمو دەمکاتەکانەوە، ڕابوردو، ئێستا، داهاتو و ڕانەبوردو...)، (فەرماندان)، (داخوازی) و (خۆزگەیی)، کە لەم توێژینەوەیەدا ناونراون بە گروپی ئارایی، ئەمەش وایکردوە، ناونیشانی نامەکە بکرێتە ((گروپی ئارایی و جیاوازییان)).

بۆ یەکالاکردنەوەی بابەتەکە و پێکانی ئامانجەکە، جگە لە پێشکەشکردنی پێشەکیەکی گونجاو توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ بەش:

لەبەشی یەکەمدا، باسی مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی کراوە لە ڕوی پێکهاتە و واتای بنەڕەتی و بنەچەی ئەم مۆرفیمە وەکو ڕەگی چاوگی {(هە)بون} ڕۆلی لە دروستکردنی ڕستەکانی هەواڵدان لە سەرجەم دەمکاتەکاندا (ڕابوردو، ئێستا، داهاتو، ڕانەبوردو و تێکەڵبونی ئەم دو دەمکاتانە). جیاوازیی هەریەك لەم تافانەش خراوەتە ڕو. لەگەڵ دەرخستنی ئەم ڕەگی کارە وەکو کاری سەرەکی و یاریدەدەر.

لەبەشی دوەمدا، باسی ڕۆلی مۆرفیمی (-بـ-)ی ئارایی کراوە لە دروستکردنی هەردو کاری فەرماندان و داخوازی و چۆنیەتی داڕشتنیان و ڕۆنانی واتاییان و دەمکاتەکانیان، سەرباری لایەنە هاوشێوە و جیاوازەکانی فەرماندان و داخوازی لە سەرجەم لایەنەکانی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، بەراوردی ئەوەش کراوە کاتێ (-بـ-)ی مۆرفیمی ئارایی خۆی ببێتە ڕەگی کاری سەرەکی، سەرباری ئەرکەکانی تری لە فەرماندان و داخوازیدا.

لەبەشی سێیەمدا، تیشك خراوەتە سەر مۆرفیمی (-بـ-)ی ئارایی لە داڕشتنی کاری خۆزگەیی و دەرخستنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی کاری خۆزگەیی و بەراوردکردنی لەگەڵ کارەکانی تری گروپی ئارایی لە ڕوی لێکچون و جیاوازییەوە، ئینجا باسی ڕۆلی ئەم مۆرفیمە کراوە لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجی و بەشداریی فراوانی لە داڕشتنی شاڕستە و پاڕستەی مەرجی، دواتر تاوتوێی ڕۆلی ئەو مۆرفیمە کراوە لە پاڕستەی دیارخەرەکانی تر.

لە کۆتاییدا جگە لەئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان ڕیزبەند کراون.

# ناوەڕۆك


| بـــابــــــــــەت | لاپـــەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١-٣ |
| **دەسپێك** | ٤-٧ |
| **بەشی یەکەم: گروپی ئارایی و پێگەی لە ڕستەدا** | ٨-٣٤ |
| **١.١: بەندی یەکەم: ڕەگی کار و مۆرفیمی ئارایی** | ٨ |
| **١.١.١: بون و هەبون** | ١١ |
| **٢.١: بەندی دوەم: ڕستەی ئارایی و دەمکاتەکانی** | ١٢ |
| **١.٢.١: دەمکاتی ڕانەبوردو** | ١٢ |
| **٢.٢.١: دەمکاتی ئێستا** | ١٥ |
| **٣.٢.١: دەمکاتی ڕابوردو** | ١٧ |
| **١.٣.٢.١: ڕابوردوی نزیك** | ١٧ |
| **٢.٣.٢.١: ڕابوردوی بەردەوام** | ١٧ |
| **٣.٣.٢.١: ڕابوردوی تەواو** | ١٩ |
| **٤.٣.٢.١: ڕابوردوی دور** | ٢٠ |
| **٤.٢.١: واتای ئارایی و گێرەکەکان** | ٢١ |
| **٣.١: بەندی سێیەم: ڕستەی ئارایی و داتا گەیاندن** | ٢٢ |
| **١.٣.١: ئەرکی بەخشینی داتاکان** | ٢٢ |
| **٢.٣.١: ئەرکی وەرگرتنی داتاکان** | ٢٥ |
| **١.٢.٣.١: مۆرفیمی ئارایی و ئامرازەکانی پرس** | ٢٩ |
| **٣.٣.١: ئارایی و ڕستەی هەست دەربڕین (سەرسوڕمان)** | ٣٢ |
| **٤.٣.١: ئارایی و ڕستەی هەست وروژاندن** | ٣٣ |
| **بەشی دوەم: ڕستەی فەرماندان و ڕستەی داخوازی** | ٣٥-٦٤ |
| **١.٢. بەندی یەکەم: ڕستەی فەرماندان** | ٣٥ |
| **١.١.٢: مۆرفیمی ئارایی و ڕستەی فەرماندان** | ٣٦ |
| **٢.١.٢: بواری ڕودانی ڕستەی فەرماندان** | ٤٠ |

| | |
|---|---|
| ٣.١.٢ : فەرماندان لە چاوگی ( بون ) دا | ٤٣ |
| ٤.١.٢ : فۆرمەکانی هێنانە ئارایی لە فەرماندانداندا | ٤٦ |
| ٥.١.٢ : بکەرنادیاری و فەرماندان | ٤٨ |
| ٦.١.٢ : نەرێکردن لە ڕستەی فەرماندانداندا | ٤٩ |
| **٢.٢ : بەندی دوەم : ڕستەی داخوازی** | ٥١ |
| ١.٢.٢ : مۆرفیمی ئارایی و ڕستەی داخوازی | ٥٤ |
| ٢.٢.٢ : بواری ڕودانی ڕستەی داخوازی | ٥٥ |
| ٣.٢.٢ : ڕاناوی کەسی لە کاری داخوازیدا | ٥٦ |
| ٤.٢.٢ : ( بو ) وەك کاری سەرەکیی داخوازی | ٥٨ |
| ٥.٢.٢ : بکەرنادیاری لە ڕستەی داخوازیدا | ٦٠ |
| ٦.٢.٢ : نەرێکردن لە ڕستەی داخوازیدا | ٦٢ |
| **بەشی سێیەم : ڕستەی خۆزگەیی و ڕستەی مەرجی** | ٦٤-٩٤ |
| **١.٣ : بەندی یەکەم : ڕستەی خۆزگەیی** | ٦٤ |
| ١.١.٣ : مۆرفیمی ئارایی و ڕستەی خۆزگەیی | ٦٦ |
| ١.١.١.٣ : مۆرفیمی ئارایی پێشگر | ٦٦ |
| ٢.١.١.٣ : مۆرفیمی ئارایی پاشگر | ٦٧ |
| ٣.١.١.٣ : مۆرفیمی ئارایی پێشگر و پاشگر | ٦٨ |
| ٢.١.٣ : بواری ڕودانی ڕستەی خۆزگەیی | ٧٠ |
| ١.٢.١.٣ : ڕستەی خۆزگەیی لە ڕابوردوی نزیکدا | ٧١ |
| ٢.٢.١.٣ : ڕستەی خۆزگەیی لە ڕابوردوی دوردا | ٧٣ |
| ٣.١.٣ : ( بو ) وەك کاری سەرەکیی خۆزگەیی | ٧٤ |
| ٤.١.٣ : بکەرنادیاری لە ڕستەی خۆزگەییدا | ٧٧ |
| ٥.١.٣ : نەرێکردن لە ڕستەی خۆزگەییدا | ٧٩ |
| **٢.٣ : بەندی دوەم : ڕستەی مەرجی** | ٨٠ |
| ١.٢.٣ : پێکهاتنی ڕستەی مەرجی | ٨٢ |
| ٢.٢.٣ : گروپی ئارایی لە پێکهاتەی ڕستەی مەرجیدا | ٨٧ |
| ١.٢.٢.٣ : ڕستەی فەرماندان لە ڕستەی مەرجیدا | ٨٧ |
| ٢.٢.٢.٣ : ڕستەی داخوازی لە ڕستەی مەرجیدا | ٨٨ |

| | |
|---|---|
| ٣.٢.٢.٣ : ڕستەی خۆزگەیی لە ڕستەی مەرجیدا | ٨٩ |
| ٤.٢.٢.٣ : گروپی ئارایی لە پاڕستە و شاڕستەی مەرجیدا | ٩٠ |
| ٣.٢.٣ : ئەركی گروپی ئارایی لە پاڕستەی دیارخەریدا | ٩٠ |
| ١.٣.٢.٣ : پاڕستەی دیارخەری ناوی | ٩١ |
| ١.١.٣.٢.٣ :مۆرفیمی ئارایی ( بــ ) لە پاڕستەی دیارخەری بكەردا | ٩١ |
| ٢.١.٣.٢.٣ :مۆرفیمی ئارایی ( بــ ) لە پاڕستەی دیارخەری بەركاردا | ٩٢ |
| ٣.١.٣.٢.٣ :مۆرفیمی ئارایی ( بــ ) لە پاڕستەی دیارخەری بەركاری بەیاریدەدا | ٩٢ |
| ٢.٣.٢.٣ : پاڕستەی دیارخەری كات | ٩٣ |
| ٣.٣.٢.٣ : پاڕستەی دیارخەری ئامانج | ٩٤ |
| ئە نجامەكان | ٩٥ |
| سەرچاوەكان | ٩٧-١٠٤ |
| كورتەی باسەكە بە زمانی عەرەبی | أ |
| كورتەی باسەكە بە زمانی ئینگلیزی | A |

# پێشەکی

# پێشەکی

دیارترین خاڵی جیاکەرەوەی مرۆڤ، توانای پەیوەندیکردنی ئەندامەکانە بە ئاڵوگۆڕکردنی ئەو چەمکە ئاڵۆزەی پەیوەستە بە چالاکیەکانیان[1]. زمانی ئاخاوتن پێشکەوتوترین و کاریگەرترین هۆکاری پەیوەندیکردنە. ئەوەی زمانی ئاخاوتنی گەیاندە ئەم پۆپەیە، بارکردنی واتا زۆر و هەمەجۆرەکانە لە کەرەسە دەنگیەکان. هێز و ئاوازیش ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن لە گەیاندن و وەرگرتنی مەبەستی دەربڕینەکان (قسەکەر).

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە یەکێك لەو کەرەستە دەنگیانە، کە تاکە دەنگێکە (فۆنیم) و مۆرفیمێکی زۆر گرنگ و چالاك پێك دەهێنێ، ئەویش مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی {(هە)بون}ـە، کە تا ئێستا بە تەواوی پەردە لەسەر هەمو لایەنەکانی لانەدراوە.

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە ((گروپی ئارایی و جیاوازییان))ـە. ئەم نامەیە باسێکی تایبەتە بە مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی {(هە)بون} و ئەو ڕستانەی ئەو مۆرفیمە ڕۆڵی سەرەکی یان لاوەکی تیایاندا دەبینێ. هەروەها شیکردنەوەی ڕۆنانی وردی ئەو ڕستانە و بەراوردکردنی جیاوازیی داڕشتنیان دەکەوێتە چوارچێوەی بەشەکانی ئەو نامەیە.

## سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:

سنوری کارکردن و پراکتیزەکردنی کەرەستەکان بە شێوە ستاندەری دیالێکتی ناوەڕاستە. نمونەکان بە پێی پێویست تێکەڵن لە سەرچاوەکان و لە زاری ئاخێوەرانی ئەو ستاندەرە وەرگیراون. توێژینەوەکە تێکەڵێکە لە هەردو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی واتە (مۆرفۆسینتاکس - Morphosyntax)ە[2].

ڕێبازی توێژینەوەی نامەکە شیتەڵکاریی وەسفیە (Description). لە پێشەوە خستنەڕو و گەڵاڵەکردنی مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی {(هە)بون}، کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئاستی وشەسازی و ئینجا ڕۆڵە سەرەکی و لاوەکیەکانی ئەم مۆرفیمە لە دروستکردنی ڕستە جۆراوجۆرەکان کە بەشدارییان تیادا دەکا و ئەمەش دەکەوێتە چوارچێوەی ئاستی ڕستەسازی.

## هۆی هەڵبژاردن و گیروگرفتی بابەتەکە:

توێژینەوە لە بابەتێکی نوێ و باسنەکراو کارێکی ئاسانترە لە بابەتێکی زۆر باسکراو و تێکەڵکراو. بژارکردنی لایەنە ڕاست و ناڕاستەکان و دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی ئەو بابەتە، ئەرکی توێژەر گرانتر دەکا. توێژینەوە لە یەکێك لە چالاکترین مۆرفۆفۆنێمەکانی زمانی کوردی، کە کەم توێژەر هەیە خۆی لە

1- A.C.GIMSON, An introduction ti the pronunciation of English, p.1.
2- Martin Haspelmath, Understanding Morphology, P.90-91.

قەرەی نەدابێ، کارێکی ئاسان نیە، چونکە چەندین بیر و بۆچونی ڕاست و ناڕاستی دەربارە گەڵاڵەکراوە و چەندین لایەنی، بە هەڵە، بەسەردا سەپاوە وەك (کاری بێهێز)[1] و (کاری ناتەواو)[2] و (ڕستەی بێکار)[3] و چەندین لایەنی گرنگیشی باس نەکراوە، کە بەهێزترین و چالاکترین کارە لە زماندا، هەر ئەمەش بوە هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە.

## بەشەکانی توێژینەوەکە:

بۆ پێکانی ئامانجەکان، توێژەر نامەکەی دابەشی سەر دەسپێکێك و سێ بەش کردوە.

دەسپێك: لایەنی دیارکردنی ئاستەکانی زمان و گرینگی بەیەکەوەبون شیکراوەتەوە لەگەڵ شێوەکانی دەرکەوتنی مۆرفیمی (بـ )ی ڕەگی بون دواتر بوارەکانی بەرجەستەکردنی ئەم مۆرفیمە لەڕستەدا خراوەتەڕو .

بەشـی یەکــــەم: بەناونیشانی (گروپی ئارایی و پێگەی لە ڕستە )دایە و بۆ سێ بەند دابەش کراوە:

بەندی یەکەم: ڕەگی کار و مۆرفیمی ئارایی کە مۆرفیمی (بـ )ی ڕەگی چاوگی {( هە )بون} بە وردی باسکراوە.

بەندی دوەم: ڕستەی ئارایی و شێوەکانی مۆرفیمی ئارایی بە پێی دەرکەوتنی لە دەمکاتە جیاوازەکان شیکراوەتەوە.

بەندی سێیەم: ڕستەی ئارایی لە ئەرکی گەیاندنی داتاکان باسکراوە و ئەم مۆرفیمە لە ناو جۆرەکانی ڕستەدا ڕونکراوەتەوە.

بــەشــی دوەم: بەناونیشانی (ڕستەی فەرماندان و ڕستەی داخوازی )یە. ئەمەش بۆ دو بەند دابەش کراوە:

بەندی یەکەم: ڕستەی فەرماندان لەڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە گەڵاڵەکراوە، لەگەڵ پۆلینکردنی یەکە یەکەی بەشەکان و دیارکردنی سنوری نێوانیان. دواتر جیاوازیی نێوان فەرماندان و جۆرەکانی تری ئەم گروپە و خاڵە هاوبەشەکانیان ڕونکراونەتەوە.

---

[1] - بڕوانە: ا- محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی کوردی، ل١٥٥.
ب- کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی، ل١١.
پ-وریا عومەر امین، یاساییکی فۆنۆلۆجی، ل٥١.
ت- نوری علی امین، ڕێزمانی کوردی، ل٨٩.

[2] - بڕوانە: ا- تۆفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی، ل ١٧.
ب- نەریمان خۆشناو، ڕستەسازی، ل١١٧.
پ- ك.ك.کوردۆیف، ڕێزمانی کوردی، ل ٧٢.

[3] - بڕوانە: ا- علی روخزاد، ڕێزمانی کوردی سۆرانی، ل١١٩.
ب- ڕەفیق شوانی، جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی بوون و نەبوونی کاتەوە لە زمانی کوردیدا، ل٩١.
پ- محمدامین هەورامانی، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی کوردی، ل ١٣٥.
ت- نوری علی امین، قواعدی زمانی کوردی لە نحو صرفدا، ل ٧٨.

**بەندی دووەم:** ڕستەی داخوازی لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە تاوتوێکراوە و جۆرەکانی پۆلینکراون و جیاکراونەتەوە و جیاوازیی نێوان داخوازی و یەکەیەکەی جۆرەکانی تری ئەم گروپە و خاڵە هاوبەشەکانیان دەستنیشانکراون.

<u>بەشــی ســێیەم:</u> بەناونیشانی (ڕستەی خۆزگەیی و ڕستەی مەرجی)یە، ئەمەش بۆ دو بەند دابەش کراوە:

**بەندی یەکەم:** ڕستەی خۆزگەیی لە ڕوی پێکهاتەی دارشتن و واتا ڕونکراوەتەوە و لەگەڵ پۆلینکردنی جۆرەکانی و جیاوازیی و لێکچونی نێوان ڕستەی خۆزگەیی و جۆرەکانی تری ئەم گروپە دیار کراون.

**بەندی دووەم:** ڕستەی ئاوێتەی مەرجی خراوەتە ڕو، تیایدا تاوتوێی ئەوە کراوە، کە بۆچی ڕستەی مەرجی لەگەڵ ئەم گروپە دانراوە، لەگەڵ ئەگەری جیابونەوەی ئەم جۆرە ڕستەیە. هەروەها پێکهاتەی ڕستەی مەرجی لەڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆك و ئامرازەکانی تاوتوێکراون. بەتایبەتی ئەو بەشەی پەیوەستە بە گروپی ئاراییەوە. لەگەڵ ڕستە ئاوێتەکانی تر کە تیایدا گروپی ئارایی ئەرکە جیاجیاکانی تەواوکاری دەبینن و ڕۆلی تیادا دەگێرن.

لە کۆتاییدا ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕو.

# دەسپێک

# دەسپێك

لە بنەڕەتدا سنورێکی دابڕ لە نێوان ئاستەکانی زماندا نیە و بۆ وردەکاریی پتر و ئاسانکاریی زۆرتر ئاستەکانی زمان پۆلینکراون و لە یەکتری جیاکراونەتەوە. هەر ئاستێکی درشتتر لە ئاستە وردەکانی پێش خۆی پێکدێ، بۆیە بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی توخمەکانی هەر ئاستێك پەنا دەبردرێتە بەر ئاستێکی درشتتر.بۆ نمونە :بۆ دەسنیشانکردنی دەنگ پشت بە وشە دەبەسترێ و بۆ وشە پشت بە ڕستە دەبەسترێ و...هتد . لە ئاکامدا توێژەری هەر ئاستێك هەندێ جار ناچار دەبێ پەنا بەرێتە بەر ئاستێکی تر. بەم پێیە توێژینەوە لە ئاستەکانی زمان تەواوکەری یەکترن، ئەوەی زیاتر پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەیە ئاستی ڕێزمان (وشەسازی و ڕستەسازی) یە، وەك هەمو ئاستەکانی تر لێکدانەبڕاون. توێژینەوە لە هەر لایەنێکی ڕستەسازی بەخۆ دور گرتن لە وشەسازی، ئەنجامی ڕاست و دروست بەدەستەوەنادا. (کەرتکردنی وشە لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە لە مەسەلەی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا کارێکی گرنگە. ئەمە نەك تەنیا چۆنیەتی ڕۆنان و پێکهاتن و دروستبونی وشە ئاشکرا دەکا، بەڵکو یارمەتی ڕونکردنەوەی تەواو و قوڵتری مانا و ناوەڕۆکیشی دەدات و پەیوەندی لەگەڵ وشەی تردا دیار دەکا)[1]. وردبونەوە لە ئاستی وشە دەبێتە یارمەتیدەرێکی بەهێز لە تێگەیشتن و ئاسانکردنی کاری توێژینەوە لە ئاستی ڕستەدا. باسێکی کورتی پێکهێنەرە بنەڕەتیەکانی وشە هەندێ جار پێویستە و دەکرێ وەك بنەمایەکی سەرەکی لە پێکهاتەی ڕستە لێکبدرێتەوە. چاوگ دیارترین بنەمایە لە هاوکێشە ڕێزمانیەکاندا، ڕەگی چاوگیش (Root) بە بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی کاری ڕستەدا دادەنرێ. (ڕستە بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی.)[2] ئینجا ڕەگی کارەکە دەربکەوێ یان دەرنەکەوێ.[3] کار بەشێکی سەرەکی ڕستەیە و دەورێکی گرنگی لە پێکهاتەی ڕستەدا هەیە. هیچ ڕستەیەکیش بەبێ کار دروست نابێ.[4]

هەندێ جار لەم ڕستانەی مۆرفۆفۆنیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون) دەرناکەوێ و دەبێتە سفر (Ø)، ئەو ڕستانەیان ناوناوە (ڕستەی ناوی)[5] و دانیان بە بونی ئەو مۆرفیمەدا نەناوە، {بەشی گوزارەی ڕستەی ناوی بریتی دەبێ لە (ناوێك – ئاوەڵناوێك – جێناوێك) لەگەڵ کۆتایی کەسی (م. ی. ە. ین. ن. ن) وەکو: من خوێندکارم - تۆ خوێندکاری – ئەو خوێندکارە ...}[6]. یان هەندێ جار (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا لەبری ئەو دانراوە و بەکاری ناتەواو لەقەڵەم دراوە، {لەڕستەی – گوارەکەی نەسرین زێڕە - دا ناوی (زێڕ)

---

١ - ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، ل ٤٧.

٢ - عەبدوللاّ حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل ٤.

٣ - لە شوێنی خۆیدا باسی ئەوە دەکرێ کە مۆرفیمی ڕەگی کار لە چ کاتێ دەرناکەوێ.

٤ - ساجیدە عەبدوللاّ فەرهادی، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، ل ٣١-٣٢.

٥ - محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازوی بەراورد دا، ل١٧.

٦ - ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، دیالێکتەکانی زمانی کوردی، ل١٧.

تەواوکەری ڕاستەوخۆی فرمانی (ە)ی ناتەواوە}[1] یان بە کاری بێهێز دانراوە، (کرناژار - کاری بێ هێز-، وەك: شێرکۆ مامۆستایە. نەوزاد لە بازارە.)[2] بە بەراوردکردنی مۆرفۆفۆنێمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون) لەگەڵ ڕەگی هەمو چاوگەکانی تر لە زمانی کوردیدا، بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەمو کارەکان بە پێزتر و چالاکتر و بەهێزتر و تەواوترە، بە پێی ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- ڕێژەی بەکارهێنانی ڕەگی کارەکان بە پێی بابەتی نوسینەکە دەگۆڕێ، بەلام لە ئەنجامی ئامارکردنی چەندین وتار و دەقی نوسین تێکڕای ئەنجامەکان جیاوازییەکی زۆری بەکارهێنانی مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون) یان نیشان دەدا لەگەڵ ڕەگی چاوگەکانی تر، جێگەی سەرنجە لە هەمویان ڕێژەی بەکارهێنانی چاوگی (کردن) لە دوای (بون)ەوە دەهات. بۆ نمونە، لە وەرگرتنی لە خۆوەی لا پەڕێکی چڕو پڕی نوسین، کە لە (٧) ستونی وردی نوسینی ڕۆژنامەیی پێکهاتبو و پتر لە بابەتێکی لەخۆگرتبو،[3] ئەنجامەکە بەم شێوەیە دەرکەوت: ڕێژەی دوبارەبونەوەی ڕەگی (بـ)ی چاوگی {(هە)بون} - ١٤٩ جارە، ڕەگی چاوگی (کردن)- ٦٤ جارە، ڕەگی چاوگی (توانین) – ١٢ جارە، هەریەك لە ڕەگی چاوگی (هێنان) و چاوگی (دان) – ٩ جارە، ڕەگی چاوگی (بینین)- ٧ جارە، ڕەگی چاوگی (خستن) - ٦ جارە و هەندێ چاوگی تر بە ڕێژەی کەمتری جیاواز.

٢- مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون)، توانای خۆ گونجاندنی هەیە لەگەڵ فرێزە ناویەکان و هاوکاریکردنیان بۆ دروستکردنی ڕستەی جۆراوجۆر، بە واتای جیاواز، لە چوارچێوەی لە دەستنەدانی واتا گشتی و سەرەکیەکەی کە (هاتنەئارایی)یە و دەتوانرێ، بە مۆرفیمی (ئارایی)ش ناوببرێ:

| نمونەی ڕستە | واتای هاتنە ئارایی |
|---|---|
| منداڵەکە بو. | منداڵێك هاتە ئارا. |
| میوەکە بووە. | میوەیەکی گەییو هاتۆتە ئارا. |
| گەورە بێ، عاقل دەبێ. | مرۆڤێکی ژیر و هەراشی لێ دێتە ئارا. |
| ئەگەر دۆیەکە ترش بێ، دەیخۆمەوە. | ئەگەر ترشایەتی لە دۆیەکە لە ئارادا بێ. |
| کوردستان جوانە. | جوانی لە کوردستان لە ئارادایە. |

١ - عەبدوڵڵا شاڵی، د.عزالدین مصطفی، د.أمین علی، نوری علی امین، فریدون علی امین، علاءالدین سجادی، کمال محمود فرج و ابوزید مصطفی سندی، زمان و ئەدەبی کوردی، ل٧.

٢- صادق بهاءالدین ئامێدی، ڕێزمانا کوردی، ل ٤٤٨.

٣ - ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٣٨٣)، ل١٢.

٣- جگە لەوەی مۆرفیمی ( بـ ) وەکو سەرجەم ڕەگی کارەکانی تر بە شێوەیەکی ئاسایی دەردەکەوێ، بەلاّم جیا لە ڕەگی کارەکانی تر، هەندێ جار بە تایبەتی لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا، دەبێتە مۆرفیمی سفر ( Ø )[1] و دەرناکەوێ، بێ ئەوەی سەنگی واتایی خۆی لە دەستبدا، چونکە ( نابێ دەرنەکەوتبێ ئەو مۆرفیمەی دەبێتە سفر، ببێتە هۆی واتا گۆڕینی ڕستەکە. واتە، دوا ڕادەی بونە سفری مۆرفیمەکانیش تا ئەو کاتەیە، گوێگر لە مەبەستەکە دەگا، بەلاّم هەمو مۆرفیمێك لە ڕستەدا بواری ئەوەی نیە ببێتە سفر، بەڵکو لە هەر کۆمەڵەیەکی داخراودا ئەندامێك دەتوانێ ببێتە سفر. زۆربەی مۆرفیمە سفرەکان شێوەی ( ئەلۆمۆرف )ی دەرکەوتویان هەیە )[2] بەم پێیە لە گروپی ڕەگی کارەکاندا، کە ژمارەیان سنوردارە ڕەگی ( بـ ) تاکە ڕەگە دەتوانێ ئەم چالاکیە بەبێ دۆخێکی ناوێزە ئەنجام بدا. وەك:[3]

| ڕستە | فرێزی ناوەڵناوی | ڕەگی بون | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|
| من ژیرم | ژیر+ | Ø | Ø | م |
| تۆ ژیری | ژیر+ | Ø | Ø | ی |
| ئەو ژیرە | ژیر+ | Ø | ە | Ø |

٤- مۆرفۆفۆنیمی ( بـ )ی ڕەگی چاوگی [( هـە )بـون]، تاکە ڕەگێکی زمانە بتوانێ ڕستە لە هەمو دەمکاتەکاندا دروستبکا:

| دەمکات | ڕستە | فرێزی ئاوەڵناوی | م. کات | ڕەگی بون | م. کات | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئێستا | باشە | باشـ+ | -- | Ø | ە | Ø |
| داهاتو | باشبێ | باشـ+ | -- | بـ+ | ێ | Ø |
| ڕانەبوردو | باشەبێ | باشـ+ | ە+ | بـ+ | ێ | Ø |
| ڕابوردو | باشبو | باشـ+ | -- | بـ+ | و | Ø |
| ڕابوردوی بەردەوام | باشەبو | باشـ+ | ە+ | بـ+ | و | Ø |

٥- ڕەگی ( بون ) تاکە ئەندامی ڕەگی کارەکانە[4]، کە دەتوانێ ببێتە کاری سەرەکی و کاری یاریدەدەر:[5]

---

١ - محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل ١١.

٢ - عەبدوڵلاّ حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا، وشەی سفر و مۆرفیمی سفر، ل٢٠.

٣ - هەمان سەرچاوە، ل٢١.

٤ - ڕەگی کارەکانی ( هاتن )،( هێنان )،( کردن ) و ( خستن ) دەتوانن بە هۆی مۆرفیمی ( ە )ی بەستن کاری لێکدراو دروستبکەن. بۆ نمونە: هاتە/هێنایە/خستە... پێکەنین.

٥ - بڕوانە: ك.ك.کوردۆییێف، ڕێزمانی کوردی، ل٢٢٠

| ڕەگی بون وەك كاری سەرەكی ڕستە | ڕەگی بون وەك كاری یاریدەدەری ڕستە |
|---|---|
| دەسپێكی ڕا پەڕین لە ڕانیە بو. | كوردستان ئازاد كرابو. |
| كوردستان سەربەخۆ دەبێ. | دایكی عیسا شوی نەكردبو. |
| كامپی زانكۆ تەواو بوایە! خۆش دەبو. | ماستەكە ترش بو بو. |

٦- مۆڕفیمی ( بـ )ی ئارایی، واتە، ڕەگی چاوگی ( بون )، تاكە ڕەگێكە بتوانێ ببێتە پێشگر ( بـ- )، پاشگری ( -بـ )، یان پێشگر و پاشگر ( -بـ- ) لەگەڵ كاری سەرەكیی ڕستەدا:[1]

| ( بـ- ) وەكو پێشگر | ( -بـ- ) وەكو پێشگر و پاشگر | ( -بـ ) وەكو پاشگر |
|---|---|---|
| بخوێنێ | بیا نخوێندبا | خوێندبێ |
| با بڕوا | بڕۆیشتبا | ڕۆیشتبو |
| بنوسە | بتانوسیبایە | نوسیبو |

٧- جگە لەوەی كە ئەم مۆڕفیمە تاكە ڕەگێكە بتوانێ ڕەگی كاری سەرەكیی ڕستە بگۆڕێ بۆ فەرماندان و داخوازی و خۆزگەیی .... هەروەها دەشتوانێ لە هەندێ دۆخی دیاركراودا ببێتە مۆڕفیمێكی خۆشەكی ( Optional )[2]:

| ڕستەی فەرماندان | ڕستەی داخوازی | ڕستەی خۆزگەیی |
|---|---|---|
| بخوێنە | بخوێنێ | بخوێندایە |
| بكێڵە | بكێڵێ | بكێڵایە |
| بچێنە | بچێنێ | بچاندایە |

بەلام ئەگەر پێشگرێكی تر هەبێ مۆڕفیمی ( بـ- ) دەتوانێ بسوێ و دەرنەكەوێ، وەك:

هەڵ( بـ )ـگرە  هەڵ( بـ )ـگرێ  هەڵ( بـ )ـگرتایە

دا( بـ )نیشە  دا( بـ )نیشێ  دا( بـ )نیشایە

ئەگەر لە ڕوی زمانەوانیەوە سەرنجێكی ورد، لەم دۆخانەی مۆڕفیمی ( مۆڕفۆفۆنێمی ) ( بـ )ی ڕەگی چاوگی ( بون ) بدرێ، گومان لەوەدا نامێنێ، جگە لەوەی كە پتر لە توێژینەوەیەك لە لقەكانی زانستی زمان هەڵدەگرێ و لە هەمو نمونەكانیشدا واتا سەرەكی و گشتیەكەی خۆی وناكا، كە واتای ( هاتنەئارایی )یە بە هەمو دەمكاتەكانیەوە. بۆیە بە پێویست زانرا لە ژێر تیشكی ئەو واتا گشتیە ئەم توێژینەوەیەی لە ئاستی ڕستەسازیەوە بۆ تەرخانبكرێ.

---

١ - ئاواز حمە صدیق بەگیخانی، ڕێزبونی كەرستە لە زمانی كوردیدا، ل٣٦.

٢ - ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی كوردی، ل١٧٣.

# بەشی یەکەم

# بەشی یەکەم

## گروپی ئارایی و پێگەی لە ڕستەدا

### ١.١: بەندی یەکەم: ڕەگی کار و مۆڕفیمی ئارایی:

زمانی مرۆڤ پێشکەوتوترین هۆکاری پەیوەندیکردنە[١]، گرنگترین کەرەستەی پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤەکانە.[٢] ئەو هۆکارەش پێکهاتوە لە دەنگ و واتا.[٣] ڕێچکەگرتنی ڕیزبونی دەنگ و واتاکانیش لە هەر زمانێکدا، لە شێوازێکدا مەبیوە کە بوەتە دەستور یا ڕێزمانی ئەو زمانە. بەم پێیە سێ کۆڵەکە سەرەکیەکەی زمان بریتین لە دەنگ و واتا و دەستور.[٤] لە زماندا دەنگەکان بێ واتان و واتا هەڵدەگرن. ئەو زنجیرە دەنگەی بچوکترین واتا هەڵدەگرێ ناونراوە (مۆڕفیم). بە شێوەیەکی تر (مۆڕفیم ـ بچوکترین دانەی واتاداری زمانە)[٥]. جە نجاڵیی ژیان و بەردەوام پێشکەوتن و فراوانبونی شارستانیەت زمانی ناچار کردوە گۆڕانی بەسەردا بێ و زۆرترین یەکە واتاییەکان لە کەمترین یەکە دەنگیەکان باربکرێن (بۆ ئەوەی زمانەکە ئاسانتر بکات و وزە پارێز بێ).[٦] ئەمە سروشتی زمانەکانە (زمانی کوردیش وەك هەر زمانێك لە هەر سات و شوێنێکدا بوبێ، بەردەوام لە گۆڕاندا بوە و پەرەی سەندوە، ڕوەو ئاسانی دەربڕین و کورتبونەوە چوە. کورت بونەوەی زمانی کوردی بە زۆری لە چوار ڕێگەوە بوە: کرتانی دەنگ و وشەکان و لێکدانی دەنگ و وشەکان. ڕادەی کورت بونەوەی زمان لە هەر زار و شێوەزارێکدا لە سەر ڕادەی ئاستی شارستانیەتی وەستاوە)[٧]، تەنانەت ئەگەر بلوێ هەندێ جار یەکە دەنگیەکە دەسوێ و واتاکە، مۆڕفیمی سفر (Zero morpheme) پێکدەهێنێ. (مەبەست لە سفر فۆڕمی بێ واتا یا مۆڕفیمی بەتاڵ نیە، چونکە لە زماندا - جگە لە ئاستی دەنگسازی- هیچ فۆڕمێکی بێ واتا یا مۆڕفیمێکی بەتاڵ نیە و مەبەستی زمان لە دروستکردن و بەکارهێنانی فۆڕمەکان (وشە، مۆڕفیم، ئامراز...) گواستنەوەی واتایە. بەڵکو مەبەست لە سفر ئەو فۆڕمانەن کە بە واتا (ناوەرۆك) بەشداری داڕشتنی ڕستە دەکەن، بەڵام بە قاڵبی دەنگی (ڕوخسار) بەشداری ناکەن، واتە، لە ناو ڕستەکەدا واتا دەگەیێنن، بەڵام قالبێکی فیزیکی (دەنگ یا نوسین) یان لە ئاستی سەرەوەی ڕستە دەرناکەوێ)[٨]. ئەگەر لە هەر گروپێکدا پتر لە ئەندامێك ببێتە مۆڕفیمی سفر، ئەوە لێڵواتایی دروستدەبێ. بۆیە بە شێوەیەکی

---

١- بڕوانە: محمد معروف فتاح، زمانەوانی، ل٩.

٢ - غازی عەلی خورشید، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، ل١٧.

٣- موفق الحمدانی، اللغه و علم النفس، ل٧.

٤- ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ل١٣.

5 -Bloom Field, Language, P178..

٦ - محمد معروف فتاح، زمانەوانی، ل١١٩.

٧- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، مێژووی شێوەزاری گەرمیان، ل٢١.

٨- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا، وشەی سفر و مۆڕفیمی سفر، ل ١٦ – ١٧.

گشتی تەنیا یەك ئەندام لە هەر گروپێکدا، بۆ نمونە: وەك لە (گروپی ڕاناوی لکاو، کە کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن چالاکترین ئەندامە و لە گروپی ڕەگی کارەکانیش ڕەگی چاوگی ـ بون ـ لە هەمو ڕەگی کارەکان چالاکترە...)[1] کە بۆیان هەیە بسوێن و دەرنەکەون، وەکو مۆرفیمی سفر خۆیان بنوێنن. (مەرجێکی گشتی و سەرەکی بونە سفر ئەوەیە، نابێ دەرنەکەوتنی ئەو وشەیەی دەبێتە سفر، کار لە واتای ڕستەکە بکا. واتە، دوا ڕادەی بونە سفری وشەکان تا ئەو کاتەیە، گوێگر لە مەبەستەکە دەگا)[2].

ڕەگی کار ئەو مۆرفیمە تەوەرەییەیە، کە تەوەرەی کارەکەیە و واتای کردارەکە دەدا. سادەترین چاوگ پێکهاتوە لە ڕەگی کار، مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (نیشانەی چاوگ) و نونی چاوگ، وەك لەم خشتەیەدا:

| ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | نونی چاوگ | چاوگ | جۆری چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| سوتـ | ا | ن | سوتان | چاوگی ئایی |
| کەو | تـ | ن | کەوتن | چاوگی تایی |
| خز | یـ | ن | خزین | چاوگی یایی |
| مر | د | ن | مردن | چاوگی دالی |
| بـ | و | ن | بون | چاوگی واوی |

بە لادانی نونی چاوگە تێنە پەڕەکان فۆڕمی چاوگەکە دەگۆڕێ و دەبێتە کار، چونکە ئەندامە چالاکەکەی گروپی ڕاناوی لکاو، کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن، وەك مۆرفیمی سفر شوێنی دەگرێتەوە و دەبێتە فرێزی ناویی کارەکە:

| ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | کەسی سێیەمی تاك | کاری ڕابوردو |
|---|---|---|---|
| سوتـ+ | ا | Ø | سوتاØ |
| کەو+ | ت | Ø | کەوتØ |
| خز+ | ی | Ø | خزیØ |
| مر+ | د | Ø | مردØ |
| بـ+ | و | Ø | بوØ |

١-عەبدوللا حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا، وشەی سفر و مۆرفیمی سفر، ل٢٠-٢٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

بەم پێیە چاوگ و کار لە زمانی کوردیدا لە سادەترین شێوەیاندا ناسادەن و چاوگ و کاری سادە لە ئارادا نینە.[1] ئەوەی مەبەستە مۆرفیمی (بـ)ـی ڕەگی چاوگی (بون)ـە، کە واتای سەرەکیی کارەکەی لەسەر بەندە. بە بەراوردکردنی واتای ئەم ڕستانەی خوارەوە، هەوڵدەدەین واتای مۆرفیمی (بـ)مان بۆ دەربکەوێ:

لە کاتی ڕابوردودا[2]:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| منالەکە بو | لە دایك بو | / | منالێك هاتەئارا. |
| میوەکە بو | پێگەیی | / | میوەیەکی گەییو هاتەئارا. |
| چایەکە بو | کولا | / | چایەکی کولاو هاتەئارا. |

لە کاتی ڕانەبوردودا:

| | | | |
|---|---|---|---|
| منالەکە دەبێ | لە دایك دەبێ | / | منالێك دێتەئارا. |
| میوەکە دەبێ | پێدەگا | / | میوەیەکی گەییو دێتەئارا. |
| چایەکە دەبێ | دەکولێ | / | چایەکی کولاو دێتەئارا. |

لە کاتی ئێستادا (فەرماندان):

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پیاو بە | / | پیاوانە ڕەفتار بکە | / | پیاوەتی لەخۆتدا بهێنە ئارا. |
| باشبە | / | بە باشی ڕەفتار بکە | / | باشی لە خۆتدا بهێنە ئارا. |
| خێرابن | / | خێرا بڕۆن | / | خێرایی لە ڕۆیشتنەکانتاندا بهێننە ئارا. |
| وشیاربن | / | وشیارانە ڕەفتار بکەن | / | وشیاری لە خۆتاندا بهێننە ئارا. |

{واتای چاوگی (بون) لە هەمو چاوگێك گشتی ترە و (هاتنەئارایی) ئەگەیێنێ. (توخمێك بو)، واتە: (توخمێك هاتەئارا). (توخمێك ئەبێ)، واتە: (توخمێك ئەهێتەئارا)...هتد.}[3].

هەندێ جار مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون) دەچێتە سەر کارێکی تر و هەمان ئەرکی ئارایی ئەنجام دەدا و دەبێتە واتای هێنانە ئارای ئەو کردارە لە فرێزە ناویەکەدا.

بۆنمونە ئەگەر بەوردی بەراوردی ئەم ڕستانە بکەین، جیاوازیی واتاکانیان پتر مەبەستەکەمان گەلالە دەکا:

| | |
|---|---|
| دەڕوا: کرداری ڕۆیشتن ئەنجام دەدا. | بڕوا: کرداری ڕۆیشتن بهێنێتە ئارا / ئەنجام بدا. |
| دەخەون: کرداری خەوتن ئەنجام دەدەن. | بخەون: کرداری خەوتن بهێننە ئارا / ئەنجام بدەن. |
| دەنوسێ: کرداری نوسین ئەنجام دەدا. | بنوسێ: کرداری نوسین بهێنێتە ئارا / ئەنجام بدا. |
| دەخوێنین: کرداری خوێندن ئەنجام دەدەین. | بخوێنین: کرداری خوێندن بهێنینە ئارا / ئەنجام بدەین. |

---

١- محمد معروف فتاح، کار پۆلین کردن بە پێی ڕۆنان، ل٤٠.

٢- عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١٧٣

٣- هەمان سەرچاوە، ل١٧٢.

کەواتە {چەمکی کار بە تەنیا ئەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی کارەکە، واتە: چەمکی ئارایی ئەگەڕێتەوە بۆ مۆرفیمی (بـ). (هاتنەئارایی) چەمکێکی درشت و گشتیە، ئەتوانرێ بە پێی فریزەکە لێك بدرێتەوە و واتای تایبەتیی دەستنیشان بکرێ}[1]. بەم پێیە، مۆرفیمی (بـ) ڕەگی (بون) واتای (هێنانە ئارا)ی کردارەکە بە ڕستەکە دەبەخشێ.

کەواتە، واتا وردو سەرەکیەکەی مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون) تەنیا (هاتنەئارایی)یە و ئەگەر بکەوێتە پێش ڕەگی کارێکی تر واتاکەی دەبێتە (هێنانەئارایی). بۆیە جیاوازی نیە لە نێوان دەستەواژەی (ڕەگی چاوگی بون) و (مۆرفیمی هاتنە ئارایی)، چونکە مەبەست لە هەردوکیان هەر مۆرفیمی (بـ)ـە، بەهەمان واتاوە. توانای خۆگونجاندنی (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی لە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی و بەهێزی واتا گشتیەکەی، وای لەم مۆرفیمە کردوە، ڕۆڵێکی فراوانتر ببینێ لە سەرجەم ڕەگی کارەکانی تر. دەتوانێ، لە ڕستەدا ببێتە ڕەگی کاری سەرەکی یان لاوەکی (کاری یاریدەدەر) یان هەردوکیان. جگە لەمەش دەتوانێ، وەکو پێشگر یا پاشگری کارەکان وەکو مۆرفیمی ئارایی ڕۆڵێکی واتایی گرنگ ببینێ، کە لە هەر بەشێکی ئەم توێژینەوەیەدا پتر بایەخی ئەم مۆرفیمەمان بۆ ڕوندەبێتەوە. بۆیە ناوهێنانی بە مۆرفیمی ئارایی یان ڕەگی بون هەمان مەبەست دەگەیێنێ، چونکە لە هەمو ئەرکەکانیدا هەمان واتای ئارایی دەبەخشێ و هەر ئەو واتایەش وایکردوە ئەم هەمو ڕۆڵە ببینێ.

## ١.١.١: بون و هەبون:

کاتێ پێشگری (هە) کە پێچەوانەی پێشگری (نە)یە دەچێتە سەر چاوگی (بون) واتایەکی نوێ بە چاوگەکە دەبەخشێ، کە خاوەنداریێتیە:

| لە دۆخی نەرێدا | | لە دۆخی ئەرێدا | |
|---|---|---|---|
| لەئارادانەبون | نەبون | لەئارادابون | هەبون |
| لەئارادانەبو | نەبو | لەئارادابو | هەبو |
| لەئارادانەبێ | نەبێ | لەئارادابێ | هەبێ |
| لەئارادانیە | نیە | لەئارادایە | هەیە |

چاوگی [(هە)بون] {پێك هاتوە لە مۆرفیمی خاوەنداری (هە) و ڕەگی (بـ) و مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) و (ن)ی چاوگ، بەڵام لەبەر گشتیەتی واتای ڕەگەکەی (بـ = هاتنە ئارایی) کە واتای گۆڕانی ئارایی شتێك (هاتنە ئاراییێکی نوێ) دەدا، لە ڕەوتی ئاخاوتندا واتای تایبەتی جۆراوجۆر دەگەیێنێ}[2].

---

١-عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١٧٣.

٢- عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی بوون و هەبوون لە کوردیدا، ل١٨.

به شێوەیەکی گشتی ئەو چاوگانەی ناکرێن بە بکەرنادیار چاوگی تێنە پەڕن. (بـــ)ی ڕەگــی چــاوگی بونیش بە هەردو شێوەکەیەوە (بون) و [(هە)بون] لەبەر ئــەوەی نــابن بــە بکــەرنادیار ڕەگێکــی تێنە پــەڕە. {(بون) و [(هە)بون] هەر یەك چاوگن و جیاوازییان لــە ئــە نجامی هــاتنی پێشــگری (هــە) دروســت دەبــێ. [(هە)بون] بە هەمو شێوە و فۆڕمەکانیەوە چاوگێکی تێنە پــەڕی بەرکاریــە. هــەرگیز [(هــە)بــون] ناکرێتــە بکەرنادیار.}[1]. بە هەمان شێوە چاوگی [(هە)بون] بە هۆی پاشگری (اندن) ناکرێتە تێپەڕ و ناوی بکەر (إسم فاعل)ی لێ دروستناکرێ، چونکە تێنە پــەڕی بەرکاریــە (Objective intransitive verb). بەنــدبونی واتـای سەرەکی هەر کردارێك لەسەر ڕەگی کارەکە، وای لە واتـای گشتیی چاوگی (بون) کردوە کــە بــە هــەمان چەمکی هاتنەئارایی چەندین ڕۆلی جۆراوجۆر بە شێوەیەکی سەرەکی بێ یان لاوەکی ببینێ.

## ٢.١: بەندی دوەم: ڕستەی ئارایی و دەمکاتەکانی:

مەبەست لە ڕستەی ئارایی ئەو ڕستانەن مۆرفیمی ئــارایی واتــە، (بـــ)ی ڕەگــی چــاوگی بــون ڕۆلــی سەرەکیی یان لاوەکییان تیادا دەبینێ. لەو ڕستانەدا کە مۆرفیمی ئارایی ڕۆلــی ســەرەکییان تیــادا دەبــینێ، خۆی دەبێتە کاری سەرەکیی ڕستەکە (Main verb). لەو ڕستانەشدا کە مۆرفیمی ئــارایی ڕۆلــی لاوەکییــان تیادا دەبینێ، خۆی دەبێتە کاری یاریــدەدەر (Auxiliary verb). (کاتێــك ـ بــون ـ بــە تــەنیا ئەبێتــە فرێزی کاری و بەرامبەر فرێزێکــی نــاوی ئەوەســتێ، خــۆی ئەبێتــە کــاری ســەرەکیی ڕســتە و وەکــو کــارێکی تێنە پەڕی بەرکاری ڕەفتار ئەکا و ئەتوانێ لە هەمو کاتەکاندا ڕستە دروست بکــا)[2]. مــۆرفیمی ئــارایی تاکــە ڕەگێکە لە زمانی کوردیدا بتوانێ لە هەمو دەمکاتەکاندا (Tense) ڕستە دروستبکا، واتە، جگە لە دەمکاتــە ئاساییەکانی ڕەگەکانی تر، کە ڕابوردو و ڕانەبوردون، ئەم ڕەگــە دەتــوانێ لــە دەمکــاتی ئێســتا و دەمکــاتی داهاتو ڕستە دروستبکا، کە سەرجەم ڕەگەکانی تر ناتوانن:

### ١.٢.١: دەمکاتی ڕانەبوردو:

ڕانەبوردو ئەو کاتەیە کە ڕاستەوخۆ لە دوای ڕابوردو دەستپێدەکا. واتە ئێستا و داهاتو دەگرێتەوە:

| دەمکاتە درشتەکان | ڕابوردو | | ڕانەبوردو | |
|---|---|---|---|---|
| دەمکاتە وردەکان | ڕابوردوی دور | ڕابوردوی نزیك | ئێستا | داهاتو |
| مۆرفیمەکانی کات | (ا/ی/ت/د/و) +بو | ا/ی/ت/د/و | ە / Ø | ێ / Ø |

١- عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی بوون و هەبوون لە کوردیدا، ل١٣٤.

٢- عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١٧٣- ١٧٤.

کەواتە ڕستە لە ڕانەبوردودا جگە لە ڕەگی کار و ڕاناوەکان ( فریزی ناوی ) دو مۆرفیمی کاتیش دەگرێتە خـۆی، کە مۆرفیمی کاتی ئێستا و کاتی داهاتون. ( کاتی ڕانەبوردو لە ئە نجامی بەیەکەوە هـاتنی مـۆرفیمی کـاتی ئێستا ( ە ) و مۆرفیمی کاتی داهاتو ( ێ / Ø ) دروست ئەبێ و ماوەی ئە نجامدانی ئێستا بەرەو داهـاتوە، واتـا دەشێ، ئێستا ڕوبدا، یا دوای ئێستا بە هەر ماوەیەك بێ ).[١] یاسای ڕۆنانی دەمکـاتی ڕانـەبوردو لـە چـاوگی ( بون )دا وەك هەر چاوگێکی تێنە پەڕی تر بەم شێوەیە :

مۆرفیمی کاتی ئێستا ( ە ) لەگەڵ ڕەگی کار ( بـــ ) لەگـەڵ مـۆرفیمی کـاتی داهـاتو ( ێ / Ø ) لەگـەڵ ڕاناوی لکاو لە دەستەی ڕێککەوتن ( م / ی / Ø / ین / ن / ن ):

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ( د/ئـ )( ە ) + ( بـ ) + ( ێ / Ø ) + | م | ( د )ەبـØم | | ( بە/ـە ) مامۆستا. |
| | ی | ( د )ەبـØی | ( ت ) | |
| | Ø | ( د )ەبـێØ | ( ت ) | |
| | ین | ( د )ەبـØین | | |
| | ن | ( د )ەبـØن | | |
| | ن | ( د )ەبـØن | | |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا سەرنجی چەند تێبینیەك دەدرێ:

١- لە هەمو کەسەکاندا دەنگی ( د ) دەکەوێتە پێش مۆرفیمی ( ە )ی کاتی ئێستا. ئەو دەنگـە دیاردەیـەکی فۆنۆلۆجیە و پەیوەندیی بە کاتی ئێستاوە نیە و لە شێوە ئاخاوتنی هەندێ ناوچەی وەك شـارەزور و سۆران، لە ئارادا نیە و لە بری ئەوە دیاردەیەکی تری فۆنۆلۆجی سـەرهەڵدەدا ئـەویش پەیـدابونی دەنگی ( ئـ ) هەمزەیە لە پێش دەنگە بزوێنی ( ە )ی سەرەتا.[٢]

٢- لە هەمو ڕستەکاندا ( مامۆستایەتی ) لە فریزە ناویەکە دێتە ئارا.

٣- لە هەمو کەسەکاندا جگە لە کەسی سێیەمی تاك مۆرفیمی کاتی داهاتو دەسوێ و دەرناکەوێ، چونکە لە هەمویان ڕاناو دەرکەوتوە و لە کەسی سێیەمی تاکدا ڕانـاو دەرنەکـەوتوە، بۆیـە مـۆرفیمی ( ێ )ی کاتی داهاتو دەرکەوتوە.[٣]

٤- لە کەسی دوەم و سێیەمی تاکدا وەك دیاردەیەکی فۆنۆلۆجی دەنگی ( ت ) وەك ناوبڕێـك دەردەکـەوێ، کە لە دۆخەکانی ( دەبێ ( ت ) بە / ـە مامۆستا ) و ( دەبێ ( ت ) بە مامۆسـتا ) خۆشـەکیە ( إختیـاری )،[٤]

---

١- عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١١٩.

٢- نەبەز فتاح بابەکر، سیما تایبەتیەکانی شێوەزاری خۆشناوتی، ل٦٣.

٣- عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١١٧.

٤ – مەسعوود محەمەد، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، ل١٠٩.

که دانەنانی پەسەندترە بۆ کەمتر بـەفێرۆدانی کـات و وزە، بـەڵام لـە دۆخـی ( دەبێتـە مامۆسـتا ) زۆرەکیە ( إجباری ) چونکە پێش و پاشی دەنگی ( ت ) بزوێنی تەواون و نیمچە بزوێنیـان تیـادا نیـە. نەبونی نیمچە بزوێن لەم نێوەندەدا ئەو ناوبڕە دەکا بە زۆرەکی.

٥- بواری ئەنجامدانی ئەم کارە لە دەمکاتی ڕانەبوردودا، ئێستا و داهاتو دەگرێتـەوە، چـونکە هـەردو مۆرفیمی کاتی ( ە )ی ئێستا و ( ێ/Ø )ی داهاتوی تیادایە.[1]

ئەگەر سەرنجی ( هەبون ) بدرێ لـە دەمکـاتی ڕانـەبوردودا دەبینـرێ، وەکـو هـەر کـارێکی تێنە پـەڕ دادەڕێژرێ:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| من | خانوم | دەسوتێ. | | ئێمە | هەمومان | دەمرین. |
| | منداڵەکەم | دەگریێ. | | | هەندێکمان | دەخەوین. |
| | پارەم | دەبێ. | | | سامانمان | دەبێ. |
| تۆ | پێت | دەخلیسکێ. | | ئێوە | سەرتـان | دەسوڕێ. |
| | پێنوست | دەشکێ. | | | بـارتـان | دەکەوێ. |
| | خانوت | دەبێ. | | | مافتان | دەبێ. |
| ئەو | ماڵی | دەڕمێ. | | ئەوان | بیریان | دەشێوێ. |
| | ورەی | دەڕوخێ. | | | چاویان | دەتروکێ. |
| | چارەی | دەبێ. | | | کێشەیان | دەبێ. |

بەڵام تاکە جیاوازیی ( هەبون ) لەگەڵ گروپەکەی خۆی، لەم خاڵانەدا دەردەکەوێ:

١- چاوگی [( هە )بون] بەهۆی پاشگری ( اندن ) ناکرێ بە تێپەڕ.

٢- دەتوانرێ لە [( هە )بون]دا فرێزە ناویەکە بە ڕاناوەکەوە لـە بچـوکترین ڕسـتە ( یـەك وشـەیی ) کـۆ بکەینەوە، وەك ( دەمبێØ، دەتبێØ، دەیبێØ، دەمانبێØ،... هتد ).

٣- دەمکاتی ڕانەبوردو لە فۆرمی [( هە )بون] دروستناکرێ ( دەهەبێ* )، لە دەمکـاتی ڕانـەبوردودا هـەر دەبێتەوە ( بون ) و دەبێتەوە ( دەØبێØ )، یان بە شێوەیەکی تر دەتوانرێ بوترێ لە کـاتی هـەبونی پێشگری ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستا پێشـگری ( هــە ) دەسـوێ و نـامێنێ. ئەمـەش هـۆی ئەوەیە لـە

---

١- عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١١٩.

بنەڕەتدا (بون) و [(هە)بون] هەمان چاوگن و لە [(هە)بون]دا مۆرفیمی (هە) واتــای خاوەنــداریێتی دەخاتە سەر واتای ئارایی.

## ٢.٢.١: دەمکاتی ئێستا:

ئێستا ئەو دەمکاتەیە کە ئاماژە بەو شتانە دەکا لە دەمی ئاخاوتندا لە ئارادان. ئەم جــۆرە ڕســتانە (تەنیا مۆرفیمی کاتی ئێستایان تیادایە. بواری ڕودانی ئەم جۆرە کارانە دەمی ئاخاوتنــە، واتــە، لــە دەمــی ئاخاوتندا ڕودانی کارەکە لە ئارادایە و ئەمەش ئەوە ناگەیێنیٚ، کە پێشــتر کارەکــە ڕوینــەداوە یــان دواتــر ڕونادا، چونکە مەبەستی ڕستەکە تەنیا کاتی ئێستایە. ئەم جۆرە ڕستانە تەنیا لەگەڵ ڕەگی - [(هــە)بــون] - دروست دەبن)[1]. لە دەمکاتی ئێستادا پتر هێز و توانای مۆرفیمی ئاراییمان بۆ دەردەکەوێ، بەوەی ڕەگی هــیچ کارێکی تر ناتوانیٚ، لە ڕستەدا دەمکاتی ئێستا دروستبکا:

| فرێز | ڕەگی بون | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی لکاو | ڕســـــــــتــــە |
|---|---|---|---|---|
| کورد | Ø | Ø | م | کوردØØم |
| چالاکـ | Ø | Ø | ی | چالاکـØØی |
| ژیر | Ø | ە | Ø | ژیرØەØ |
| ئێمە | Ø | Ø | ین | ئێمەØØین |
| ئەوان | Ø | Ø | ن | ئەوانـØØن |

ئەم ڕستانەی سەرەوە سەرنجمان بۆ ئەم تێبینیانەی خوارەوە کێشدەکەن:

١- تەنیا ڕەگی کاری بون دەتــوانیٚ ڕســتەی کــاتی ئێســتا دروســتبکا، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ واتــا گشتیەکەی هاتنەئارایی کە بوارێکی واتــایی فراوانــی پــیٚ بەخشــیوە و لــە هــەمو ڕەگــەکانی تــر چالاکتری کردوە.

٢- لە دەمکاتی ئێستادا مۆرفیمی ئارایی واتە(بـ)ی ڕەگی بــون دەرناکــەوێ (چــونکە ئەگــەر دەرکــەوێ، ڕستەکە لە ڕستەی هەواڵدان دەگۆڕیٚ بۆ ڕستەی داخوازی، یان لــە کەســی ســێیەمی تــاکــدا ڕســتەکە دەبێتە ڕستەی فەرماندان بۆ کەسی دوەمی تاك.)[2]، هەروەها جگە لە کەسی سێیەمی تــاك لــە هــەمو کەسەکانی تردا مۆرفیمی کاتەکە دەگۆڕیٚ بۆ داهاتو کە (ێ)یە و دەرناکەوێ. ئەگەر (بــ) دەربکــەوێ ڕستەکانی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیان لیٚدیٚ:

---

١- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، ل١١-١٢.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٢.

| فریز | ڕەگی بون | مۆرفیمی کات | ڕاناوی لکاو | ڕســـــتــــە | جۆری ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| کورد | بـ | Ø | م | کوردبـØم | داخوازی |
| چالاك | بـ | Ø | ی | چالاکبـØی | داخوازی |
| ژیر | بـ | ە | Ø | ژیربەØ | فەرماندان |
| ژیر | بـ | ێ | Ø | ژیربێØ | داخوازی |
| ئێمە | بـ | Ø | ین | ئێمەبـØین | داخوازی |
| ئەوانـ | بـ | Ø | ن | ئەوانـبـØن | داخوازی |

٣- ئەگەر لە ڕوی واتـاییەوە بەراوردی ئەم دو کۆمەڵە ڕستانەی سەرەوە بکەین، هەست بەوە دەکەین، کـە لە کۆمەڵەی یەکەمدا بەهۆی بونی تەنیا مۆرفیمی کاتی ئێستا فرێزە ناویەکە ئێستا لـە ئارادایـە و بونی هەیە، بەبێ گوێدانە ڕابوردو یا داهاتو. ڕۆڵی گرنگ و تایبەتی مـۆرفیمی ئـارایی لـەم جـۆرە ڕستانەدا لەوەدایە کە توانای دەرنەکەوتن ( بە سفر بون )ی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵەی دوەمدا بـەهۆی دەرکەوتنی مۆرفیمی ئارایی مۆرفیمی کاتەکە دەبێتە ( Ø/ێ )ی داهاتو و بەمەش واتاکەی دەگۆڕێ بـۆ مەرجی ( داخوازی ). تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبێ، ئەگەر مۆرفیمی کاتی ئێسـتا بمێنێتـەوە، ڕستەکە دەبێتە فەرماندان بۆ کەسی دوەمی تاك، بەڵام ئەگەر وەکو ڕستەکانی تر کەسەکە نـەگۆڕین و هەر کەسی سـێیەمی تـاك بـێ، مـۆرفیمی ( ێ )ی داهـاتو دەردەکـەوێ و ڕسـتەکە دەبێتـە مـەرجی ( داخوازی ).

٤- ئەگەر ڕاناوێکی لکاوی دەستەی خاوەنی بکەوێتە دوای ( هە ) لە چاوگی هەبونـدا ئـەم ڕانـاوە ڕۆڵـی بکەری و بەرکاری نابینێ، بەڵکو تەنیا ڕۆڵی دیارخەری ( خاوەنێتی ) دەبینێ. واتە، ئـەو توخمـەی لە ئارادا هەیە، خاوەندارە و لێرەدا کارەکە هەرگیز نابێتە تێپەڕ [1].

| ڕستە | ف ن | پێشگر | دیارخەر | ڕەگ | مۆرفیمی ئێستا | توخم ( ڕاناو )[2] | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەمە | Ø | هە | مـ | Ø | ە | Ø | |
| هەتانە | Ø | هە | تان | Ø | ە | Ø | |
| هەیە | ــ | هە | ــ | Ø | ( یـ ) ناوبڕ+ ە | Ø | |
| هەیەتی | ــ | هە | ← | Ø | ( یـ ) ناوبڕ+ ە | ( تـ )ناوبڕ+Ø | ی |
| | | | ← | ← | ← | ← | |

١- عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی بون و هەبون لە زمانی کوردیدا، ل٣٩-٤٣.

٢- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، ل١٣.

## ١.٢.٣ : دەمكاتی ڕابوردو :

ڕابوردو ئەو كاتەیە كە پێش ئێستا، واتە، بەر لە دەمی ئاخاوتن ڕویداوە. دەمكاتی ڕابوردو دابەشی چەند بەشێك كراوە :

### ١.٢.٣.١ : ڕابوردوی نزیك :

ئەم دەمكاتە بە شێوەیەكی گشتی ئاماژە بەو شتانە دەكا، كە بەر لە دەمی ئاخاوتن هاتونەتە ئارا، بەڵام بۆ جیاكردنەوە لە ڕابوردوی دور بە ڕابوردوی نزیك ناونراوە، هەندێ جاریش پێی وتراوە ( ڕابوردوی سادە )[١]، چونكە تەنیا یەك مۆڕفیمی كاتی ڕابوردوی تیادایە. فۆڕمی داڕشتنی بەم شێوەیە :

| ڕەگی كار | مۆڕفیمی ڕابوردو | ڕاناوی لكاو | ڕەگی كار | مۆڕفیمی ڕابوردو | ڕاناوی لكاو |
|---|---|---|---|---|---|
| بـ | و | م | بـ | و | ین |
| بـ | و | ی | بـ | و | ن |
| بـ | و | Ø | بـ | و | ن |

لەم نمونانەدا واتای ( هاتنە ئارایی ) لە مۆڕفیمی ( بـ )ی ڕەگی كاردا، بە ئاشكرایی دیارە، بۆنمونە، كە دەڵێی ( من بوم ) واتە ( من هاتمە ئارا )، بەڵام كە دەڵێی ( من بوم بە مامۆستا ) واتە ئاراییەك لە مندا گۆڕا، یا شتێكی تر لە مندا هاتە ئارا كە مامۆستایەتیە.

بە هەمان شێوە، كە دەوترێ ( ئازاد هەبو ) واتە ( ئازاد لە ئارادا بو )، بەڵام كە دەوترێ ( ئازاد خانوی هەبو ) واتە ( خانو لای ئەو لە ئارادا بو ).

### ٢.١.٢.٣ : ڕابوردوی بەردەوام :

لەم دەمكاتەدا ڕەگی كار دو مۆڕفیمی كات وەردەگرێ: مۆڕفیمی كاتی ئێستا ( د- ) وەكو پێشگر و مۆڕفیمی كاتی ڕابوردو ( -و ) وەكو پاشگر، بۆیە بواری كاركردنی لە ڕابوردو دەستپێدەكا تاكو ئێستا و لە ئێستادا دەوەستێ. ( ئەوەی شایانی باسە، تەنیا مۆڕفیمی كاتی ئێستا لە مۆڕفیمەكانی كات دەتوانێ، ببێتە پێشگر ( -د )، كە ڕەنگە، دەنگی ( د )ی وەك دیاردەیەكی فۆنۆلۆجی كوردی بكەوێتە پێش و ئەگەر ئەو دەنگە

١- هەندێ لە توێژینەوە و سەرچاوەكانی ڕێزمانی كوردی بەم شێوەیە ناویان هێناوە لەوانە :

أ- كامیل حەسەن بەسیر، كوردستانی موكریانی، سادق بهائەددین ئامێدی، حەمەئەمین هەورامی، زارە كوردی یەكان، ل١٦.

ب- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختەیەكی وردی ڕستەسازیی كوردی، ل٧

پ- ك. ك. كوردۆییێف، ڕێزمانی كوردی، ل٢٣٦.

نەبو، وەك هەر دەنگە بزوێنێکی سەرەتا دەنگی هەمزە (ئـ)ی لە پێش دروست دەبێ[1]. فـۆڕمی دروسـتبونەکەی بەم شێوەیە:

| مۆرفیمی ئێستا | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو | کەسەکان |
|---|---|---|---|---|
| (د/ئـ)ە | بـ | و | م / ین | کەسی یەکەم |
| (د/ئـ)ە | بـ | و | ی / ن | کەسی دوەم |
| (د/ئـ)ە | بـ | و | Ø / ن | کەسی سێیەم |

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم نمونانەی سەرەوە بدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەکارهێنانی ئـەم فۆڕمـە وەکو بچوکترین ڕستە باو نیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ واتای هاتنـەئارایی ڕەگەکـە، چـونکە هاتنـە ئـارایی شتێك کاتێکی زۆر و بەردەوامی ناوێ. بە سنوردارکردنی مۆرفیمەکانی کات لە ڕەهاییەوە بۆ کاتێکی دیـارکراو دەتوانرێ فۆڕمەکە بە ئاسایی بەکار بێ. وەك:

- لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا دەبوین بە سەرباز.
- لەکۆچڕەوە مەزنەکەدا بە ڕۆژو دەبوین.
- گە نجەکا نمان لە هەندەران دەبون بە کرێکار.

بەڵام لە کاتی دانانی زۆربەی ئاوەڵکارەکانی شوێن یان ئاوەڵناوەکان[2] لـە پـێش ئـەم فۆڕمـە پـتر واتـای هاتنەئارایی مۆرفیمی (بـ)مان بۆ دەردەکەوێ و واتـای ئەوە دەدا ئەو ئاوەڵناوە یـان ئاوەڵکارە لە فرێـزە ناویەکە دەهاتەئارا:

| ئاوەڵناو | ڕابوردوی بەردەوام | ڕاناوی کەسی | ئاوەڵکاری شوێن | ڕابوردوی بەردەوام | ڕاناوی کەسی |
|---|---|---|---|---|---|
| دڵخۆش | دەبو | م | بەر | دەبو | ین |
| ماندو | دەبو | ی | لا پەڕگە | دەبو | ن |
| شێت | دەبو | Ø | دەربەدەر | دەبو | ن |

هەر ئەم واتـا گشتیەی ئارایی مۆرفیمی (بـ) وای لە چاوگی (بون) کردوە ڕۆڵێکـی فـراوان ببـینێ لـە دروستکردنی چەندین چاوگی لێکدراوی لەم شێوەیە و لەم ڕوەوە چالاکترین کار بـێ لـە کـارە تێنە پـەڕەکان و بەرامبەر چاوگی (کردن) بوەستێ لە چاوگە تێپەڕەکان. شایانی باسە مـۆڕفیمی (بــ)ی ڕەگـی (بـون) واتــای

---

١- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، ل٧.

٢- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پێکهاتنی تەواوکەری کاری بو لە ڕێگەی ئاوەڵناو و ئاوەڵکارەکان بڕوانە: صلاح حویز رسول، ڕستەسازی و واتاسازی بوون، ل ٥٩ – ٦٧.

هاتنەئارایی خۆکرد دەگەیێنێ، بەلام مۆرفیمی (کە)ی ڕەگی (کردن) واتای هێنانە ئارایی دەستکرد دەگەیێنێ.

ئەوەی لێرەدا لە چاوگی (هەبون) تێبینی دەکرێ، وەکو دەمکاتی ڕانەبوردو، کاتێ پێشگری (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا هەبێ، پێشگری (هە) دەسوێ و نامێنێ.

### ٣.٣.٢.١ : ڕابوردوی تەواو :

لە دەمکاتی ڕابوردوی تەواویشدا ڕەگی کار هەردو مۆرفیمی (-و)ی ڕابوردو و (-ە/ Ø)ی کاتی ئێستا وەردەگرێ، بەلام ئەمجارە هەردوکیان پاشگرن. فۆرمەکە بەم شێوەیە دادەڕێژرێ:
ڕەگی کار (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (-و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (-ە/ Ø) + ڕاناوی لکاو (م/ ی/ -Ø/ ین/ ن/ ن). شایانی باسە ئاوەڵناوی کراو پێکدێ لە {ڕەگی کار (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (-و)}.
وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

| ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| بـ | ـو | و | Ø | م |
| بـ | ـو | و | Ø | ی |
| بـ | ـو | و | ە | Ø |
| بـ | ـو | و | Ø | ین |
| بـ | ـو | و | Ø | ن |
| بـ | ـو | و | Ø | ن |

بواری کارکردنی ڕابوردوی تەواو پێچەوانەی ڕابوردوی بەردەوامە، لە ڕابوردوی بەردەوام بواری کارکردنەکە لە ڕابوردو بو و لە کاتی ئێستادا دەوەستا، بەلام لە ڕابوردوی تەواودا ڕودانی کارەکە لە ڕابوردودا ڕویداوە و ئێستا بەردەوامە. بۆ نمونە کە دەوترێ (دەبوین بە سەرباز) ئەمە لە ڕابوردودا بو و ئێستا نیە، بەلام کە دەوترێ (بو و Ø ین بە مامۆستا) واتە ئێستا ئێمە مامۆستاین و پێشتر مامۆستا نەبوین. کەواتە شتێکی تر هاتۆتەئارا کە مامۆستایەتیە. لێرەدا دەردەکەوێ بوارەکانی هاتنەئارایی بە پێی مۆرفیمەکانی کات دەگۆڕێن.

لە کاتێکدا پێشگری (هە-) بخرێتە سەر فۆرمەکە و بکرێتە هەبون، گۆڕانێك لە واتادا بەدیدەکرێ و بواری لەئارادابونەکە، ڕابوردوش دەگرێتەوە:

| پێشگری (هە) | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|
| هە | بـ | ـو | و | Ø | م |
| هە | بـ | ـو | و | Ø | ی |
| هە | بـ | ـو | و | ە | Ø |
| هە | بـ | ـو | و | Ø | ین |
| هە | بـ | ـو | و | Ø | ن |
| هە | بـ | ـو | و | Ø | ن |

(بەردەوام تێبینی ئەوە دەکرێ، (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا لە بەر ئەوەی بزوێنێکی کورت و ناسکە و دەرنەکەوتنی نابێتە هۆی واتا گۆڕین، ئەگەر ڕاناوی بە دوادا هات دەسوێ، بەڵام لە کەسی سێیەمی تاکدا لەبەر ئەوەی ڕاناو دەرناکەوێ، (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دەرەکەوێ. ئەم دیاردەیە بە هەمان شێوە لە ڕستەی کاتی ئێستا، فەرماندان، ... هەیە.)[1]

٤.٣.٢.١: ڕابوردوی دور:

لە دەمکاتی ڕابوردوی دوردا، (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی جگە لەوەی دەتوانێ وەکو ڕەگی کاری سەرەکی ڕۆلی خۆی ببینێ، بەردەوام تەنانەت لەگەڵ ڕەگی کارەکانی تریشدا ڕۆلی کاری یاریدەدەر دەبینێ. ئەو سیما چالاکەی کاری یاریدەدەر کە لەم مۆرفیمەدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ واتای (هاتنەئارایی). ئەم مۆرفیمە چۆن توانی لە ڕابوردوی نزیکدا واتای هاتنەئارایی هەر بەشێکی ئاخاوتن ڕابگەیێنێ، بە هەمان شێوە توانای ئەوەی هەیە واتای هاتنەئارایی هەر کارێکیش لە ڕابوردوی دور ڕابگەیێنێ

| | | کاری سەرەکی | کاری یاریدەدەر | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|
| | منداڵەکە لە دایك | بو | بو | Ø |
| | ئازاد گەورە | بو | بو | Ø |
| کاتێ ئەوان هاتن، | خانوە کۆنەکە | ڕوخا | بو | Ø |
| | خانوی تازەیان دروستـ | کرد | بو | Ø |
| | تۆ | بو | بو | ی |

لە ڕابوردوی دوردا دو ڕەگی کار هەن و ئەگەر وردبینەوە لە دوا ڕستەی سەرەوەدا (تۆ بوبوی) هەردو ڕەگەکە (بـ)ی مۆرفیمی ئاراییین، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردو ڕەگەکە یەك فرێزی ناوی (ڕاناوی لکاو)یان هەیە بە یەك ڕستەی سادە دادەنرێ:

---

١- عەبدوللا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، ل٨-٩.

**بوبوی** ....           ( **یەك ڕستەی سادەیە** ).

**بوی و نەبوی**....        ( **دو ڕستەی سادەن** ).

**لە یەکەمدا تەنیا یەك ( ی )ی ڕاناوی لکاو هەیە، بەڵام لە دووەمدا، دو ( ی )ی ڕاناو هەن، بۆیە دەبێتە ڕستەی لێکدراو و دو ڕستەیە.**

**سیمای دوبارەبونەوەی هەمان ڕەگی کار و مۆڕفیمی کات لەگەڵ یەك ڕاناو تەنیا لە ڕەگی کاری بوندا هەیە و دیسان ئەم توانایەش دەگەڕێتەوە بۆ واتای ئاراییەکەی:**

**بوبوم**....، **بوبوی**....، **بوبو∅**....، **بوبوین** ....، **بوبون**....، **بوبون**....

**چوچوم*** .....، **مردمردی***....،**شکاشکا∅***....، **هاتهاتین***....، **کەوتکەوتن***....

## ٤.٢.١: واتای ئارایی و گیرەکەکان:

**واتا گشتیەکەی ئارایی لە مۆڕفیمی ( بـ )ی ڕەگی چاوگی بون، وای لەم چاوگە کردوە، بتوانێ لەگەڵ ئاوەڵناوەکان و چەندین ئاوەڵکار و گیرەکی پێشگر یان پاشگر چاوگێکی تر واتایەکی نوێ دروستبکا، بەڵام بە وردبونەوە لە واتای هەمویان دەردەکەوێ کە هەر چاوگێك بە پێی گیرەکەکە واتای هێنانە ئارایی توخمەکە یان فرێزە ناویەکە دەدا. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەخرێتەڕو:**

**پێشگرەکان:**

**ئەگەرچی ژمارەی گیرەکە پێشگرەکان زۆر نین، بەڵام ڕاناوەکان ڕۆلێکی بەرچاو دەگێڕن لە دروستکردنی چاوگە نادەکاندا:**

| چاوگ | ڕستە | واتا گشتیەکەی هاتنە ئارایی لەگەڵ پێشگرەکە |
|---|---|---|
| هەبون | چیمان هەبو. | چ مولکێکمان لە ئارادابو. |
| دەربون | ئاوەکە دەربو. | هاتنەئارایی ئاوەکە لە دەرەوە. |
| زەردبون | گەڵاکە زەرددەبێ. | زەردی لەو گەڵایە دێتەئارا. |
| کوێربون | ئەم منداڵە کوێرە. | کوێری لەو منداڵە لە ئارادایە. |
| بەربون | زیندانیەکە بەربو. | زیندانیەکە هاتەئارای ئەم بەرەی پێش گیرانەکە. |
| گیربون | قولاپەکە گیربوە. | گیربونی قولاپەکە لە شتێك هاتوەتەئارا. |
| پیربون | تۆش پیردەبی....[١] | پیری لە تۆ دێتەئارا. |
| وسبون | وسبە! | بێدەنگی بهێنەئارا. |

١- دێڕە شیعرێکی حاجی قادری کۆییە کە دەڵێ:

چاوەکەم تۆش پیر دەبی، ڕیشت دەبێتە گۆرەوی--- وەك بفەرمووی من فلانم، پێت دەڵێن توخوا هەوی؟

( حاجی قادری کۆیی، ل٢٧١ )

**پاشگرەکان:**

گیرەکە پاشگرەکان زۆر کەمن لە دوای چاوگی بون بۆ دروستکردنی چاوگ و ئاوەڵناو و ئاوەڵکارەکـانیش نابن بە پاشگر:

| چاوگ | رستـــــــــــــــه | واتا گشتیەکەی هاتنە ئارایی لەگەڵ پاشگرەکە |
|---|---|---|
| بونەوە | دەرگاکە بووەوە. | هاتەوە ئارایی پێشتر. |

هەندێ جار بەهۆی پاشگرەوە ناوی دارێژراوی لێ دروستدەکرێ، وەك: ( بونەوەر ).

### ٣.١: بەندی سێیەم: ڕستەی ئارایی و داتاگەیاندن:

یەکێك لە سەرەکیترین ئەرکی زمان ئاڵوگۆڕی زانیاری یان داتاکانە. پێویستیی بەخشین و وەرگرتنی داتاکان زمانی دروستکردوە. ئاڵوگۆڕی داتاکان بوە هۆی پەرەسەندنی هۆشی مرۆڤ لە لایەك و پەرەسەندنی زمانەکەی لە لایەکی تر[١]. بۆیە بیر و زمان وەك دو ڕوی دراوێك هاوبەندن. ئەرکی بەخشینی داتاکان و ئەرکی وەرگرتن یان داواکردنی داتاکان دو ئەرکی پێچەوانە و تەواوکەری یەکترن. لە ڕێزماندا ئەرکی بەخشین یان پێدانی داتاکان پێی وتراوە ( ئەرکی زانیاری و هەواڵدان ) و ئەرکی وەرگرتن یان داواکردنی داتاکان ناونراوە ( ئەرکی پرسیاری ). ڕستەی ئارایی ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە ڕۆنان و داڕشتنی ئەم دو ئەرکە بەتایبەتی و لە ئەرکەکانی تر بەگشتی.

#### ١.٣.١: ئەرکی بەخشینی داتاکان:

ئەگەر بە بۆچونێکی لۆجیکیانە بیر لە سەرەتاکانی دروستبونی زمان بکەینەوە، یان ئەگەر سەرنج بدەینە سەرەتای فێربونی زمان لای منداڵ، بۆمان دەردەکەوێ، سەرجەم ئەو ڕستە سەرەتاییانەی لە دەسپێکدا لەگەڵ ئەو بونەوەرە تازەیە بەکاردێن ڕستەی بەخشین یا پێدانی داتاکانە. لەمەش گرنگتر ئەوەیە، ئەگەر شیکردنەوەیەکی ورد بۆ ڕستەکان بکرێ، دەردەکەوێ کە زۆربەی ڕستەکان مۆڕفیمی ئارایی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداریی ڕۆنانی ئەو ڕستانە دەکا و توانای خۆگونجاندنی ( مرونە - Flexibility ) بە دەرکەوتن و دەرنەکەوتن وایکردوە، ئەم مۆڕفیمە لە ئاستی سەرەوەی ( Surface structure ) دەربڕینەکان بسوێ و ببێتە مۆڕفیمی سفر و لە دیوی ناوەوەی ( Deep structure ) دەربڕینەکە واتای ئارایی شتەکە ببەخشێ. تەنانەت وەك هەر زمانێکی ساکار و سەرەتایی ڕستەکان لە کاتی ئێستا دەدوێن و باسی ڕابوردو و داهاتو ناکەن. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

---

١- نعوم جومسكي، اللغة والعقل، ص٣٣.

| ڕســـتــه | ئاستی ناوەوە | واتـا | ف.ن | بــ | ناوبڕ | م.ئێستا | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەممە | ئەوە مەممەیە | شیر بخۆ | مەممە + | Ø + | یــ + | ە + | Ø |
| بققە | ئەو شتە بققەیە | ترسناکە | بققە + | Ø + | یــ + | ە + | Ø |
| کخخە | ئەو شتە کخخەیە | پیسە | کخخە + | Ø + | یــ + | ە + | Ø |

بە شێوەیەکی گشتی بەخشینی داتـاکان لە هەمو جۆر و ئەرکەکانی تری ڕستە زۆرتر و باوترە، چـونکە زۆربەی زمانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە نوسـراو و بینـراو و بیسـراو و ئەلیکترۆنیـەوە داتـاکـان دەبەخشـن و گوێگر کەمتر تیایدا بەشداری دەکا و دەکەوێتە چوارچـێوەی ئـەم ئەرکـەوە. ئـەو داتـایانـەی کەسـی یەکـەم دەیبەخشێتە کەسی دوەم یان هەواڵە یـان زانیـاری. ( هـەموو ئـەو ڕسـتـانە دەگرێتـەوە باسـی دیاردەکـانی دەوروبەر دەکەن )[1] داتـاکانی هەواڵ لە دۆخی گۆڕانی بەردەوام دان. واتە، سەردەمێك ئـەو داتـایـە لـە ئـارادا نەبوە و دێتەئارا و دواتر نامێنێ، ڕاست و هەڵەی تێدەکەوێ. وەك هەر هەواڵێك، بـەلام داتـاکـانی زانیـاری نەگۆڕن و هەر هەبون و بە دەگمەن نەبێ گۆڕانیان بەسەردا نـایێ، وەك هەر داتـاییێکی زانستیی ڕوت، کە ڕاسـت و هەڵەی تێناکەوێ.

## یەکەم: بەخشینی داتـای زانیاری:

لەم بەشەدا داتـای زانیارییێکی هەمیشەیی، واتە، زانینێکی بەردەوامی نـەگۆڕ لـە مێشـکی قسـەکەر کەسی یەکەمدایە و دەتوانێ بە ڕستەی زانیارییەبەخش بیگەیێنێتە کەسی دوەم، ئیتر ئەم کەسی یەکەم و دوەمـە قسەکەر بن یان نوسەر، تـاك بن یان کۆ. ئەم جۆرە ڕستـانە بـۆ بەخشـینی بابەتـە زانسـتیەکان بـەکاردێ[2].

وەك:

- ئاو لە سەد پلەی سەدی بەسەرەوە دەبێ بە هەڵم و لە سفر پلەی سەدی بە خوارەوە دەبێ بە سەهۆڵ.
- یەکەی خێرایی یەکسانە بە یەکەی درێژی، لەسەر یەکەی کات.
- نەوت لە ئاو سوکترە.
- مەتر سەد سانتیمەترە.
- لە نێوان چوار ساڵان ساڵێك دەبێتە کەبیسە، ساڵی کەبیسە ٣٦٦ ڕۆژە.
- هەر گەردێکی ئاو گەردیلەیەکی ئۆکسجین و دو گەردیلەی هایدرۆجینی تێدایە.
- لە ساڵێکدا چوار وەرز هەن.

---

١ - قیس کاکل تۆفیق، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، ل١٨.

٢- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، ل٤٧.

ڕۆنانی کاری ئەم ڕستانە بەم شێوەیە:

| فرێزی کاری | پێش کار | م.ئێستا | م.ئارایی | م.ئێستا | م.داهاتو | ناوبڕ | ڕاناو | بەستن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەبێ بە | -- | (د)ە | بـ | -- | ێ | -- | Ø | بە |
| یەکسانە بە | یەکسانـ | -- | Ø | ە | -- | -- | Ø | بە |
| سوکترە | سوکتر | -- | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| سانتیمەترە | سانتیمەتر | -- | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| دەبێتە | -- | (د)ە | بـ | -- | ێـ | تـ | Ø | ـە |
| ڕۆژە | ڕۆژ | -- | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| تێدایە | تێدا | -- | Ø | ـە | -- | یـ | Ø | -- |
| هەن | هە | -- | Ø | Ø | -- | -- | ن | -- |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئەم تێبینیانە سەرنج ڕادەکێشن:

١- مۆرفیمی ئارایی واتە (بـ)ی ڕەگی بون ڕۆڵێکی فراوان دەبینێ لە ڕستەکانی بەخشینی داتاکانی زانیاری.

٢- داتاکان لەبەر ئەوەی زانیاریی نەگۆڕن لە دەمکاتی ڕابوردو نابن و بە زۆری لە دەمکاتی ئێستا دەبن.

## دوەم: بەخشینی داتای هەواڵ:

جیاوازیی نێوان بەخشینی داتای زانیاری و بەخشینی داتای هەواڵ ئەوەیە، داتای (زانیاری دەربارەی دیاردەیەکی نەگۆڕە، واتە، لە کۆندا هەر وابوە و ئێستاش هەروایە و لە داهاتوشدا هەر وا دەمێنێ، بەڵام بابەتی زانیاریەکە لە ئەرکی هەواڵدان دەربارەی دیاردەیەکی گۆڕاوە، واتە، هەواڵێکە نەك زانیارییێك و لە کۆندا نەبوە و لە دواییدا هاتۆتە ئارا و لە کۆتاییشدا نەماوە یا نامێنێ. وەك:

- شەڕی چاڵدێران بوە هۆی یەکەم دابەشکردنی کوردستان. )[1]
- گەلی کورد سەربەخۆ دەبێ و کوردستان دەبێتە دەوڵەت.
- ڕۆژێك دێ نرخی ئاو لە جیهاندا لە نەوت بایەخدارتردەبێ.
- جەمیل سیدقی زەهاوی و یەشار کەمال کوردن.
- پیسبونی ژینگە بەردەوامە و مەرگەساتی بەدواوەیە.
- کورد خاوەنی هەزاران پێشمەرگەی ئازایە.
- زمانی کوردی چوار دیالێکتی هەیە، بەڵام زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوی نیە.

---

١- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پۆلینکردنی ڕستەی کوردی، ل٧٨.

ڕۆنانی ئەم ڕستانەی سەرەوە بەم شێوەیە :

| فرێزی کاری | پێش کار | م.ئێستا | م.ئارایی | م.ئێستا | م.داهاتو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ڕاناو | بەستن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بوه | -- | -- | بـ | -- | -- | و | -- | Ø | ە |
| دەبێ | -- | (د)ە | بـ | -- | ێ | -- | -- | Ø | -- |
| دەبێتە | -- | (د)ە | بـ | -- | ێـ | -- | تـ | Ø | ـە |
| کوردن | کورد | -- | Ø | Ø | -- | -- | -- | ن | -- |
| بەردەوامە | بەردەوام | -- | Ø | ە | -- | -- | -- | Ø | -- |
| بەدواوەیە | بەدواوە | -- | Ø | ـە | -- | -- | یـ | Ø | -- |
| ئازایە | ئازا | -- | Ø | ـە | -- | -- | یـ | Ø | -- |
| هەیە | هە | -- | Ø | ـە | -- | -- | یـ | Ø | -- |
| نیە | نیـ | -- | Ø | ـە | -- | -- | -- | Ø | -- |

لەم نمونانەی سەرەوەشدا دەبینین توانای خۆگونجاندنی مۆرفیمی ئارایی وەکو ڕەگی کاری بون و هەبون و دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ڕۆڵێکی فراوان و بەرچاوی بینیوە لە بەخشینی داتاکان بە شێوەی هەواڵ، ئەگەر سەرنجێکی وردتریش بدەین دەبینین بە شێوەیەکی گشتیی زۆربەی هەواڵەکان ڕاستن، بەتایبەتی چونکە ئەو هەواڵانەی لە دەمکاتی ئێستا لە ئارادان کەمتر هەڵەیان تێدەکەوێ.

### ٢.٣.١ : ئەرکی وەرگرتنی داتاکان :

ئەرکی وەرگرتنی داتاکانیش هەر دەربارەی گواستنەوەی داتاکانە، بەڵام ئەم ئەرکە پێچەوانەی بەخشینی داتاکانە، لەگەڵ ئەوەی (هەردووکیان دەربارەی زانینن)[١]، بەڵام ئەمجارە کەسی یەکەم بە هۆی کەمی داتا لە مێشکی لە بابەتیی ئاخاوتنیان ڕستەی پرسیاری بەکاردێنێ بۆ وەرگرتنی داتا لە کەسی دووەم. کەسی دووەمیش بەهۆی بەخشینی داتاکان (زانیاری بن یان هەواڵدان) وەڵامی کەسی یەکەم دەداتەوە، کە لەم بارەدا پێگەکانی کەسی یەکەم و دووەم ئاڵوگۆڕ دەبن. لەم بارەدا داتاکان لە مێشکی کەسی دووەم دان (گوێگر بێ یا خوێنەر) و کەسی یەکەم (قسەکەر بێ یا نوسەر) داوایان دەکا بە مەبەستی تەواوکردنی داتاکانی ناو مێشکی خۆی[٢]. (گرنگی پرسیار لەوەدایە: ـ پرسیارکار بیردەکاتەوە، ـ لە نێو وەڵامدا دەیەوێ بەدوای زانیاریدا بگەڕێ، ـ پرسیارو دواتریش وەڵام، ڕایەڵی و پەیوەندی و فاکتەری بەیەکەوەژیانی مرۆڤەکانە، ـ

---

١- بڕوانە : محمد معروف فتاح، زمانەوانی، ل٣٢.

٢- ئەبوبەکر عومەر قادر، پرسیار لە زمانی کوردیدا، ل٣.

له نێو پرۆسەی پرسیار و گەڕان بەدوای وەڵامدا نهێنیەکان بەتاڵ دەبنەوە )[1]. ئەم جۆرە ڕستەیە ئاسایی خۆی له نێوان دو ڕاستی دەبینێتەوە (ڕاستیەکی سینتاکسی و ڕاستیەکی واتایی، ڕاستیە سینتاکسیەکە واتە پێکهاتەی سینتاکسی، ئەو داتایانەیە کە پێکهاتەی ڕستە پرسیاریەکە تێیدا دەخاتە ڕو، لەگەڵ ئەوەی داتاکانی ئاستی ناوەوەی پرسیاریمان بۆ دەخاتە ڕو )[2]. بۆ نمونە دەشێ لە فەرمانگەی نشینگە ئەم دیالۆگە هەبێ:

- ( کەسی یەکەم ): ناوت چیە؟
- ( کەسی دوەم ← کەسی یەکەم ): هەڵۆ. ( = ناوم هەڵۆیە ).
- ( کەسی یەکەم ): خەڵکی کوێی؟
- ( کەسی دوەم ← کەسی یەکەم ): ئەو دیو. ( = خەڵکی ئەو دیوم ).
- ( کەسی یەکەم ): لە کوێ لەدایکبوی؟
- ( کەسی دوەم ← کەسی یەکەم ): مەهاباد. ( = لە مەهاباد لەدایکبوم ).
- ( کەسی یەکەم ): چەندە لێرەی؟
- ( کەسی دوەم ← کەسی یەکەم ): ساڵێك. ( = ساڵێکە لێرەم ).
- ( کەسی یەکەم ): چ کارەی[3]؟
- ( کەسی دوەم ← کەسی یەکەم ): هونەرمەند. ( = هونەرمەندم ).
- ( کەسی یەکەم ): ناسنامەت هەیە؟
- ( کەسی دوەم ← کەسی یەکەم ): بەڵێ. ( = بەڵێ هەمە ).
- ( کەسی یەکەم ): پێتوایە، تا کەی لێرە دەبی؟
- ( کەسی دوەم ← کەسی یەکەم ): ڕەنگە، ساڵێکی تر. ( ڕەنگە، ساڵێکی تر لێرە دەبم ).

( لە ڕێزمانی دێریندا وا باو بو، کە دەبوایە، وەڵامی پرسیارەکە بە تەواوی بدرێتەوە. واتە، کاتێ دەپرسن: پ- ناوت چیە؟. دەبوایە، بڵێیت: و: ناوم فلانە، بەڵام لە ڕێزمانی هاوچەرخ ( ئاخاوتن )دا، دەتوانی، تەنیا ناوی خۆت بڵێیت، چونکە: یەکەم – ئاستی ناوەوە و ئاستی دەرەوە دۆزرایەوە و دوەم – لە زانستەکاندا تۆ یاسا دەدۆزیتەوە و یاسا دروستناکەی و بە زۆر بیسە پێنی بە سەر کەرەسەکاندا، واتە، ئێستا لەبری: و: من ناوم فلانە. دەتوانی بڵێی ( یا بنوسی ): فلان )[4].

ئەگەر شیکردنەوەیەکی ورد بۆ ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین، ڕۆنانەکەیان بەم شێوەیە:

---

١- سالار عوسمان، نزیکتر شاری زانکۆ، ل١١.

2 - Whitman, Randal.L., English and English Linguistics, P:10.

٣- ئەبوبەکر عومەر قادر، پرسیار لە زمانی کوردیدا، ل٣٦.

٤- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پۆلینکردنی ڕستەی کوردی، ل٨٠.

| ف.ك | پێش کار | م.ئێستا | م.ئارایی | ناوبڕ | م.ئێستا | م.داهاتو | م.ڕابوردو | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چیە؟ | چیـ | -- | Ø | (یـ) | ـە | -- | -- | Ø |
| هەڵۆیە | هەڵۆ | -- | Ø | یـ | ـە | -- | -- | Ø |
| کوێی؟ | کوێـ | -- | Ø | -- | Ø | -- | -- | ی |
| ئەو دیوم | ئەو دیو | -- | Ø | -- | Ø | -- | -- | م |
| لەدایکبوی؟ | لەدایك | -- | بـ | -- | -- | -- | و | ی |
| لەدایکبوم | لەدایك | -- | بـ | -- | -- | -- | و | م |
| لێرەی؟ | لێرە | -- | Ø | -- | Ø | -- | -- | ی |
| لێرەم | لێرە | -- | Ø | -- | Ø | -- | -- | م |
| کارەی؟ | کارە | -- | Ø | -- | Ø | -- | -- | ی |
| هونەرمەندم | هونەرمەند | -- | Ø | -- | Ø | -- | -- | م |
| هەیە؟ | هە | -- | Ø | یـ | ـە | -- | -- | Ø |
| هەمە | هە | -- | Ø | -- | ـە | -- | -- | مـ |
| دەبی؟ | -- | (د)ە | بـ | -- | -- | Ø | -- | ی |
| دەبم | -- | (د)ە | بـ | -- | -- | Ø | -- | م |

**لەم نمونانەی سەرەوەشدا دەتوانرێ تێبینی ئەم وردەکاریانە بکرێ:**

**١- لێرەدا، دەبینین توانای خۆگونجاندنی مۆرفیمی ئارایی وەکو ڕەگی بون و هەبون و دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ڕۆلێکی فراوان و بەرچاوی بینیوە لە وەرگرتن و داواکردنی داتاکان بە شێوەی پرسیار، ئەگەر سەرنجێکی وردتریش بدەین دەبینین بە شێوەیەکی گشتیی لە پرسیارکردندا ڕاست و هەڵە نیە، چونکە کەسی یەکەم خۆی داتای کەمە و داوای داتا لە کەسی دوەم دەکا، ئیتر ڕاست و هەڵە لە بەخشینی داتا (وەڵامەکەی) دەبێ نەك لە داواکردنی داتا (پرسیارکردن).**

**٢- لەم جۆرە ڕستانەدا کە مۆرفیمی ئارایی دەبێتە سفر و دەرناکەوێ، وا دێتە بەرچاو کە ڕستەکان کاریان تیادا نیە، ئەمەش لە ڕێزمانی لاساییکەرەوەی کۆندا هەندێ لە ڕێزمانزانەکانی بەو لاڕێییەدا بردوە کە باوەڕ بە ڕستەی بێ کار (کردار/فرمان) بکەن و ئەو ڕستانە ناوبنێن (ڕستەی ناوی)[١]، یان ڕستەی (نیهادی):**

١-بڕوانە: ا- نسرین فخری، ڕستەو چەمکی ڕستە بەگشتی و تایبە تمەندییەکانی لە زمانی کوردیدا، ل١٧.

ب- زەرێ یوسوپۆڤا، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، ل١٨١.

پ- محمدامین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازوی بەراوردکاری دا، ل٣٠٦.

- ئەوە باوکمە.
- کراسەکەی نەسرین کۆنە.
- ماڵمان لە قەڵایە.
- ئەمڕۆ هەینییە.
- هەولێر پایتەختی کوردستانە.

کەچی لە شیکردنەوەی ڕۆنانی ئەم ڕستانە کارە دەرنەکەوتوەکەیان بەم شێوەیە شیدەکرێنەوە:

| ف.ك | پێش کار | مۆرفیمی ئارایی | ناوبڕ | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|
| ... باوکمە | باوکمـ | Ø | -- | ە | Ø |
| ....کۆنە | کۆنـ | Ø | -- | ە | Ø |
| ....قەڵایە | قەڵا | Ø | یـ | ە | Ø |
| ...هەینیە | هەینیـ | Ø | (یـ) | ە | Ø |
| ..کوردستانە | کوردستانـ | Ø | -- | ە | Ø |

تێبینی ئەوەش دەکرێ ڕستەکانی سەرەوە هەمویان لە دەمکاتی ئێستادان، چونکە لە کاتی دەمکاتی ڕابوردو و ڕانەبوردو (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی دەردەکەوێ.

تەنانەت هەندێ پسپۆڕی زمان لەم جۆرە ڕستانەدا لە ئەنجامی دەرنەکەوتنی (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی ڕاناوە لکاوەکانی دەستەی ڕێککەوتن (م،ی،Ø، ین، ن، ن) یان بە کار یان ڕاناوی کاری داناوە[1].

هەندێکی تریشیان (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستایان بە کار یان کاری بێهێز داناوە[2].

٣- مۆرفیمی ئارایی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە دروستکردنی پرسیار و داواکردنی داتاکان، وەك پرسیار دەربارەی ئاوەڵناوەکان و ئاوەڵکارەکان. بۆ نمونە ئاوەڵناوی ژمارە (چەند؟)، ئاوەڵکاری شوێن (کوێ؟)، ئاوەڵناوی دوریەکان (درێژی؟، پانی؟)، ئاوەڵکاری کات (کەی؟)، ئاوەڵکاری چۆنیەتی (چۆن؟)، ئاوەڵناوی ڕەنگەکان و قەبارەکان، ...هتد. تەنانەت لە هەندێکیان تەنیا مۆرفیمی ئارایی بەکاردێ، وەك: (دوریەکان، ڕەنگەکان ...هتد).

---

١- لەوانە:

ا- کامل حەسەن بەسیر، کوردستانی موکریانی، سادق بهائەددین ئامێدی، حەمەئەمین هەورامی، زارە کوردی یەکان، ل١٠٠.

ب- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، گیروگرفتی نوسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو لە ڕوی پێکەوە نوسان و پێکەوە نەنوسان، ل٤٥٤.

پ- کوردستان موکریانی، جۆرەکانی جێی ناو دەوریان لە ڕستەی کوردیدا، ل٢٤٠.

٢- لەوانە: ا- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، کتێبی قوتا بخانەکان -پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی-، ل ٣٩.

ب- نوری علی ئەمین، دەوری پیتە بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا، ل ١٦٩-١٨٢.

پ- هیوا زەندی، مقترح للکتابة باللهجة الفیلیة، ل ٢٢.

## ١.٢.٣.١: مۆرفیمی ئارایی و ئامرازەکانی پرس:

### چەند؟:

- چەند ساڵی؟
- ژمارەی مۆبایلت چەندە؟
- چەند پارەت هەیە؟
- کە باوکی مرد، تەمەنی چەندبو؟
- چەند دەبێ؟ تۆ لێرەی.
- باڵات چەندە؟
- پێش وەرزشکردن کێشت چەند بو؟

**بە شیکردنەوەیەکی ورد ئەم ڕستانەی سەرەوە ڕۆنانەکەیان بەم شێوەیەن:**

| ف.ك | پێش کار | مۆرفیمی ئێستا | مۆرفیمی ئارایی | ناوبڕ | مۆرفیمی ئێستا | مۆرفیمی داهاتو | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ... ساڵی؟ | ساڵـ | -- | Ø | -- | Ø | -- | -- | ی |
| ....چەندە؟ | چەند | -- | Ø | -- | ە | -- | -- | Ø |
| ....هەیە؟ | هە | -- | Ø | یـ | ـە | -- | -- | Ø |
| ...چەندبو؟ | چەند | -- | بـ | -- | -- | -- | و | Ø |
| ..چەند دەبێ؟ | چەند | (د)ە | بـ | -- | -- | ێ | -- | Ø |

### کوێ؟:

- دوێنێ لە کوێ بوی؟
- ئێرە کوێیە؟
- دەبێ ئەو دیمەنە کوێ بێ؟
- ئەو لە بنەڕەتدا خەڵکی کوێیە؟
- پایتەختی دەوڵەتی میدیا کوێ بو؟

**شیکردنەوەی ئەم ڕستانەی سەرەوەش ڕۆنانیان بەم شێوەیە:**

| ف.ك | پێش کار | مۆرفیمی ئێستا | مۆرفیمی ئارایی | ناوبڕ | مۆرفیمی ئێستا | مۆرفیمی داهاتو | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ... کوێ بوی؟ | کوێ | -- | بـ | -- | -- | -- | و | ی |
| .... کوێیە؟ | کوێ | -- | Ø | یـ | ە | -- | -- | Ø |
| ....کوێ بێ؟ | کوێ | -- | بـ | -- | -- | ێ | -- | Ø |
| ...کوێ بو؟ | کوێ | -- | بـ | -- | -- | -- | و | Ø |

## کەی؟:

- کەی بوی بە فەرمانبەر؟
- کۆنفرانسی یەکێتی پیاوان کەیە؟
- کەی ڕۆژی لەدایکبونتە؟
- جاڕنامەی مافی مرۆڤ کەی بو؟
- کەی کوردستان دەبێ بە دەوڵەت؟

**بە شیکردنەوەی ورد دەردەکەوێ، ڕۆنانی ئەم ڕستانەی سەرەوە بەم شێوەیە:**

| ف.ك | پێش کار | مۆرفیمی ئێستا | مۆرفیمی ئارایی | مۆرفیمی ئێستا | مۆرفیمی داهاتو | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕاناو | بەستن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .. کەی بوی بە | کەی | -- | بـ | -- | -- | و | ی | بە |
| .... کەیە؟ | کەیـ | -- | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| کەی ...دایکبونتە؟ | کەی... دایکبونت | -- | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| ...کەی بو؟ | کەی | -- | بـ | -- | -- | و | Ø | -- |
| ...دەبێ بە؟ | کەی کوردستان | ( د )ە | بـ | -- | ێ | -- | Ø | بە |

## چۆن؟:

- چۆنی؟ باشی؟
- نەخۆشەکەتان چۆن بو؟
- ئەم گرفتە چۆن چارەسەر دەبێ؟
- ئەم قوماشەت پێ چۆنە؟
- ئەم نایەکسانیە چۆن دەبێ؟

**ئەگەر ئەم ڕستانەی سەرەوە شیبکەینەوە، ڕۆنانەکانیان بەم شێوەیە دەردەچن:**

| ف.ك | پێش کار | مۆرفیمی ئێستا | مۆرفیمی ئارایی | مۆرفیمی ئێستا | مۆرفیمی داهاتو | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ... چۆنی؟ | چۆن | -- | Ø | Ø | -- | -- | ی |
| ...باشی؟ | باش | -- | Ø | Ø | -- | -- | ی |
| ....چۆن بو؟ | چۆن | -- | بـ | -- | -- | و | Ø |
| چۆن چارەسەر دەبێ؟ | چۆن چارەسەر | (د)ە | بـ | -- | ێ | -- | Ø |
| ...چۆنە؟ | چۆن | -- | Ø | ە | -- | -- | Ø |
| ....چۆن دەبێ؟ | چۆن | (د)ە | بـ | -- | ێ | -- | Ø |

## ئایا؟ (یان بەبێ ئامراز):

- (ئایا) شێخ مەحمود مەلیك بو؟
- (ئایا) ڕەنگی ئاو شینە؟
- (ئایا) ئەشکەوتی شانەدەر کۆنترین مۆلگەی ژیانە؟
- (ئایا) چیای حەسارۆست زۆر بەرزە؟
- (ئایا) کورد سەربەخۆ دەبێ؟

**ئەگەر ئەم ڕستانەی سەرەوە شیبکەینەوە، ڕۆنانەکانیان بەم شێوەیە دەردەچن:**

| ف.ك | پێش کار | مۆرفیمی ئێستا | مۆرفیمی ئارایی | مۆرفیمی ئێستا | مۆرفیمی داهاتو | مۆرفیمی ڕابوردو | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ...مەلیك بو؟ | مەلیك | -- | بـ | -- | -- | و | Ø |
| ... شینە؟ | شین | -- | Ø | ە | -- | -- | Ø |
| ...ژیانە؟ | ژیان | -- | Ø | ە | -- | -- | Ø |
| ....بەرزە؟ | بەرز | -- | Ø | ە | -- | -- | Ø |
| چۆن سەربەخۆدەبێ؟ | چۆن سەربەخۆ | (د)ە | بـ | -- | ێ | -- | Ø |

**لە هەمو ئەم کۆمەڵە ڕستە پرسیاریانەی سەرەوەدا، دەبینین مۆرفیمی ئارایی چ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دروستکردنی پرسیار، ئەمەش دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ چالاکیی واتایی ئەو مۆرفیمە و توانای بونی بە مۆرفیمی سفر و دەرنەکەوتنی.**

## ٣.٣.١ : ئارایی و ڕستەی هەست دەربڕین ( سەرسوڕمان ):

لە ڕستەی هەست دەربڕیندا کەسی یەکەم ( قسەکەر بێ یا نوسەر ) هەستی دەرونی خۆی بێ پێچ و پەنا بە پۆزەتیف یا نەگەتیف دەربڕێ. مۆرفیمی ئارایی لە ڕستەی هەستدەربڕینیشدا بە ئایی بێ یان بە نایی، ڕۆلێکی گرنگ دەبینێ و بە فراوانی بەشداری ڕۆنانی ئەو جۆرە ڕستانە دەکا. وەك:

سەرسوڕمان : ( وای، ) لەم ژیانە **سەیرە**! ... هەرچیەك بی، کۆتاییت **مردنە**!

ئای! لەم ژنە **سەرسوالکەرە**!، چەند هیچ و **پوچە**!

هۆنراوی باس : بەلام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز، .... **بێ ڕووناکی یە** *بێ بزەی ئازیز!* [1]

ئەسڵ و نەسەبت **دۆمە**، لە من **بووی بە** هەجیجی!

*بێمروەت و ئینساف و حەرامزادە و* **پیچی**!

پاڕانەوە : ئەم زوڵمە قبووڵ نەکەی خودایە! ئەسڵەن ئەمەلم بە کەس نەمایە! [2]

ئەم میللەتە **گەورەیە** و **عەزیمە**! سێ پارچە کراوە، **بویتە** قیمە. [3]

جنێودان : *ناپاکی! نارەسەن!*،... ئەو **بێئابڕوە**! **سیخوڕە**! ....

لە دوای شیکردنەوە ڕۆنانی کاری ڕستەکانی سەرەوە بەم شێوەیەن :

| فرێزی کاری | پێش کار | م.ئارایی | م.ئێستا | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ڕاناو | بەستن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەیرە! | سەیر | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| مردنە! | مردنـ | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| سەرسوالکەرە! | ...سوالکەر | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| پوچە! | پوچـ | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| بێ ڕوناکیە! | بێ ڕوناکی | Ø | ە | -- | ( یـ ) | Ø | -- |
| دۆمە! | دۆمـ | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| بوی بە! | -- | بـ | -- | و | -- | ی | بە |
| پیچی! | پیچـ | Ø | Ø | -- | -- | ی | -- |
| گەورەیە! | گەورە | Ø | ە | -- | یـ | Ø | -- |
| عەزیمە! | عەزیمـ | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |

---

١ – دیوانی گۆران، ل١٠.

٢ – دیاری مەلا محمدی کۆیی، ل٥٥.

٣ – هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بویته! | -- | بـ | Ø | و+یـ[1] | تـ | Ø | ە |
| بێئابڕوە! | بێئابڕو | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |
| سیخوڕە! | سیخوڕ | Ø | ە | -- | -- | Ø | -- |

**لە هەندێ ڕستەی هەستدەربڕین و جنێوداندا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك بە زۆری دەرناکەوێ، چونکە بەرامبەر قسەکەرە و پێویست ناکا، بەڵام بەوە لە کەسی سێیەمی تاك جیادەکرێتەوە، کە لە کەسی سێیەمی تاکدا مۆرفیمی کاتی ئێستا دەرەکەوێ و لە کەسی دووەمی تاکدا دەرناکەوێ، وەك: (تۆ هینی!... هەی هین! ... ئەو هینە!...)[2]. تەنانەت لە هەندێ ڕستەشدا لە کەسی سێیەمی تاك هەمان دیاردە ڕوودەدا بەتایبەتی لە کاتی خستنەسەردا بەهۆی مۆرفیمی بەستنی (و). وەکو لە نمونەکانی فۆڕمی هەندێ لە ڕستەکانی سەرەوە دەرەکەون:**

| فرێزی کاری | پێش کار | مۆرفیمی ئارایی | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی کەسی دووەمی تاك | ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك |
|---|---|---|---|---|---|
| بێ جوانی ئازیز! | بێ جوانی ئازیز | Ø | Ø | ---- | Ø |
| بێمرووەت! | بێمرووەت | Ø | Ø | ی ← Ø | ---- |
| (بێ) ئینساف! | (بێ) ئینساف | Ø | Ø | ی ← Ø | ---- |
| حەرامزادە! | حەرامزادە | Ø | Ø | ی ← Ø | ---- |
| ناپاك! | ناپاك | Ø | Ø | ی ← Ø | ---- |
| نارەسەن! | نارەسەن | Ø | Ø | ی ← Ø | ---- |

## ٤.٣.١: ئارایی و ڕستەی هەست وروژاندن:

**ڕستەی هەست وروژاندن ئەو جۆرە ڕستانەن کە کەسی یەکەم بە شێوازێکی دەربڕین ناڕاستەوخۆ فەرمانێك بە کەسی دووەم دەکا، بیجوڵێنێ یان کارێکی پێ ئەنجامبدا بە مەبەستێك یان ئەنجامێکی چاکە یان خراپە. بۆیە پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، وتاری ئایینی، ستایشی بەهەشت، هەڕەشەی دۆزەخ، جۆرەکانی پڕوپاگەندە و پیاهەڵدان (مەرایی)....دەچنە چوارچێوەی هەست وروژاندن.**

١- ئەم (یـ)یە، مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوە، کە لە زاری ستاندەر مۆرفیمی (و)ە و لە شێوەزارەکانی بادینی و سۆرانی دەبێتە (ی).
وەك: مردوە ← مریە، مردیە...

٢- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، ل٥٦.

ئەوەی مەبەستە مۆرفیمی ئارایی لەم بوارەشدا زۆر چالاکە و ڕۆلی بەرچاو دەبینێ. سەرنجی ئەم ڕستانەی خوارەوە بدە:

| | | |
|---|---|---|
| پەندی پێشینان: | قسە هەزارە، دوانی بەکارە.[1] | مەبەست: کورتبڕیە |
| هاندان: | ئەم خاکە داکی تۆیە! کەوتە دەستی ئەجنەبی،<br>ئەی کوردی ساحێب غیرەت! تۆ چلۆن ڕازی دەبی؟! [2] | مەبەست: بەرگری کردنە لە نیشتمان. |
| ئامۆژگاری: | بخوێنن، چونکە خوێندن بۆدیفاعی تیغی دوشمنتانە<br>هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە! [3] | مەبەست: ئامۆژگاری و هاندان بۆ خوێندن. |
| پڕوپاگندە: | دەنگی تۆ ڕەوایە و دەنگدانە بە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریمان! | پڕوپاگەندەی ڕامیاری. |

دەتوانرێ ڕۆنانی کاری ڕستەکانی سەرەوە بەم شێوەیە شیبکەینەوە:

| فرێزی کاری | پێش کار | م.ئێستا | م.ئارایی | ناوبڕ | م.ئێستا | م.داهاتو | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەزارە | هەزار | -- | Ø | -- | ە | -- | Ø |
| بەکارە | بەکار | -- | Ø | -- | ە | -- | Ø |
| تۆیە | تۆ | -- | Ø | یـ | ە | -- | Ø |
| ڕازی دەبی | ڕازی | (د) ە | بـ | -- | -- | Ø | ی |
| سوپەرتانە | سوپەر | -- | Ø | -- | ە | -- | تانـ |
| ڕەوایە | ڕەوا | -- | Ø | یـ | ە | -- | Ø |
| دەنگدانە | دەنگدانـ | -- | Ø | -- | ە | -- | Ø |

لە کۆتایی بەشی یەکەمدا بە پێویست دەزانرێ، ئەم تێبینیە بخرێتە ڕو کە زۆربەی ئەو نمونانەی خراونەتە ژێر تیشکی باسکردن و شیکردنەوە، لە دەمکاتی ئێستادا بون و پتر مۆرفیمی ئارایی تیایاندا سواوە و بوەتە مۆرفیمی سفر. کەمتر باسی دەمکاتی داهاتو کراوە کە پتر لە ڕستەی مەرجی دەردەکەوێ. هەروەها باسی ئەو فۆرمانەش نەکراوە کە لە بەشەکانی دوەم و سێیەمی ئەم توێژینەوە باس دەکرێن، وەك ڕستەکانی فەرماندان و داخوازی و خۆزگەیی و مەرجی .... هتد.

١ – شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل٢٨٧.

٢ – دیاری مەلا محمدی کۆیی، ل٥٦.

٣ – دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٤٦.

# بەشی دوەم

# بەشی دووەم

## ڕستەی فەرماندان و ڕستەی داخوازی

### ١.٢. بەندی یەکەم: ڕستەی فەرماندان:

مرۆڤ خولیا و حەزەکانی وایلێکردوە هەمیشە لە هەوڵی هێنانەئارایی خواستەکانی بێ. شێوەییێکی ئەو هەوڵدانەش فەرمانە، کە داواییێکە فەرماندەر (قسەکەر یان نوسەر) دەیکا بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی فەرمانپێیکراو (گوێگر یان خوێنەر) ڕاستەوخۆ فەرمانەکەی جێبەجێ بکا. واتە، فەرماندەر (کارێك بە گوێگر ئە نجام دەدا)[1]. کەواتە فەرماندان (ئەو کۆ مرۆڤ ژ بۆ بجێکرنا کارەکی فەرمان ل یەکی دی بکی و بێژی)[2]. ئەمەش بە پێی توانا و هێز و دەسەلاتی فەرماندەر و ئەو پلە و پایەی کۆمەڵگا پێیداوە، دەتوانێ فەرمانی هێنانەئارای کار و کردەیەك بکا، ئینجا نواندنەکە زارەکی بێ یان کارەکی.

ڕستەی فەرماندان بە هەمەهەنگیی وشەکان بە واتای جیاواز خۆی دەنوێنێ. وەك: (داواکاری، پاڕانەوە، پێڕاگەیاندن، پڕوپاگەندە، گلەیی، ڕێزداری...).

بۆ نمونە:

| | |
|---|---|
| یەك جار سەردا نمان بکە، پەشیمان نابیتەوە. | (پڕوپاگەندەی بازرگانی) |
| ئێوە هەر لە خەمی خۆتاندا بن. | (توانج لێدان) |
| هەندێ ژەهرم بۆ تێبکە. | (بێزاری، یان توڕەیی) |
| وانەکانت بخوێنە. | (ئاگاردارکردنەوە) |
| بفەرمون. | (ڕێزداری) |
| تۆ هەر جگەرە بە جگەرە دابگیرسێنە. | (ناڕەزایی) |
| دەست بەکڵاوتانەوە بگرن، بانەییا. | (ڕەتکردنەوە) |
| قومێك ئاوم بۆ بهێنن. | (داواکاری) |
| توخوا منداڵەکەم هەڵبگرن. | (پاڕانەوە)[3] |
| بەیارمەتیت بوەستە. | (پێڕاگەیاندن) |
| خودایە، ئەم وڵاتە بپارێزە. | (نزا) |

---

١- اسلان گلفام، اصول دستور زبان، ل٤٩.

٢- جگر خوین، اوا ئو دەستورا زمانی کوردی، ل١٥٣.

٣- پاڕانەوە لە بنەڕەتدا لە ڕوی پێکهاتنەوە وەك فەرماندانە، جیاوازیان لەوەدایە: فەرمان داوا لە کەسی لە خۆی بچوکتر دەکا، بەلام پاڕانەوە بە پێچەوانەوە داوا لە خۆی بە دەسەلاتتر دەکا. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ابن السراج، الاصول في النحو، ص٣٠).

دەتوانرێ ڕۆنانی کاری ڕستەکانی سەرەوە بەم شێوەیە شیبکرێنەوە:

| کاری فەرمانداندان | پێشگر | مۆرفیمی ئارایی | ڕاناو | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بکە | -- | بـ+ | -- | کە+ | ە | Ø |
| بن | -- | Ø | -- | بـ+ | Ø | ن |
| تێبکە | تێـ | بـ+ | -- | کە+ | ە | Ø |
| بخوێنە | -- | بـ+ | -- | خوێنـ+ | ە | Ø |
| بفەرمون | -- | بـ+ | -- | فەرمو+ | Ø | ن |
| دابگیرسێنە | دا+ | بـ+ | -- | گیرسێنـ+ | ە | Ø |
| بگرن | -- | بـ+ | Ø | گر+ | Ø | ن |
| بهێنن | -- | بـ+ | Ø | هێنـ+ | Ø | ن |
| هەڵبگرن | هەڵـ+ | بـ+ | Ø | گر+ | Ø | ن |
| بوەستە | -- | بـ+ | -- | وەستـ+ | ە | Ø |
| بپارێزە | -- | بـ+ | Ø | پارێز | ە | Ø |

لێرەدا به سەرنجدان تێبینی دەکرێ، لە فەرمانداندان مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی هەمیشە دەبێتە پێشگرو دەچێتە سەر ڕەگی کارەکەو شوێنی ناگۆڕێ ئەگەر هەر پێشگرێکی تر بچێتە سەر کاری فەرمانەکە.

### ١.١.٢: مۆرفیمی ئارایی و ڕستەی فەرمانداندان:

ڕستەی فەرمانداندان لە کاری تێپەڕ و تێنە پەڕی بکەری دروستدەکرێ، کاتێ (بـ-)[1]ی مۆرفیمی ئارایی (واتە، ڕەگی چاوگی -بون-) دەچێتە پێش ڕەگی کاری سەرەکی و هێزی فەرمانداندانی هێنانەئارایی پێدەبەخشێ، وەك فەرمانکردن به (نوسین) دەبێتە (بـ+نوسـ+ـە). مۆرفیمی ئارایی ناتوانێ فەرمانداندان لە چاوگەکانی تێنە پەڕی بەرکاری (خۆنەکرد) دروستبکا، وەك (خنکان، شکان، مردن، زان، ڕزین،...هتد)، چونکە نیهادی ئەم ڕستانە کارەکە ئەنجام نادەن، بەڵکو بەسەریان دادێ، واتە، دەبنە بەرکاری. بۆ نمونە: فەرماندەر ناتوانێ فەرمان بە یەکێ بکا و بڵێ: (بخنکێ، بسوتێ،... هتد)، ئەگەر ئەمە بکا دەبێتە داخوازی نابێتە فەرمانداندان، چونکە نیهادەکە واتە توخمەکە توانای هێنانە ئارای کردەکەی نیە، ناتوانرێ داوای

---

[1]- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم دەربارەی مۆرفیمی (بـ) دەڵێ: (ئامرازی (ب) تایبەتە بەفەرمانی کاتی ئێستا وە دەلالەتی داخوازی دروست دەکا) بڕوانە:(ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ئامراز لە زمانی کوردیدا، ل٢٤). لەسەرەتادا (بـ) لە ڕستەی فەرمانداندا ئامراز نیە، بەڵکو مۆرفیمی ڕەگی کاری بونە. جگە لەمە ئەم مۆرفیمە تایبەت نیە بەکاتی ئێستا، بەڵام ئەمە جگە لە کاتی ئێستا لە کاتی داهاتو و ڕابوردوشدا بەشداری پێکهاتنی کاری ڕستە دەکا و لە ڕستەی فەرمانداندان ڕستەکانی ئارایی ( داخوازی و خۆزگەیی )یش ئەرك و ڕۆلی خۆی دەبینێ.

**هێنانەئارای لێبکرێ، ناتوانرێ داوای کارێك لە کەسێ بکرێ نەتوانێ کارەکە ئەنجام بداو توانای هێنانەئارایی ئەم کردەیەی نەبێ. بۆیە فەرمان بە کەسێك ناکرێ، کە هێنانەئارایی لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا نەبێ و بەسەریدا بسە پێ. ئەگەر لەم جۆرە کارانەدا فەرماندان دروستکرا، ئەوە چاوگەکە بە واتای ڕەسەنی خۆی بەکارناهێنرێ و واتاکەی دەگۆڕێ بۆ واتاییێکی خوازراو، کەواتە دەتوانرێ فەرماندان بۆ مەبەستی واتایەکی خوازراو دروستبکرێ. وەك :**

- **سندان،دە بتۆپە!**
- **لە فلان بترسە!**
- **وا دەفڕم بەسەرشاخاندا، تۆش هەر بمرە لەداخاندا.**

**ئەم ڕستانەی سەرەوە بەم شێوەیە دەخرێنە ڕو :**

| ڕستـــــــەـ | مەبەستی فەرماندەر | م. ئـارایـی | ڕەگی کار | م.ئێستا | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|
| بتۆپە | بخەوە. | بـ+ | تۆپـ+ | ە | Ø |
| بترسە | ئاگادار بە. | بـ+ | ترسـ+ | ە | Ø |
| بمرە | بتەقە/ شەقبەرە. | بـ+ | مر+ | ە | Ø |

**ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، ئەم ڕستانە لەڕوی ڕۆنانەوە تەواون، وەك شێوەی چاوگەکانی تر ئاسایی فەرمانی هێنانە ئاراییان لێ دروستکراوە، بەلاّم بە وردبونەوە لە ئاستی ناوەوەیان ( لە ڕوی واتاوە ) دەردەکەوێ، کە ئەم چاوگانە واتای ڕەسەنی خۆیان ناگەیەنن و بە واتایەکی تر دەربڕاون، کە واتای بنەڕەتیەکەی خۆیان نیە، چونکە ئەم چاوگانە تێنە پەڕی بەرکارین.**

**هەندێك لەم چاوگانە کە تێنەپەڕی بەرکارین دەکرێن بە تێپەڕ، ئینجا فەرماندانیان لێ دروستدەکرێن. بۆ نمونە :**

| چاوگی تێنە پەڕ | چاوگی تێپەر | ڕســـــــتـــــە | مۆرفیمی ئارایی | ڕەگی کار | کاتی ئێستا | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مردن | മراندن | خۆت بمرێنە. | بـ+ | مرێنـ+ | ە | Ø |
| خزین | خزاندن | خۆت بخزێنە ناو جەماوەر. | بـ+ | خزێنـ+ | ە | Ø |
| خەوتن | خەواندن | خۆت لەسەر زەویەکە بخەوێنە | بـ+ | خەوێنـ+ | ە | Ø |

**هەریەك لەم ڕستانەی سەرەوە کارەکانیان لە بنەڕەتدا تێنە پەڕن، بەلاّم کاتێك دەکرێن بە ڕستەیەکی فەرمانی، کاری ڕستەکان تێپەڕێنراون، ئینجا کارەکان کراون بە فەرمان و لێرەدا ( مردن، خزین، خەوتن... ) نایەتە ئارا، بەڵکو نواندنی ئەم چاوگانە دێتەئارا.**

**خۆت بمرێنە. # ( یەکسان نیە بە ) خۆت بکوژە = خۆت بکە بە مردو، واتە، نەمردوە.**

**خۆت بخزێنە ناو. # ( یەکسان نیە بە ) خزاندن = چونە ناو ( لە ڕستەی سەرەوە ).**

خۆت بخەوێنە.    # ( یەکسان نیە بە ) بنو             = خۆت وەکو خەوتو لێ بکە. واتە، نەخەوتوە.

ئەوەی لەم ڕستانەدا تێبینی دەکرێ، فەرمان بە هۆی زۆری دوبارەکردنەوەی بەم هەمو واتایە لە ڕێگەی ( دەنگ لە قسەکردن یان پیت لە نوسین )[1]ـەوە بێ،ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر ( لە ڕستەدا هەمو وشەیەك دەتوانێ ببێتە سفر، ئەگەر وێنە هۆشەکیەکەی مێشکی قسەکەر بەهەر شێوەیەك لە مێشکی گوێگر پەیدا ببێ... هەمو وشەیەك لە ڕستەدا بواری ئەوەی هەیە ببێتە سفر ئەگەر بواری ئەوەی بۆ بڕەخسێ. دوا ڕادەی بونە سفری وشەکان تا ئەو کاتەیە، گوێگر لە مەبەستەکە بگا )[2]. لێرەدا هەندێ جار مۆرفیمی ( بـ )ـی ئارایی دەسوێ دەبێتە سفر( Ø )، ئەمەش دیاریدەیەکی چالاك و باوی ئەو مۆرفیمەیە. بۆ نمونە: ( تێـ( بـ )ـکە، دا( بـ )ـگیرسێنە، هەڵـ( بـ )گرە،... ) ئەوەی جێگای سەرنجە پتر لەو کارانە مۆرفیمی ئارایی دەسوێ، کە دەکەوێتە دوای پێشگرێکی تری، وەك:( دا، هەڵ، ڕا،... ) لە ناو ڕستەدا.

هەندێ جار پێشگرێکی تر پێش ( بـ- ) مۆرفیمی ئارایی دەکەوێ، لەو کاتەدا مۆرفیمە ئاراییەکە دەبێتە مۆرفیمێکی بە خۆشەکی، ڕەنگە بسوێ یان دەربکەوێ. لە زمانی نوسینیدا ( ئەو دیاریدەیە مێژویەکی زۆر کۆنی  نیە لە سەردەمی ( تێگەیشتنی ڕاستی ) هێشتا سەری هەڵنەدابو )[3]. ئەگەرچی ئێستا گۆڕانی ئەم مۆرفیمە بە زەقی هەستپێدەکرێ، ئەمەش ئاساییە، چونکە ( گۆڕانی زمان پەیوەستە بەکاتەوە )[4] ئەم دیاردەیە لە دوای گەیشتنی کاروانی شارستانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، فراوانتر بوە.[5]

| فەرماندان | پێش کار | پێشگر | م. ئارایی | ڕەگی کار | م.ك.ئێستا | ڕاناو |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| بازدە/بازبدە | باز+ | -- | Ø /بـ+ | دە | Ø | Ø |
| داکاسێ/دابکاسێ | -- | دا+ | Ø /بـ+ | کاسێ | Ø | Ø |
| ڕا پەڕن/ڕابپەڕن | -- | ڕا+ | Ø /بـ+ | پەڕ+ | Ø | ن |
| سەرکەون/سەربکەون | سەر+ | -- | Ø /بـ+ | کەو+ | Ø | ن |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا تێبینی دەکرێ، کە مۆرفیمی ( بـ- )ی ئارایی هەمیشە دەکەوێتە  پێش ڕەگی کاری سەرەکی، ئەگەر هەر فرێزێك یان پێشگرێکی تر وەك پێشگر وەربگرێ، ( مۆرفیمی فەرمان دەکەوێتە پێش کەرتی کارەکە و نەك پێش کەرەسەی یەکەمی لێکدراوەکە )[6].

---

1 – Henry.C. Wycil, The Growth Of English, P:93.

٢ – عەبدوللا حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا، وشەی سفر و مۆرفیمی سفر، ل١٧.

٣– ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ل١٢٥.

4 -John Lyons, Language and Linguis cs, P:179.

٥ – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گۆڕانی زمان بڕوانە: عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مێژووی شێوەزاری گەرمیان ( لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی مێژووییە )، ل١-٢٧.

٦ – یوسف شریف سەعید، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسی، ل٥٧.

**هەندێ کات (بـ-)ی مۆرفیمی ئارایی دەسوێ، ئەگەر زیادەیەکی تر (پێشگر) بکەوێتە پێش ئەم مۆرفیمە، ئەوە (بە پێی یاسایەکی بە ئارەزوە (Optional) لە حالەتی دروستبوون و پێکهاتنی وشە)[1] کار دەکا، بەلاّم هیچ کاریگەریی ناکاتە سەر واتایی ئارایی ڕستەکە. لەبەر ئەوەی (هەمو ڕستەیەکی کورتکراوە پەیوەندیی تەواوی بەم ڕەوتە زمانیە هەیە کە ڕستەکەی تێدا بەکارهێنراوە بە پێی لابردنی بەشەکانی ڕستە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ)[2].**

**لە فەرماندانداا هەندێ چاوگ بەبێ هیچ پێشگرێکی ئارایی، وشەکان خۆیان چەمکی هاتنە ئاراییان تێدایە. بۆ نمونە:**

| فەرماندان | ئاستی ناوەوە | م.ئارایی | مۆرفیمی ناوێزە | ناوبڕ | کاتی ئێستا | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وەرە | کردەی نزیکبونەوە ئە نجام بدە/بهێنە ئارا | Ø | وەر | Ø | ە | Ø |
| (بـ)فەرمون[3] | ڕۆیشتن ئە نجام بدەن/بهێننەئارا. | (بـ+) | فەرمو | Ø | Ø | ن |
| قەدەغەیە | دەستکاری ئە نجام مەدە/مەهێنە ئارا | Ø | قەدەغە | یـ+ | ە | Ø |

**لەم ڕستانەی سەرەوە ئەوەی جێگای سەرنجە، پێشگری (بـ)ی ئارایی لە کاری فەرمانی دەرنەکەوتوە،[4] هەرچەندە دەشێ مۆرفیمی ئارایی دەرنەکەوێ و ببێتە مۆرفیمێکی بە ئارەزو ، بەلاّم ئەمە لە کاتێکدا دەبێ، پێشگرێکی تر پێش مۆرفیمی ئارایی بکەوێ. لێرەدا ئەمانە بەبێ ئەوەی هیچ مۆرفیمێکی تر بکەوێتە پێش مۆرفیمی ئارایی، ئەوە مۆرفیمی ئارایی سواوە. دەشێ لە هەندێ کار بە هۆی زۆری دەربڕین و سوککردنی ئاخاوتن و کەمکردنەوەی فشاری سەر دەم و زارەوە بێ، لە سەرەتای کاری فەرمانیدا مۆرفیمی (بـ-) دەنەکەوێ.[5]**

---

١ - ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ل١٧٣.

2 - F.R.Palmer, Seman cs, P 38.

٣- بڕوانە: هەژار، هەنبانە بۆرینە، ل٥٢٥.

٤- زەرێ یوسوپۆڤا، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، ل١٥٠.

٥ - هەندێ جار فەرماندەر (قسەکەر- نوسەر) زیاتر لە فەرمانێ ئاڕاستەی (گوێگر- خوێنەر) دەکا، ئەمەش بەشێوەی ڕستەی لێکدراو دەبێ. لێرەدا گوێگر ئازادی زیاتری پێدەدرێ و سەرپشك دەبێ بە ئارەزو یەکێك لە کارەکان هەڵبژێرێ و بهێنێتە ئارا. ئەم ڕستانەش بەهۆی یەکێ لە ئامرازەکانی لێکدانە،( کە بەزۆری (یان-یان) لێکدەدرێن).(ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، ل٩٦) بەو مەبەستەی کارێکیان بیهێنێتە ئاراوە (تەنیا کاری یەکێ لەهەر دوو ڕستەکە ڕوودەدا و جێبەجێ دەکرێ). (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل ٣٥) بۆیە دەتوانرێ ئەم ڕستە لێکدراوە فەرمانیانەی سەرەوە بەڕستەی (هەڵبژاردنی یەك ئارایی) ناوببردرێ.بۆ نمونە:

- یان بـخوێنن، یان کار بـکەن.
- یا زانا بـە، یا پرسا بە.
- یا بمخوازە یان دەستم لێبەردە.

**هەروەها ڕستەکانی فەرماندان بەشێوەیەکی گشتی لە فۆڕمی بچوکترین ڕستەی سادە ( یەك وشەیی ) دەردەبڕدرێن ( دوا ڕادەی بونە سفری وشە و مۆڕفیمەکان تا ئەو ڕادەیە کە گوێگر تێی دەگا )[1]، بەشە ناسەرەکیەکانی ڕستەکە دەسوێن و دەرناکەون ( ئەم بەشانەی لابردراون بۆ ئاخێوەرانی زمان بە ئاسانی دیاری دەکرێن )[2]. لەبەر ئەوەی هەردو کەس ( فەرماندەر و فەرمانپێکراو ) بەرامبەرن لەم ڕستەیەدا. بەم پێیە ( هەمو وشەیەك دەتوانێ ببێتە سفر، ئەگەر وێنە هۆشەکیەکەی مێشکی قسەکەر بە هەر شێوەیەك لە مێشکی گوێگر پەیدا ببێ )[3] لێرەدا دەوروبەری ئاخاوتن لەم ڕستانەدا ڕۆلی گرنگ دەبینێ .**

## ٢.١.٢: بواری ڕودانی ڕستەی فەرماندان:

**بواری ڕودانی کار لە ڕستەی فەرماندانذا دەمکاتی ئێستایە[4] ( دەمکاتی ئاخاوتن )[5]، مۆڕفیمی کاتی ئێستا بە پێی ڕۆنان بە هەردو فۆڕمی دیار ( ە ) و فۆڕمی نادیار سفر ( Ø ) خۆی دەنوێنێ. لە ڕستەی فەرماندان ئەگەر بکەر کەسی دوەمی تاك بێ، ئەوە ڕاناوی لکاو دەبێتە سفر( Ø ) و مۆڕفیمی ( -ە )ی کاتی ئێستا دەردەکەوێ، بۆ نمونە :**

- **بنوسە** ← بـ+نوسـ+ـە+Ø.
- **بخوێنە** ← بـ+خوێنـ+ـە+Ø.
- **بکێڵە** ← بـ+کێڵـ+ـە+Ø.
- **بخەوە** ← بـ+خەو+ە+Ø.
- **بنێرە** ← بـ+نێر+ە+Ø.

**بەلاَم ئەگەر ڕەگی کارەکەی بە بزوێن کۆتایی هاتبێ، ئەوە مۆڕفیمی ( ە ) لە کاری فەرماندانذا دەسوێ (کاتێك ڕەگی کارەکە کۆتایی بە پیتێکی بزوێن بێ، ( ە )ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا ئەبێتە مۆڕفیمی سفر و دەرناکەوێ )[6]. لێرەدا دو بزوێن دەکەونە دوای یەکتر، لە زمانی کوردیشدا دو بزوێن بە دوایی یەکەوە نایێن، بۆیە لەم کاتەدا پێویستە ناوبڕ وەربگرێ یان بزوێنێکیان بسوێ. لەبەر ئەوەی مۆڕفیمی کاتی ئێستا**

---

١- عەبدوللاَ حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا، وشەی سفر و مۆڕفیمی سفر، ل٢٦.

٢- ازیتا افراشی، ساخت زبان فارسی، ل١٤٧.

٣ - عەبدوللاَ حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا، وشەی سفر و مۆڕفیمی سفر، ل٢٠.

٤- سعید سدقی، مختصر صرف و نحوی کوردی، ل٣٩.

٥ - پینج استاد، دستور زبان فارسی، ل١٠٩.

٦- عەبدوللاَ حوسێن ڕەسول، مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١٧٦.

بزوێنێكی كورتتره به ئـاسانی دەسوێ، بۆیه مۆرفیمی (ە) دەبێته سفر (∅) و ناوبڕی وەرنەگرتوە،* واته، فەرماندان ئاڕاستەی كەسی دووەم دەكرێ، ڕاناوی لكاو بۆ كەسی دووەمی تاك سفره (∅) و بۆ كەسی دووەمی كۆ (ن)ـه. له كەسی دووەمی كۆدا به هۆی ئەوەی (ن)ی ڕاناوی لكاو دەردەكەوێ (ە)ی مۆرفیمی كاتی ئێستا دەرناكەوێ و دەبێته سفر (∅)، بەلام ڕاناوی لكاوی كەسی دووەمی تاك سفره (∅) بۆیه (ە)ی مۆرفیمی كاتی ئێستا دەردەكەوێ، به مەرجێ ڕەگی كارەكه كۆتایی به بزوێن نەهاتبێ. بۆ نمونه:

| ڕســـــته | م. ئارایی | ڕەگی كار | م. ك. ئێستا | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|
| بخۆ/ بخۆن | بـ+ | خۆ+ | ∅ | ∅/ن |
| بلێ/بلێن | بـ+ | بلێ+ | ∅ | ∅/ن |
| بشۆ/بشۆن | بـ+ | شۆ+ | ∅ | ∅/ن |

ئەگەرچی لەم ڕستانەدا ئەو كارانەی ڕەگەكەیان بەنیمچه بزوێنی (و) كۆتایی دێ، دەشێ مۆرفیمی (ە)ی كاتی ئێستا ببێته مۆرفیمێكی خۆشەكی . بۆ نمونه:

- بنو(ە) ∅.
- بجو(ە) ∅.
- بدرو(ە) ∅.

لێرەدا مۆرفیمی كاتی ئێستا (-ە) بۆته مۆرفیمێكی بەئارەزو، چونكه فۆنیمی (و) نیمچه بزوێنه، ئەگەر (-ە)ی مۆرفیمی كاتی ئێستا دەركەوت (-و)ەكه دەبێته نەبزوێن، ئەگەر (-ە) دەرنەكەوت، ئەوە (-و) به بزوێن دادەنرێ. هەرچی بۆ كەسی دووەمی كۆیه، ئەگەر ڕەگی كارەكه به بزوێن یان نەبزوێن كۆتایی هاتبێ، ئەوە مۆرفیمی كاتی ئێستا دەرناكەوێ و دەسوێ، چونكه ڕاناوی لكاو (ن) هەمیشه دەردەكەوێ، دەبێته هۆی سوانی مۆرفیمی كاتی ئێستا. بۆ نمونه:

- بنوسن ← بـ+نوسـ+∅+ـن.
- بڕۆن ← بـ+ڕۆ+∅+ن.
- بكێڵن ← بـ+كێڵـ+∅+ـن.

هەرچەنده ئاماژه بۆ ئەوە دەكرێ له فەرماندان مۆرفیمی كاتی داهاتوی (ێ)ی تیادا دەردەكەوێ، واته، فەرماندان له ئێستادایه و مۆرفیمی كاتی داهاتوشی لەگەڵ دایه، (كاری فەرماندان (أمري) مۆرفیمی كاتی ئێستا و داهاتوی تێدایه)[1] ئەمەش تەنیا له چاوگه ئەلفیەكان به دیار دەكەوێ، بەلام ئەم مۆرفیمه له ڕوی واتاوه ڕۆلێكی سەرەكی ناگێڕێ، چونكه كاری فەرماندان جەخت لەسەر كاتی ئێستا دەكاتەوە و تیشكۆی

---

(*) له هەندێ كاری وەكو ( بكە∅∅رەوە، بخۆ∅∅رەوە، ببە∅∅رەوە، بشۆ∅∅رەوە، بلێـ∅∅رەوە، ... ) دیسانەوە جگه لەوەی ڕاناوی لكاوی كەسی دووەمی تاك دەسوێ، مۆرفیمی كاتی ئێستاش سواوە.

١- عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمه ڕێزمانیەكانی كار، ل٢١٣-٢١٤.

مەبەستی فەرماندەر لە سەر مۆرفیمی کاتی ئێستایە. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە بواری ڕودانی کاری فەرماندان بەرەو داهاتو ناچێ. بۆ نمونە کە باوکێك بە کوڕەکەی دەڵێ: (کوڕم بخوێنە.) ڕەنگە مەبەستی باوکەکە جگە لە ئێستا داهاتوش بێ. لەم چاوگانەی خوارەوەدا مۆرفیمی کاتی داهاتو بە ئاشکرا دەردەکەوێ، کە بریتین لە چاوگە ئەلفیەکان:

| چاوگ | ڕستە | مۆرفیمی ئارایی | ڕەگی کار | م.ك.داهاتو | م.ك.ئێستا | ڕاناو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سوڕان | بسوڕێ | بـ+ | سوڕ+ | ێ | Ø | Ø | تاك |
| گەڕان | بگەڕێ | بـ+ | گەڕ+ | ێ | Ø | Ø | |
| جوڵان | بجوڵێن | بـ+ | جوڵـ+ | ێـ+ | Ø | ن | کۆ |
| دوان | بدوێن | بـ+ | دو+ | ێـ+ | Ø | ن | |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، مۆرفیمی کاتی داهاتو لە چاوگە ئەلفیەکان دەردەکەوێ، ئینجا لەبەر ئەوەی (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو بزوێنە، (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا لە کەسی دوەمی تاك دەرناکەوێ، بەلاَم لە چاوگەکانی تر مۆرفیمی کاتی ئێستا لە کەسی دوەمی تاك دەردەکەوێ، لەبەر ئەوەی (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا کورتترین بزوێنە، ئەگەر لەگەڵ بزوێنەکانی تر بێ، ئەوە ئەم بزوێنە کورتە دەسوێ. بۆیە ئەم مۆرفیمە لە چاوگە ئەلفیەکان دەسوێ و دەرناکەوێ، بەلاَم (بـ-)ی مۆرفیمی ئارایی وایکردوە ئەم جۆرە ڕستانە واتای هێنانە ئارا و فەرماندانەکەیان بپارێزن.

بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیمی (ێ) لە ڕستەی فەرماندان دەربکەوێ یان دەرنەکەوێ، ئەرکی بنەڕەتی واتایی ناکەوێتە سەر بەتاییەتی لەم جۆرە ڕستانەدا نەدەردەکەوێ و نە لە ڕوی کاتەوە ئەرکی بنچینەی واتای هەیە. واتە، لە ڕستەی فەرماندانداندا بە فەرامۆشکردنی بواری کاتی داهاتو، لەبەر ئەوەی لاوەکییە، تیشك دەخرێتە سەر کاتی ئێستا (دەمی ئاخاوتن)، وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەکرێ:

| فەرماندان | م.ئارایی | ڕەگی کار | م.ك.ئێستا | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|
| بگرە | بـ+ | گر+ | ە | Ø |
| بنوسە | بـ+ | نوسـ+ | ە | Ø |
| باژۆن | بـ+ | (هـ)ـاژۆ+ | Ø | ن |
| بشۆن | بـ+ | شۆ+ | Ø | ن |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) نە شێوەی دەردەکەوێ و نە ڕۆڵی واتایی دیارە، کەچی لە فەرماندانندا کاتی ئێستا دەربکەوێ یان دەرنەکەوێ، بە پێی ئاوازی ڕستەکە جەخت و تیشکۆی کات هەر لەسەر ئەو مۆڕفیمەیە و ڕودانی کاری فەرمانەکە لە هەمان دەمکاتدا دێتە ئارا. هەر گۆڕانێك لە کات

دەبێتە هۆی گۆڕانی جۆری ڕستەی ئاراییەکە. مۆرفیمی (ێ) لەگەڵ ئەوەی لە هەندێ کاری ڕستەی فەرماندان دەردەکەوێ، لە هەندێ کاری تر دەرناکەوێ، بەڵام لە هیچ یەکێکیان ڕۆڵی سەرەکی نابینێ. لەبەر ئەوەی هێز ناکەوێتە سەر ئەم مۆرفیمە و بە ئاوازەی فەرماندان دەردەبڕدرێ. بۆ نمونە:

- تۆ! ژمارەی نهێنیەکانم پێ بـــڵێ! (فەرماندان)
- با ئەو بۆ خۆی گۆرانی بـــڵــێ! (داخوازی)
- هێی! ئەو تۆپەم بۆ بـــاوێ! (فەرماندان)
- ئەوە چیە؟ دەبا هەر پەلاران بـــاوێ! (داخوازی)
- سێ جاران بە ڕاکردن بە دەوری بازنەکەدا بـــسوڕێ! (فەرماندان)
- دەبێ تاکەی ئەم گەردونە هەروا بـــسوڕێ؟ (پرسیار)

ئەگەر سەرنج لە ئاوازەی دەربڕینی ئەم ڕستانەی سەرەوە بدەین، ئەوە شێوەی دەربڕینی ئاوازەی ڕستەکان لەیەکەوە نزیکن بەوەی هەردو جۆری ڕستەکان لە سەرەتادا ئاسۆیی و ڕاست دەڕۆن، لە کۆتایدا لە فەرماندان ئاوازەکە بەرەوخوارەوەیە. هەرچی داخوازیشە لە کۆتایی بەرەو لێژبونەوەیە، بەڵام ڕێژەی نزمبونەوەی ئاوازەی داخوازی (زۆر کەمترە لە فەرماندان)[1]. هەروەها وەستان(stop) و هەڵوەستەش (Pause) کاریگەرییان هەیە لەسەر جیاکردنەوەی زیاتری ئەم ڕستانە.

## ٣.١.٢: فەرماندان لە چاوگی (بون) دا:

لە کاتێکدا (بون) دەبێتە کاری سەرەکیی ڕستە، واتا بنەڕەتیەکەی خۆی (ئارایی) بە زەقی لە فەرماندانداندا دەردەکەوێ. ئەو توخمەی وەك فرێزێکی ناوی (کە بە زۆری ئاوەڵناوە) دەکەوێتە پێش مۆرفیمی ئارایی (بـ)، دەبێتە مەبەستی کەسی فەرماندەر بۆ هێنانە ئارایی لە کەسی فەرمانپێکراو، ئینجا فەرمانپێکراو کەسی دوەمی تاك بێ یان کۆ. بۆ نمونە:

| ڕستەی فەرماندان | مەبەستی فەرماندان |
|---|---|
| پیاو بە | پیاوەتی لە ڕەفتارت بهێنە ئارا. |
| دڵنیا بە | دڵنیایی/ بێگومانی لە دەرونت بهێنە ئارا. |
| بێدەنگ بن | بێدەنگی لە خۆتان بهێننە ئارا. |
| مێوان بن | مانەوە لەلای ئێمە بهێننە ئارا. |

[1] - عەبدوللا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل ٥٣.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ڕەگی چاوگی (بون) کاری سەرەکی ڕستەیە، بەڵام لە ڕستەکانی وەك: (بنوسە، بخەون، بڕێژە،...)دا ڕەگی چاوگی (بون) کاری سەرەکی ڕستەکە نیە، بەڵکو مۆرفیمی ئارایی (بـ-) پێشگری کاری سەرەکیە.

ئەگەرچی (بون) چاوگێکی تێنە پەڕی بەرکاریە، بەڵام لەم جۆرە ڕستانەدا وەك تێنە پەڕی بکەری ڕەفتار دەکەن و فەرماندەر (قسەکەر- نوسەر) فەرمان بە فەرمانپێکراو (گوێگر - خوێنەر) دەکا، گۆڕانکارییەك لە خۆی بهێنێتە ئارا. ئەم هێزی گۆڕینە لە ڕەگی کاری سەرەکیدا نیە، بەڵکو لە (بـ)ی مۆرفیمی ئاراییە. بۆ نمونە:

| ڕستەی فەرماندان | فرێز | ڕەگی کاری | کات | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|
| زیرەك بە | زیرەك | بـ+ | ە | Ø |
| بەهێز بە | بەهێز | بـ+ | ە | Ø |
| هێمن بن | هێمن | بـ+ | Ø | ن |
| دڵنیا بن | دڵنیا | بـ+ | Ø | ن |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێ، مۆرفیمی (بـ-)ی پێشگری ئاراییە کە دەچێتە سەر ڕەگی سەرەکی کاری (بو) لە دەمکاتی ئێستادا، بەڵام لەم ڕستانە پێویستی بە دوبارەکردنەوەی پێشگری ئارایی نیە، چونکە ڕەگی کاری سەرەکی چاوگی (بون)ە. لێرەدا تەنیا یەك لەم دو مۆرفیمە ئاراییەی پێویستە تا فەرمانی هاتنە ئارایی بە فرێزە ناویەکە بدا. تەنیا مۆرفیمی کاتی ئێستای تێدا دەردەکەوێ (ڕستەی فەرماندان تەنیا مۆرفیمی کاتی ئێستایی تێدایە)[1]. واتە، (بـ)ی ڕەگی کاری سەرەکی دەسوێ، چونکە (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی یەکە بەهەمان واتا، بۆ شاییە واتاییەکە پڕدەکاتەوە.

هەندێ جار ئەم جۆرە ڕستانە شێوەی ئاسایی فرێزی کاری وەردەگرن، واتە، جگە لەوەی (بون) ڕەگی کاری سەرەکی ڕستەکەیە مۆرفیمی (بـ-)ی ئارایی وەکو پێشگر وەردەگرێ، لەم بارەدا فرێزە ناویەکە وەك بەرکارێکی بەیاریدە دوای کاری فەرمانەکە دەکەوێ. وەك:

- مامۆستا بە. ← ببە بە مامۆستا.
- پیاو بە. ← ببە بە پیاو.
- ژن بە. ← ببە بە ژن.

لەم ڕستانەی سەرەوە وردبینەوە لە هەردو بارەکەدا مۆرفیمی (بـ) هەمان ڕۆلی واتایی دەبینێ، کە گۆڕانکاریی ئاراییە. لەم کاتەدا فرێزە ناویەکە دێتە دوای فرێزە کاریەکە و مۆرفیمی (بـ-)ی پێشگرو ڕەگی

١- عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی بوون و هەبوون لە کوردیدا، ل٦٦.

(بـ)ی بەیەکەوە دەردەکەون. لێرەدا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ لە کاتێکدا کاری ڕستەکە ئاسایی بێ، بە پێی سیستەمی زمانی کوردی (SOV)یە، ئەوە مۆڕفیمی (بـ-)ی پێشگر دەسوێ.

لە ڕستەی فەرماندانەدا کاتێك کاری ئارایی ڕستەکە دەکەوێتە پێش فرێزی ناوییەکە {گۆڕانکاری ئارایی (بوون بە) دروستدەبێت، بۆ ئەوەی دۆخی ئاراییەکە بگۆڕێ}[1] بەم شێوەیە:

| ڕستە | پێشگری ئارایی | ڕەگی کار | کات | ڕاناو | بەستن | فرێز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ببە قوتابی | بـ+ | بـ+ | Ø | Ø | ە | قوتابی |
| ببە دایك | بـ+ | بـ+ | Ø | Ø | ە | دایك |
| ببە سەردار | بـ+ | بـ+ | Ø | Ø | ە | سەردار |
| ببنە شۆڕشگێڕ | بـ+ | بـ+ | Ø | نـ+ | ە | شۆڕشگێڕ |
| ببنە مامۆستا | بـ+ | بـ+ | Ø | نـ+ | ە | مامۆستا |
| ببنە پاسەوان | بـ+ | بـ+ | Ø | نـ+ | ە | پاسەوان |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا لەبەر بونی دو بزوێنی (ە)ی کاتی ئێستاو مۆڕفیمی بەستن یەکێکیان دەسوێ. ئەو مۆڕفیمەی کە دەسوێ کاتی ئێستایە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر بکرێ بە کۆ فۆڕمەکان دەبنە (ببنە شۆڕشگێڕ، ببنە مامۆستا، ببنە پاسەوان،...). لە کەسی کۆدا مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەرناکەوێ، کەچی ئەم مۆڕفیمی (ە) وەك خۆی ماوە بۆیە ئەو مۆڕفیمە مۆڕفیمی (ە)ی بەستنە.

لێرەدا ئەگەر (بون) کاری سەرەکی ڕستە بێ، ڕستەکە لە دو فۆڕمی ڕوٚنان دەردەکەوێ:

١- ئەگەر فەرماندەر فەرمانی کرد بۆ ئەوەی فەرمانپێکراو شتێك لە خۆی بهێنێتەئارا، فرێزە ناویەکەی بکەوێتە پێش کارەکە، ئەوە مۆڕفیمی (بـ)ی ئارایی خۆی ئەرکی واتایی ڕەگی کاری سەرەکیش دەبینێ و مۆڕفیمی (بـ)ی ڕەگی کار دەسوێ. وەك:

- ژیر بە.
- زیرەك بە.
- گوێڕایەڵ بە.
- ئازا بە....

لەم ڕستانەدا بە زۆری فرێزە ناویەکان پتر (ئاوەڵناوی) دەبن، بەڵام ئەگەر فرێزە ناویەکان بکەونە دوای (بون)، لێرەدا (بـ-) مۆڕفیمی ئارایی جگە لە ڕەگی کار ئەم مۆڕفیمە دوبارە دەبێتەوە و دەبێتە مۆڕفیمی ئارایی پێشگر لە ڕستەکەدا. وەك:

---

١- عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی بوون و هەبوون لە کوردیدا، ل ٦٨.

- ببه به مامۆستا.
- ببه به برا.
- ببه به منداڵ....

ئەوەی لەم ڕستانە جێگەی سەرنجە ئەوەیە، فرێزە ناویەکان پتر (ناو) دەبن و دەبن بە بەرکاری بەیاریدە و ئامرازی (بە)ی پەیوەندییان لە پێش دێ، هەندێك جاریش تەنیا (ە)ی مۆرفیمی بەستن دەکەوێتە نێوانیان. وەك:

- ببە مامۆستا.
- ببە ئەندازیار.
- ببنە برا.
- ببنە منداڵ....

٢- فەرماندان لە چاوگی (هەبون)دا دروستناکرێ، چونکە خۆی شتێك هەیە و لە ئارادایە {لە فۆڕمی (لە ئارادا هەبوون) دروست نابێ}[١]. ناتوانرێ، داوای هاتنە ئارایی لێبکرێ کەواتە پێشگری خاوەنداری (هە) ناچێتە سەر چاوگی (بون) لە ناو ڕۆنانی کاری فەرماندانادا، لەبەر ئەوەی کاتێ توخمی چاوگەکە خۆی لە ئارادا بێ، ناتوانرێ فەرمانی هێنانە ئارایی پێبکرێ.

## ٤.١.٢: فۆڕمەکانی هێنانە ئارایی لە فەرماندانادا:

ڕستەکانی فەرماندان بە زیاتر لە فۆڕمێك دەردەبڕدرێن، هەر یەك لەم فۆڕمانە لە ڕوی شێوەی دەرکەوتنیان، جیاوازی لە ڕۆنانی کارەکانیان بەدیدەکرێ، بەلاَم لە ڕوی ناوەڕۆکەوە هەمویان بەهەمان واتای فەرمانی دێن و (هەڵدەستن بە هێنانە ئارای کارێك یان گۆڕانی دۆخێك)[٢]. فۆڕمەکانی فەرماندان لەم شێوانەی دەخرێنە ڕو:

### یەکەم: بونی (بـ-)ی مۆرفیمی ئارایی:

ئاشکرایە، پێشگری (بـ-)ی مۆرفیمی ئارایی، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتنی کاری ڕستەی فەرماندان دەرکەوتنی لەگەڵ ڕەگی کاری سەرەکی هاتنە ئارایی بە کارەکەی دەدا. وەك:

- کاکە نان بـــهێنە.
- نامەیەکم بۆ بـــنوسە.
- کوڕم درەنگە، بـــنو.

---

١- عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی بوون و هەبوون لە کوردیدا، ل٧٠.

٢- حسن احمدی گیوی و حسن انوری، دستور زبان فارسی ١، ل١٩٨.

- بـــبه به ئەندازیار.
- بـــبه به مامۆستا.

## دووەم: سوان و دەرنەکەوتنی مۆرفیمی (بـ- )ی ئارایی:

هەندێ جار مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی بون له کاری فەرمانیدا دەسوێ، له ئەنجامدا مۆرفیمی ئارایی دەرناکەوێ و دەبێتە مۆرفیمێکی سفر ( Ø ). بەم شێوەیە :

- ئەم بارە هەڵـØـگرە. ( هەڵبگرە )
- ئەم کتێبانە داØگرە. ( دابگرە )
- ئەم مافورە ڕاØخە. ( ڕا بخە )
- گەلەکەتان سەرØخەن. ( سەر بخەن )
- دوژمنان لەوڵات دەرØکەن. ( دەربکەن )

لەم ڕستانەی سەرەوە هەرچەندە لە ئاستی سەرەوە ( Surface Struture ) مۆرفیمی ئارایی بوە بە سفر (Ø)، بەڵام لە ئاستی ناوەوەدا (Deep Structer) ڕۆڵی واتایی خۆی هەر دەمێنێ فەرامۆش نەکراوە، واتە، بە هەمان ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکی خۆی دەردەکەوێ.

شایانی باسە لەم جۆرە ڕستانەدا ( -بـ- )ی مۆرفیمی ئارایی خۆشەکیە (بە ئارەزو)، دەتوانرێ دابنرێ، بەڵام سوان و دەرنەکەوتنی کرداری دەربڕین و گۆکردن ئاسانتر دەکا.

## سێیەم: نەبونی مۆرفیمی ئارایی:

مۆرفیمی ئارایی بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناو زۆربەی کارەکانی ڕستەی فەرمانی دەردەبڕدرێ، بەڵام لە هەندێ کاردا ئەم مۆرفیمی پێشگرە هەندێ جار دەرناکەوێ. لێرەدا ئەم فۆڕمەی فەرماندان بە کورتترین شێوە لە ئاخاوتن دەردەبڕدرێن، واتە، بەبێ دەرکەوتنی مۆرفیمی ئاراییە. ئەم ڕستانە لە ڕوی فۆڕمەوە بەشێوەی فەرماندان دەرنەبڕدراون، کەچی لە ڕوی واتاوە ئەم ڕستانە واتای فەرماندانی تێدا هاتۆتە ئارا. بۆ نمونە :

- بقڤەیە! (بۆ منداڵ)
- کخخە!
- دەی! (بۆ مرۆڤی پێگەیشتو)
- شش!
- بەس!
- کش! (بۆ باڵندە)
- کوڕڕش! (بۆ وڵاخ و گوێدرێژ)

- **هۆش!**
- **تەس!** **(ولاخ پێی هەڵبڕێ).**
- **وەحە!** **(بۆ گاومانگا)**
- **هەچچە!** **(بۆ گیانەوەری بارهەڵگر کەرو ولاخ)**
- **چغە!** **(بۆ سەگ)**
- **گدی!** **(بۆ کارو بەرخ)**
- **یخ!** **(بۆ وشتر)**

**بە وردبونەوە لەم ڕستانەی سەرەوە لە ڕوی واتاییەوە تێبینی دەکرێ، هەر کارێکیان فەرمانی هێنانەئارایی کار و کردەوەیەك دەگەیەنن و بە مەبەستێك و لە بارێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن (دەتوانرێ داوای هێنانەئارای کارێك بکەی بە بێ بەکارهێنانی فۆڕمی ڕستەی فەرمانداندان)[1] واتە، لە ڕوی پێکهاتنەوە هیچ یەکێکیان مۆڕفیمی (بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون)ی ئاراییان تێدا دەرناکەوێ. ئەمەش لەوە دەچێ، ئەم وشانە تایبەت بن و کەمتر بە بەر یاساکانی ڕۆنان و داڕشتن بکەون، بۆیە لە فەرهەنگ جێگایان نابێتەوە یان کەمتر دەبینرێن.**

## ٥.١.٢: بکەرنادیاری و فەرماندان:

**ئاشکرایە ناتوانرێ داوا لە کەسێکی شاراوە (نادیار) بکرێ کارێك ئەنجام بدا، واتە، فەرماندان لە ڕستەی بکەرنادیار دروستناکرێ. هەرچەندە لە سەرەتای توێژینەوەکانی زمانەوانی باس لە پێکهاتنی بکەرنادیاری دەکەن، لە ژێر ناونیشانی بابەتی (فەرمانی ئەمر). باسی کاری (ئەمر)یان لەگەڵ کاتەکانی کاردا کردوە بە لاساییکردنەوەی ڕێزمانی عەرەبی[2]، بەلاّم لە کەتواردا (واقع) فەرمان بەسەر کەسێکی بزر و شاراوەدا ناکرێ. ئەوەی باسکراوە بەناوی فەرماندان (هەمان شێوەی ڕانەردووی ئیلزامی (داخوازی)یە، چونکە - ڕستەی فەرمانی - لە کوردیدا ناکرێ بە نادیاری).[3] ئەم دەرنەکەوتنە تەنیا لە زمانی کوردیدا نیە، بەڵکو (ئەمە دیاریدەیەکی جیهانیە)[4] هەرچەندە ڕستەی فەرماندان لە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕی بکەری دروستدەکرێ، بەلاّم لابردنی بکەر دەبێتە هۆی لادان لە یاسا گشتیەکەی فەرماندان.**

**ئەوەی لێرەدا مەبەستە، ڕستەی فەرماندان لە سنوری ئەم باسەدا ئەوەیە، کە داوا لە بکەر دەکرێ شتێك بهێنێتە ئارا. لە ڕستەی بکەرنادیاردا، بکەرەکە خۆی بونێکی فیزیکی و ئاشکرای لە ڕستەدا لە ئارا**

---

1 – Linda Thomas, Beginning Syntax, P:57.

**٢- لێژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل١٨٢.**

**٣ – فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، نادیاری، ل١٧.**

**٤ – نەریمان عەبدوڵلاّ خۆشناو، بکەر نادیار، ل٥٧.**

نیە، بۆیە ناتوانرێ داوای لێ بکرێ شتێك بهێنێتە ئارا. ئەمە وایکردوە لەڕوی لۆجیك و پێکهاتەی زمانەوە نەتوانرێ ڕستەی فەرماندان لە بکەرنادیاردا دروستبکرێ. بۆ نمونە، کە دەوترێ:

- نامەیەك دەنوسرێ.

لەم ڕستەدا ئەگەرچی ( نامەیەك دەنوسرێ)، بەلاّم نازانرێ کەسی بەرامبەر کێیە؟ کە ئەو نامەیە دەنوسێ، بۆیە ئەگەر کەسی بەرامبەر دیار نەبێ، فەرماندەر نازانێ فەرمان بە کێ بکا؟ تاوەکو ئەو نامەیە بنوسێ.

هەروەها هۆکارێکی تریش لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە کە ڕستەی بکەرنادیاری دەمکاتی ئێستای بە تەنیا نیە:

- هەولێر خۆش کرا / کراوە / کرابو / بکرایە. ( بکەرنادیاری ڕابوردو )
- هەولێر خۆشە! ( بکەرنادیاری ئێستا دروستناکرێ )
- هەولێر خۆش بکرێ. ( بکەرنادیاری داهاتو -داخوازی- )
- هەولێر خۆش دەکرێ. ( بکەرنادیاری ڕانەبوردو -ئێستا+داهاتو- )

دەمکاتی ڕستەی فەرماندان لە کاتی ئێستایە و دەمکاتی ئێستاش هەروەك لەم ڕستانەی سەرەوەدا دیارە لە ڕستەی بکەرنادیاری دروستناکرێ، چونکە ( بون ) کاری سەرەکیە لەم جۆرە ڕستانەدا و ( بون )یش کارێکی تێنەپەڕە، بۆیە ئەمەش هۆکارێکی ترە کە نەتوانرێ ڕستەی فەرماندان لە ڕستەی بکەرنادیاری دروستبکرێ.

## ٦.١.٢: نەرێکردن لە ڕستەی فەرماندانـدا:

ڕستەی فەرماندانی ناکراو، شێوەیەکی تری فەرماندانە لە ڕوی واتاوە بە فۆڕمی نەرێ دەبێ و فەرمانی قەدەغەکردن و دورکەوتنەوە و ئەنجام نەدانی کردەیەکی (کارەکی یان زارەکی) لە فەرمانپێکراو دەکرێ. ئەو جۆرە ڕستانە پێچەوانەی فەرماندانە، فەرمان بە فەرمانپێکراو (گوێگر- خوێنەر) دەکا کە شتێك نەهێنێتە ئارا، کە ڕەنگە ئەگەری ئەوە هەبێ، بەبێ ئەو فەرمانە وا چاوەڕواندەکرێ، فەرمانپێکراو ئەو کارە بکا. واتە، ئەو شتە بهێنێتە ئارا. نەبونی مۆڕفیمی ئارایی (بـ-) لە فەرماندانی ناکراو بە بەلگەیەك دادەنرێ، کە مۆڕفیمی (بـ) واتا و ئەرکی هێنانە ئارایی دەگەیێنێ و ئەم جۆرە ڕستانەش پێچەوانەی هێنانەئاران، بە تایبەتی ئەو بکەرانەی شتێکیان (کارەکی یان زارەکی) هێناوەتە ئارا یان بەنیازی ئەوەن و بەم جۆرە ڕستانە داوایان لێ دەکرێ، ئەو هێنانە ئاراییە نەکەن یان نەیهێلن. وەك:

- جگەرە مەکێشە. ( دیارە بکەرەکە جگەرە دەکێشێ).
- کاری ئەمڕۆ مەخەرە بەیانی. (دیارە بکەر کارەکانی دوادەخا، یان نیازی ئەوەی هەیە کارەکەی دوا بخا )

• کاتتان بە فیڕۆ مەدەن.        ( دیارە بکەر کە کۆیە کاتیان بە فیڕۆ دەدەن ).

لەم جۆرە ڕستانەدا دەردەکەوێ کە مۆرفیمی ( مە ) لە ڕوی واتاوە پێچەوانەی مۆرفیمی ( بـ )ی ئاراییە لە ڕستەی فەرماندانـدا. بۆ نمونە :

| فەرماندان بە ئەریٚ | فەرماندان بە نەریٚ |
|---|---|
| ئەو کارە بــــکە. | ئەو کارە مــــەکە. |
| بــــبە بە مامۆستا. | مــــەبە بە مامۆستا. |
| هەڵبــــگرن. | هەڵمــــەگرن. |
| پیاو بــــن.[1] | پیاو مــــەبن. |

بەڵگەی بەهێزیش بۆ ئەمە کاتێك کە مۆرفیمی پێشگری ئارایی دەگۆڕێن بە مۆرفیمی نەریٚ ئەوە بەڕونی دەردەکەویٚ. مۆرفیمی نەریٚ و مۆرفیمی پێشگری ئارایی دو مۆرفیمن یەکتر لادەبەن Mutually Exclusive. لەم بارەدا هەردو مۆرفیمی ڕەگی کار و نەرێیەکە بە ئاشکرا دەردەکەون. وەك :

- بخەوە. ← مەخەوە.
- دەست هەڵبگرە. ← دەست هەڵمەگرە.
- مەڕەکە سەر ببڕن . ← مەڕەکە سەر مەبڕن.
- جێمبهێڵن. ← جێممەهێڵن.

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کاتێك ڕەگی چاوگی ( بون ) ڕەگی کاری سەرەکییە لە ڕستەی فەرماندان، ڕەگی کارەکە خۆی مۆرفیمی ئاراییە، مۆرفیمی پێشگری ئارایی ( بـ- ) دوبارەیە و دەرناکەویٚ. واتە، مۆرفیمی ئارایی بۆتە سفر ( ∅ )، لێرەدا مۆرفیمی نەریٚ ( مە ) دەبێتە پێشگری ڕەگی کاری سەرەکی و لە شوێنی مۆرفیمی ئاراییە دەرنەکەوتوەکە ( سفر )ەکە دیٚ. بۆ نمونە :

| فەرماندان بە ئەری | فەرماندان بە نەریٚ |
|---|---|
| ژیر ∅ بــــە. | ژیر مــــەبە. |
| دڵسۆز ∅ بــــە. | دڵسۆز مــــەبە. |
| مامۆستا ∅ بــــە. | مامۆستا مــــەبە. |

---

١- لە نمونەی ( پیاو بە ) دا کە دەکرێتە نەریٚ ( پیاو مەبە )، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ڕستەکە لە بنەڕەتدا ( پیاو ببە )یە و بۆ ئاسانی دەربڕین سواوە و بۆتە ( پیاو بە ).

هەر یەك لەم كارانەی سەرەوە داوای دورکەوتنەوە لە هێنانە ئارای کار و کردەوەیەکیان لێدەکرێ، یان فەرمانی قەدەغەکردنی هێنانە ئارای کارێکیان ئاڕاستە دەکرێ. واتە، بکەری ڕستە لەبەرنامەیدایە، یان بە نیازە کارێك بکا، یان گۆڕانکارییەك (زارەکی بێ یان کارەکی) بهێنێتەئارا و فەرماندەر فەرمانی پێدەکا، ئەو گۆڕانکاریانە نەهێنێتە ئارا.

## ٢.٢: بەندی دووەم: ڕستەی داخوازی:[1]

ڕستەی داخوازی، داوای هێنانەئارایی گۆڕانکارییەکی (زارەکی یان کارەکی)یە لە دوای دەمکاتی ئاخاوتن -لە دەمکاتی داهاتودا-. (ئەو فرمانەیە کە داخوازی کردن یا نەکردنی کردەوەیەکی پێ ئەکرێ لەدوای ئاخاوتن).[2] ئەم جۆرە ڕستەیە بە زۆری بەمەبەستی مەرجی بەکاردەهێنرێ، کە تیایدا {کەسی یەکەم (قسەکەر یان نوسەر) چ تاك بێ یان کۆ، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، داوا لە هەر یەکێك بیەوێ، لە هەر شەش کەسەکە تەنانەت خۆیشی دەکا}[3] کارێك بهێنێتە ئارا، بەلاّم هیچ جۆرە دڵنیابونێك لە هاتنە ئارا و بە ئەنجام گەیاندنی ئەم داوایەدا نیە و مەرج نیە گوێگر پابەندی داواکە بێ، دەتوانێ ڕەتیبکاتەوە یا دوایبخا. ئەمەش پتر بۆ ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە کە بواری هێنانە ئارای کارەکە لە کاتی ئێستادا نیە و ڕودانی ئاراییبونی دور دەکەوێتەوە بۆ دوای دەمکاتی ئاخاوتن (داهاتو). لێرەدا ڕستەکانی داخوازی بە واتای جیاواز دەردەکەون. بۆ نمونە:

| | |
|---|---|
| کرێچیم، هەتیمم هەیە، خواخێرتان بنوسێ. | پاڕانەوە |
| خوا دەست بە بالاّتەوە بگرێ. | نزاکردن |
| بۆ ئێمە هەر بمێنی. | پیاهەڵدان و نزا |
| جەرگت بسوتێ. | توککردن |
| خوا خێرت بنوسێ. | سوپاسگوزاری |
| سەد ساڵ بکەی بێگانە پەرستی، دوایی هەردێنی نشوستی. | پەند[4] |

---

١- ئەم جۆرە ڕستەیە بە زیاتر لە زاراوەك ناوبردراوە لەوانە:

ا/ لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاری کورد، بە (فەرمانی نا صریح).

ب/ قیس کاکل تۆفیق، بە (فەرماندانی شاراوە).

پ/ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بە (ڕێژەی ئینشائی) باسیکردوە.

لەم توێژینەوەیە زاراوەی داخوازی لە زاراوەکانی تر بە پەسندتر دەزانرێ.

٢- نوری علی امین، قەواعیدی زمانی کوردی لە صرف و نحودا، ل ٣٢.

٣- عەبدوڵلاّ حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل ٥٢.

٤- پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ،ل٢٤١.

| | |
|---|---|
| تەنیا جارێك سەردانی ماڵی خوام بۆ هەڵبکەوێ، ئەوجا بشمرم ئاساییە. | هیوا و ئاوات |
| تاکەی لە تاریکی بژین. | گلەیی و ناڕەزایی |
| واباشە ڕێز لە میوانەکانی خۆرئاوا بنێین. | داواکاری |
| گەر جارێك ئەو بەرهەمە نوێیە بەکاربهێنن، ناتوانن، دواتر وازبیهێنن. | پڕوپاگەندەی بازرگانی |
| پێویستە ئێمە بەیەك دەنگ لە بەغدا بجەنگین. | پڕوپاگەندەی سیاسی |

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەم جۆرە ڕستەیە پێویستیی بە زیادکردنی مۆڕفیمی (بـ-)ی پێشگری ئارایییە بۆ ڕەگی کارەکە تا هێنانە ئارایی بە ڕوداوی ڕستەکە ببەخشێ. دەتوانرێ کاری هەر یەك لەم ڕستانەی سەرەوە بەم شێوەیە شیبکرێتەوە:

| کاری داخوازی | پێشگر | م. ئارایی | ڕەگی کار | م.ك. داهاتو | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|---|
| بنوسێ | -- | بـ+ | نوسـ+ | ێ | Ø |
| بگرێ | -- | بـ+ | گر+ | ێ | Ø |
| بمێنی | -- | بـ+ | مێنـ+ | Ø | ی |
| بسوتێ | -- | بـ+ | سوتـ+ | ێ | Ø |
| بنوسی | -- | بـ+ | نوسـ+ | Ø | ی |
| بکەی | -- | بـ+ | کە+ | Ø | ی |
| هەڵـ(بـ)کەوێ | هەڵـ | (بـ)+ | کەو+ | ێ | Ø |
| بژین | -- | بـ+ | ژیـ+ | Ø | ین |
| بنێین | -- | بـ+ | نـ+ | ێـ+ | ین |
| بەکاربهێنن | بەکار | بـ+ | (هـ)ێنـ+ | Ø | ن |
| واز(بـ)هێنن | واز | (بـ)+ | (هـ)ێنـ+ | Ø | ن |
| بجەنگین | -- | بـ+ | جەنگـ+ | Ø | ین |

لێرەدا دەردەکەوێ مۆڕفیمی (بـ-)ی ئارایی لە سەرەتای کاری داخوازی دێ و ناتوانرێ لاببردرێ، لە کاتێکدا ئەم مۆڕفیمە دەسوێ و دەبێتە مۆڕفیمێکی خۆشەکیە، کە پێشگرێکی تر وەربگرێ، لێرەدا مۆڕفیمی ئارایی دەتوانێ دەربکەوێ و دەرنەکەوێ.

ڕستەی داخوازی تا ڕادەیەکی زۆر نزیکە لە ڕستەی فەرماندان، هاوشێوەییان لەوەدایە، هەردو ڕستەکان بەهۆی مۆڕفیمی (بـ-)ی پێشگری ئارایییەوە دروستدەبن. واتە، لە ڕوی ڕۆنانەوە هەردوکیان ( پێویستیان

بەزیادکردنی مۆرفیمێکی (بـ) نیشانەی کاری فەرمان و داخوازی )[1]یە. جیاوازییان لەوەدایە: ڕستەی فەرماندان تەنیا ئاڕاستەی کەسی دووەم دەکرێ تاك بێ یان کۆ، بەڵام ڕستەی داخوازی ئاڕاستەی هەموو کەسەکان دەکرێ بە تاك و بە کۆ،[2] جگە لە جیاوازی لە ئاوازی ڕستەکە لە ئاخاوتندا. ڕستەی فەرماندان داوای هێنانە ئارایی کارەکە دەکا لە کاتی ئێستادا، بەڵام ڕستەی داخوازی داوای هاتنە ئاراییەکەی دەکەوێتە دوای دەمکاتی ئێستا. بەم شێوەیە:

| کەس | ژمارە | ڕستەی داخوازی |
|---|---|---|
| یەکەم | تاك | با پێتان بڵێم: بەو مسە ناچنە ئاشی.[3] |
| | کۆ | بێین، هاوکاریتان بکەین؟ |
| دووەم | تاك | تەمەن درێژ بی! |
| | کۆ | دەستی براکانتان بگرن. |
| سێیەم | تاك | ماڵی ئاوابێ! |
| | کۆ | گوڵەکان ئاوبدەن. |

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە لە ڕستەی فەرماندانا ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك دەبێتە مۆرفیمی سفر ( Ø ) دەرناکەوێ. وەك:

- بنوسە<u>Ø</u> کوردستان.

بەڵام لە ڕستەی داخوازیدا (ی) ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك دەردەکەوێ، وەك:

- دەتوان<u>ی</u> بنوس<u>ی</u> کوردستان؟

هەروەها جیاوازییەکی تری ڕستەی داخوازی لەوەدایە، کە ڕستەی فەرماندان بواری کارکردنی لە ئێستادایە. واتە، کەسی دەربڕ بە مەبەستی هێنانە ئارای کارەکە لە ئێستادا بەکاری دێنێ. وەك:

- پێی بڵێ: بخوێن<u>ە</u> Ø.

لێرەدا بواری کارکردنی ڕستەی داخوازی لە کاتی داهاتودایە، واتە، کەسی دەربڕ بە مەبەستی هێنانە ئارای کارەکە لە داهاتودا (دوای ئاخاوتن) بەکاردێنێ. وەك:

- پێی بڵێ: بخوێن<u>ێ</u> Ø.

---

١- محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، ل٧٠.

٢ - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، ل٢٦.

٣- پەندی پێشینانە واتای (کەمتان لەبارادایە، دەبێ تواناتان برەو پێ بدەن).

جگە لەمە، ئەگەر سەرنجی ئەم دو ڕستەی سەرەوە بدەین: ( پێی بڵێ: بخوێنە∅. ) لەگەڵ ( پێی بڵێ: بخوێنیّ∅. )، ئەو ڕاناوەی دەرنەکەوتوە و بوە بە مۆرفیمی سفر( ∅ )، لە ڕستەی یەکەمدا، ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاکە و لە ڕستەی دوەمدا، ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە.

ڕستەی داخوازی لە هەمو جۆرەکانی کاردا دروستدەبێ، تێپەڕ و تێنە پەڕی بکەری و بەرکاری و بکەردیار و نادیار، بەڵام ڕستەی فەرماندان ناتوانرێ لە تێنە پەڕی بەرکاری بەهەمان واتای خۆی دروستببێ، بۆ نمونە: لە ڕستەی فەرماندان کەسی فەرماندەر ناتوانێ فەرمانی مردن بە کەسی دوەم بکا، چونکە ( مردن ) لە دەسەڵاتی بکەردا نیە، بەڵام لە ڕستەی داخوازیدا دەتوانرێ بگوترێ:

- منت بمرێ!
- ئێمەتان لێ بمرێ!
- تۆم لێ بمرێ!
- ئێوەم لێ بمرن!
- دایکت بمرێ!
- نەیارانتان بمرن!

هەروەها فەرماندان لە باری بکەرنادیاریش دروستناکرێ، کە داخوازی لەم بارەدا پێکدێ. وەك:

- سەرکردە بکوژرێ، سوپا دەشڵەژێ.
- ئێمە هەڵبژێردرێین، گەندەڵی ناهێڵین.
- پێویستە خەڵك وشیار بکرێنەوە بۆ پاراستنی ژینگە.

## ١.٢.٢: مۆرفیمی ئارایی و ڕستەی داخوازی:

هاوشێوەی ڕستەی فەرماندان، لە ڕستەی داخوازیدا مۆرفیمی ( بـ- )ی ئارایی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە پاڵ ڕەگی کاردا بۆ ڕۆنان و دەربڕینی مەبەستی داخوازیکار لە هێنانە ئارای شتێکی کردەیی بێ یان زارەکی، بەرجەستە بێ یان واتایی. ئەم جۆرە ڕستانە بۆیە ناونراون داخوازی و لە ڕستەی فەرماندان جیاکراونەتەوە، چونکە دەربڕ ( قسەکەر بێ یان نوسەر ) فەرمان بە بەرامبەرەکەی ( کەسی دوەم ) ناکا، تا شتێکی زارەکی یان کارەکی لە کاتی ئێستادا بهێنێتە ئارا، بەڵکو داخوازیکار داخوازییەك لە نیهادی ( Subject ) ڕستەکە دەکا - هەر یەکێك لە کەسەکان ئامادە بن یان ئامادە نەبن، کە داواکەی لە داهاتودا بهێنێتە ئاراوە. لێرەدا مەرج نیە کەسەکە داوالێکراو (گوێگر-خوێنەر) بەرامبەری داخوازیکار بێ، بۆیە داواکارییەکە لە فۆرمی داخوازی دەنوێنرێ و نابێتە فەرماندان، واتە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن پتر بۆ داوالێکراو بەجێدەمێنێ و شێوەیەکی خۆشەکی ( Option ) وەردەگرێ، نەك زۆرەکی ( Obligation ). بەم شێوەیە دەبێتە ڕستەیەکی داخوازی.

لێرەدا بەپێویست دەزانرێ، بەوردی باسی مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی ڕستەی داخوازی بکرێ، تا سنوری ئەم جۆرە ڕستانە لە ڕستەی فەرماندان جیابکرێنەوە و هیچ لێلواتاییەك تیایاندا دروستنەبێ: مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی هەمان واتا و هێزی هێنانەئارا بەم فۆرمە دەبەخشێ، وەك ئەو ئەرکەی لە کاری فەرماندان هەییو ( -بـ- کە لە کاری بونەوە هاتوە، بۆ نیشانەی داخوازی و ئینشائی بەکارهاتووە )[١].

بۆ نمونە :

| رستەی داخوازی | پێشگر | ڕاناوی خاوەنی بەرکار | م. ئارایی | ڕەگی کار | م.ك. داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن بکەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵـیـ(بـ)گریـن | هەڵـ+ | یـ+ | Ø /بـ+ | گر+ | Ø | ین |
| داتـ(بـ)بەزێنم | دا+ | تـ+ | Ø /بـ+ | بەزێنـ+ | Ø | م |
| سەر(بـ)کەون | سەر | -- | Ø /بـ+ | کەو+ | Ø | ن |
| ڕا(بـ)وەستی | ڕا | -- | Ø /بـ+ | وەستـ+ | Ø | ی |

ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێ ئەوەیە، کاتێك پێشگرێکی تر بکەوێتە پێش مۆرفیمی ئارایی ئەوە ئەو مۆرفیمە (-بـ- دەبێتە مۆرفیمکی خۆشەکی)[٢]. واتە، دەتوانێ دەربکەوێ یان دەرنەکەوێ، هەر بۆیە لە ڕستەکانی سەرەوەدا ئەم مۆرفیمە لە نێوان کەوانە دانراوە.

## ٢.٢.٢: بواری ڕوودانی ڕستەی داخوازی:

ئاشکرایە، بواری ڕودانی کاری داخوازی لە کاتی داهاتودایە و بە مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ / Ø) ئاماژەی پێکراوە. یەکێك لە جیاکەرەوەکانی کاری داخوازی لە کاری فەرماندان، ئەوەیە کە ئەم مۆرفیمە لە هەندێ کاردا، بۆ نمونە: لە ڕەگی چاوگەکانی (سوڕان، شکان، شڵەژان، ترسان، دوان، گریان،....) لە هەمو کەسەکان دەردەکەوێ، لە تێکڕای کارەکانی تردا لە کەسی سێیەمی تاك دەردەکەوێ، وەك:

| | |
|---|---|
| بسوڕێـــم – بسوڕێـــین | بنوسـØم - بنوسـØین |
| بسوڕێـــی – بسوڕێـــن | بنوسـØی - بنوسـØن |
| بسوڕێ Ø – بسوڕێـــن | بنوســیØ - بنوسـØن |

لەم ڕستانەی سەرەوە بە سەرنجدان لە پێکهاتنیان تێبینی ئەوە دەکرێ، کە داواکاری ئاڕاستەی کەسی سێیەمی تاك دەکرێ، ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەم دەرناکەوێ و دەبێتە (سفر)، لەبەر ئەوە مۆرفیمی کاتی داهاتو هەمیشە دەردەکەوێ. جگە لەم کەسە لە زۆربەی چاوگە کوردیەکاندا لە هەمو کەسەکانی تر مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) دەرناکەوێ و بەشێوەی مۆرفیمێکی سفر(Ø) خۆی دەنوێنێ، بە هۆی ئەوەی ڕاناوە

١- طالب حسین علی، هەندێك لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، ل٦٠.

٢- شهرزاد ماهوتیان، دستور زبان فارسی، ل٣٥.

لکاوەکانیان دەرکەوتون. هەرچی چاوگە (ا) ئەلفیە تێنەپەڕەکانن، کاتێ دەگۆڕێن بۆ داهاتو {بە گۆڕینی ئەم (ا)ە بۆ (ێ) ڕەگەکە دەبێ بە داهاتو}[1] ڕاناو دەربکەوێ یان دەرنەکەوێ مۆڕفیمی کاتی داهاتو بە ئاشکرا دەردەکەوێ. {مۆڕفیمی (ێـ)ی کاتی داهاتوو لە چاوگە تێنەپەڕە ئەلفیەکان (ا) لە هەموو کەسەکاندا دەردەکەوێ، بەڵام لە چاوگە تێنەپەڕەکانی تر مۆڕفیمی (ێـ)ی کاتی داهاتو تەنیا لە کەسی سێیەمی تاک دەردەکەوێ}[2].

جیاوازییەکی دیار لە هێنانە ئارایی فەرماندان و داخوازی لەوەدایە کە ئەرکی ئاراییەکەیان بە پێی دەمکاتی ڕوداوی ڕستە دیار دەکرێ. ڕودانی ئارایی ڕستەی فەرمان لە دەمکاتی ئێستایە و ڕستەی داخوازی لە دەمکاتی داهاتوە.

هەروەها لەو چاوگە تێپەڕانەی بەهۆی پاشگری (-اندن) لە تێنەپەڕەوە کراون بە تێپەڕ، مۆڕفیمی (ا)ی چاوگە تێنەپەڕەکە لەبنەڕەتدا مۆڕفیمی ڕابوردوە لە ڕستەی ئاراییدا دەبن بە (ێ). لێرەدا ساغ نەکراوەتەوە، ئایا ئەم مۆڕفیمە بە ناوگر (Inffix) دادەنرێ یان نا؟ وەك:

| تێنەپەڕ | تێپەڕ |
|---|---|
| سوتان ← بسوتێ | سوتاندن ← بسوتێنێ |
| ڕژان ← بڕژێ | ڕژاندن ← بڕژێنێ |
| دڕان ← بدڕێ | دڕاندن ← بدڕێنێ |
| خزین ← بخزێ | خزاندن ← بخزێنێ |

## ٣.٢.٢: ڕاناوی کەسی لە کاری داخوازیدا:

جیاوازیی ڕستەی داخوازی لەگەڵ فەرماندان لە کەسەکاندا لەوەدایە، داواکار (قسەکەر - نوسەر) داوای هێنانە ئارا ئاڕاستەی داوالێکراو (گوێگر - خوێنەر) (بۆ هەمو کەسەکان بەبێ -بیژۆك-)[3] تەنانەت (خۆشی) دەکا، کە ئەرکی هێنانە ئارایی کارێك لە ئەستۆ بگرن، بەم شێوەیە:

| ڕستەی داخوازی | م. ئارایی | ڕەگی کار | م.ك.داهاتو | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|
| بڕۆم | بـ+ | ڕۆ+ | Ø | م |
| بوەستی | بـ+ | وەستـ+ | Ø | ی |
| بجوڵێ | بـ+ | جوڵـ+ | ێ | Ø |

١- وریا عومەر ئەمین، نیشانەی کات لە زمانی کوردیدا، ل٨٩.

٢- عەبدوڵلاّ حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل١٥.

٣- لێژنەی زمان و زانستەکان لە کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل١٨٦.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **بمرین** | **بـ+** | **مر+** | $\varnothing$ | **ین** |
| **بژییَن** | **بـ+** | **ژیـ+** | **یَـ+** | **ن** |
| **بسوتیَن** | **بـ+** | **سوتـ+** | **یَـ+** | **ن** |

**لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، کە ڕاناوەکانی دەستەی ڕێککەوتن (م،ی،$\varnothing$، ین،ن،ن) دەچنە کۆتایی کارە تێنە پەڕەکان، بکەری بن یان بەرکاری.[1] ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك لە ڕستەی داخوازی بە شێوەی (ی) دەردەکەوێ، بەلاّم ئەم ڕاناوە لە ڕستەی فەرماندانىدا دەرناکەوێ و دەبێتە سفر($\varnothing$).**

**شێوەی ڕۆنانی کاری ڕستە، لە کەسی دووەمی کۆی فەرماندان لەگەڵ کەسی سێیەمی کۆی داخوازی هەر دو ڕستەکە (لەئاستی سەرەوە) بەهەمان شێوە دەردەکەون، لە ڕوی (نوسین) ڕوخسارەوە وەك یەکن و ناتوانرێ لەیەکتر جیابکرێنەوە. بۆ نمونە: کە دەڵێی: بسوڕێ.**

**{بسوڕێ = م.ئارایی (ب)+ڕەگی کار (سوڕ) + م.داهاتو (یٚ) +م.ئێستا ($\varnothing$) + جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك ($\varnothing$)} = فەرماندان.**

**{بسوڕێ = م.ئارایی (ب) + ڕەگی کار ( سوڕ ) + م. داهاتو (یٚ) + جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك ($\varnothing$)} =داخوازی.**

**لەم فۆڕمانەی سەرەوەدا ئەوەی جیاوازە دەمکاتەکانە. لە فەرماندانىدا دەمکاتی ئاخاوتنە و مۆڕفیمی کاتی ئێستای تێدایە، بەلاّم داخوازی، لە دەمکاتی دوای ئاخاوتنە و مۆڕفیمی کاتی ئێستای تێدا نیە. لێرەدا ئاستی ناوەوە (ئەم ئاستەی کە پەیوەندیە ناوخۆییەکانی نێوان کەرەسەکانی ڕستەیە و کاریگەری بەسەر واتاوە هەیە)[2]، بەلاّم لە ئاستی سەرەوەدا بە هۆی ئەو پەیوەندییەی ڕۆنانی ڕستەکە بە دەوروبەری ئاخاوتنەوە دەبینرێ، دەتوانرێ لە ڕوی واتاوە لە ئاستی ناوەوە بە ئاسانی جیابکرێتەوە. ئەوەی یارمەتیی ئەو جیاکردنەوەش دەدا، دەوروبەری ئاخاوتن (Context) و ئاوازی ڕستەکەیە.**

**ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەشێك لەم ڕستانە لەگەڵ جۆرێکی تری ڕستەی ئارایی لە فۆڕمدا جۆرێك لە تێکەڵی لە نوسیندا دەبینرێ، بە سەرنجدان لە پێکهاتەی کاری هەر ڕستەیەك لەم ڕستانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە:**

**١- کاری ئەم ڕستانە لە شێوەی (ڕوخساری) نوسینیان و لە ڕوی پێکهاتنەوە وەك یەکن، بەلاّم لە ڕوی واتاوە جیاوازن. بۆ دیارکردنی ئەم جیاوازییە بە هۆی ئاوازە و دەوروبەری ئاخاوتنەوە واتاکانیان دەزانرێ، (بەهۆی ڕەوتی ئاخاوتن و ئاوازی دۆخەکە جیائەکرێنەوە)[3].**

---

**١- دەربارەی دەرکەوتنی ڕاناوە لکاوەکان. بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، ل٧١.**

**٢- ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح، شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا، ل٩.**

**٣- عەبدوللاّ حوسێن ڕەسول، مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١١٨.**

٢- له ناوەرۆكدا له روی واتاییەوە، له ڕەوتی ئاخاوتنی ناو دەقەكە و دەوروبەری پڕاگماتیكی دوانەكە (Discourse) شیدەكرێنەوە. (ئەوەی لەم بارەدا بێ دەبێ له سیاقی ڕستەكەوە ڕێگەی پێ ببرێ)[1]. بۆ نمونە:

- ئێوە بڕۆن. (فەرماندان)
- دەبا لێرە بڕۆن. (داخوازی)
- خۆتان ئامادە بكەن. (فەرماندان)
- دەبا هەر خۆپیشاندان بكەن. (داخوازی)
- دارەكان ببڕن. (فەرماندان)
- با قۆناغێكی تر ببڕن! (داخوازی)

| كاری داخوازی | پێكهاتن | جۆری ڕستە |
|---|---|---|
| بڕۆن | بـ+ ڕۆ+ ە/Ø + ن | فەرماندان |
| بڕۆن | بـ+ ڕۆ+ یـ/Ø+ ن | داخوازی |
| بكەن | بـ+ كە+ ە/ Ø+ ن | فەرماندان |
| بكەن | بـ+ كە+ یـ/Ø+ ن | داخوازی |
| ببڕن | بـ+ بڕ+ ە/Ø+ ن | فەرماندان |
| ببڕن | بـ+ بڕ+ یـ/Ø+ ن | داخوازی |

## ٤.٢.٢: (بو) وەك كاری سەرەكیی داخوازی:

مۆرفیمی (بـ)ـی ڕەگی چاوگی بون وەك ڕەگی كاری سەرەكی دێ و دەبێتە یەكێك له كارە چالاكەكان بە هۆی ئەو بوارە فراوان و ئەو واتایە گشتیەی ئەم چاوگە هەیەتی، ڕۆلێكی فراوان دەگێڕێ. له ڕستەی داخوازی وەك هەر بوارێكی تر داوای هێنانە ئارایی كارێك بە شێوەی داخوازیی له دەمكاتی داهاتو دەهێنێتە ئارا. وەك:

- لەبەختەوەریدا بن.
- ئالاكەمان هەر شەكاوە بێ.
- ماڵتان ئاوا بێ، كوڕتان بە زاوا بێ.
- ناكرێ، له وڵاتی خۆمان ئاوارە بین.

---

١- مصطفی محمد زەنگەنە، كار و ئەركی له سینتاكسدا، ل٩١.

- میوان بن.
- یاخوا خەونەکانمان ببێ بە ڕاستی!
- ئاخۆ کەی کوردستان ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ؟!

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەگەر داخوازیی هێنانە ئاراییەکە لە فرێزێکی ناویی پێش (بـ)ی مۆڕفیمی ئارایی بکرێ، لەم جۆرە ڕستانەدا، ڕەگی (بون)ی کاری سەرەکی دەبێتە مۆڕفیمێکی خۆشەکی (بە ئارەزو) و بە زۆری دەسوێ، بەڵام ئەگەر ڕستەی داخوازییەکە داوای گۆڕانی ئارایی لە ناوەکەی دوای خۆیی بکا، ئەوە پێویستی بە مۆڕفیمێکی پێشگری ئارایی دەبێ تاوەکو جەخت لە هێنانە ئاراییەکە بکاتەوە. بەم شێوەیە:

| کاری داخوازی | فرێز | م.ئارایی | ڕەگی کار | م.کات | ڕاناو | ناوبڕ | بەستن | فرێزی ناوی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەبەختەوەریدا بن | لەبەختەوەریدا | ∅ | بـ+ | ∅ | ن | -- | -- | -- |
| شەکاوە بێ | شەکاوە | ∅ | بـ+ | ێ | ∅ | -- | -- | -- |
| زاوا بێ | زاوا | ∅ | بـ+ | ێ | ∅ | -- | -- | -- |
| ئاوارە (بـ)بین | ئاوارە | (بـ) | بـ+ | ∅ | ین | -- | -- | -- |
| میوان (بـ)بن | میوان | (بـ) | بـ+ | ∅ | ن | -- | -- | -- |
| ببێ بە ڕاستی | -- | بـ+ | بـ+ | ێ | ∅ | -- | بە | ڕاستی |
| ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ | -- | بـ+ | بـ+ | ێـ | ∅ | تـ+ | ە | وڵاتێکی سەربەخۆ |

لێرەدا کاتێك چاوگی (بون) دەبێتە کاری سەرەکیی ڕستە، ئەگەر فرێزە ناویەکە ببێتە پێشگر، واتە، بکەوێتە پێش ڕەگی کاری (بون)، بە زۆری مۆڕفیمی پێشگری (بـ-)ی ڕەگی بون دەسوێ و دەبێتە سفر (∅). بۆ نمونە:

- پێویستە ئەمڕۆ شۆڕشگێر بم.
- دەبو تۆ پیاو بی!
- لەوانەیە، مامۆستا بێ!
- دەخوازم، زیرەك (بـ)بی.
- هیوادارم، یەکەم (بـ)بن.

هەروەها ئەگەر فرێزە ناویەکە بکەوێتە دوای ڕەگی سەرەکی (بون)، ئەوە مۆڕفیمی ئارایی دەردەکەوێ و هەردو مۆڕفیمی ڕەگی کار و پێشگری (بـ- )ی ئارایی بەدوای یەکترەوە دێن، واتای ئارایی بەڕستەکە دەبەخشن و کاری هاتنە ئاراییەکە بەهۆی مۆڕفیمێکی بەستنەوە بە فرێزە ناویەکەی دوای خۆی دەلکێنرێ، بۆ نمونە:

- پێویستە ببم بە شۆڕشگێر.
- دەبو، تۆ ببیتە پیاو.

- لەوانەیە، ببێ بە مامۆستا.

شایەنی باسە، ڕستەی فەرماندان لە چاوگی (هەبون) دروستناکرێ و ناتوانرێ، فەرمان بە توخمێك بکرێ کە بهێتە ئارا، کە خۆی بەرامبەرتە و لە ئارادایە. واتە، ناتوانرێ بوترێ (هەبە*/ هەبن*)، بەلاّم ڕستەی داخوازی لە چاوگی (هەبون) دروستدەکرێ، بۆ نمونە:

- پشتت هەبێ، لە کەس مەترسە.
- پارەمان هەبێ، قوتابخانە دروست دەکەین.
- چیاکانمان هەبن، پشتیوانمان ناوێن.

ئەگەر کارەکانی (هەبێ / هەبن) کە هێڵیان بە ژێرداهاتوە، لە ڕستەکانی سەرەوەدا، دەبینین پێشگری (هە) نامێنێ و (بـ)ی مۆرفیمی هاتنە ئارایی جێگەی دەگرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- پشتت ببێ، لە کێ دەترسی؟
- پارەمان ببێ، قوتابخانە دروست دەکەین.
- چیاکانمان ببن، پشتیوانمان بۆ چیە؟

هەروەها لەو ڕستانەی بەردەوام دوبارە دەبنەوە و زۆر بەکاردێ، بەتایبەتی هەندێ لەم ڕستانەی نزاکردنیان تیادایە، جگە لە مۆرفیمی ئارایی، ڕەگی کاری (بون)یش دەسوێ، وەك:

- بەیانیت باش! (بێ)
- ماڵت ئاوا! (بێ)
- خوات لەگەڵ! (بێ)
- بەقوربان! (ـت بم).
- خواحافیز!(ـت بێ).

بە سەرنجدان لەم ڕستە کۆمەلاّیەتی و مەراییانەی سەرەوە، کە لە شێوەی ڕستەی داخوازی ڕۆنێنراون، بۆمان دەردەکەوێ، بە زۆری لەم جۆرە ڕستانەدا هەردو مۆرفیمی (بـ)ی هاتنە ئارایی و (بـ)ی ڕەگی کاری سەرەکی سواون و بەشێوەیەکی گشتی دەرناکەون، هۆی سەرەکیش ئەوەیە، ئەم جۆرە ڕستانە زۆر دوبارە دەکرێنەوە و لە شێوەی کورتە ڕستەن.

### ٥.٢.٢: بکەرنادیاری لە ڕستەی داخوازیدا:

ئاشکرایە، کردەی بکەرنادیار لە کاری تێنەپەڕ دروستناکرێ، چونکە لە کاری تێنەپەڕ تەنیا یەك توخم (کەس) هەیە کە بکەرە یان بەرکارە، ئەگەر ئەو توخمەش ببێ بە نادیار، ئەوە هیچ توخمێك نامێنێ وەك کەسێکی دیار ئەرکی هێنانە ئارایی کاری ڕستەکەی بدرێتە پاڵ. بە پێچەوانە لە کارە تێپەڕەکان دو

توخم (كەس) هەن، كە بكەر و بەركارن. ئەگەر بكەرەكە ببێ بە نادیار بەركارەكە بە شێوەی دیار دەمێنێتەوە تا ئەركی ئارایی بكەوێتە ئەستۆ. ئەم دیاریدەیە وایكردوە لە ڕێزمانەكاندا مەرجی بون بە بكەرنادیاری ڕاستترین هۆكاری یەكلاكەرەوەیە بۆ جیاكردنەوەی كارە تێپەڕەكان لە تێنە پەڕەكان. داوای هێنانە ئارایی كار و كردەوەیەك لە داهاتودا مەرج نیە لە هەمو بارێكدا ئەنجامدەری كارەكە دیار بێ. كاتێك كاری ڕستەكە لە باری تێپەڕدا بێ، دەتوانرێ ئەو كەسەی بە ئەنجامدانی كارەكە هەڵدەستێ بشاردرێتەوە ( بكەرەكەی لە ڕستەدا دەرناكەوێ و تەنیا لە كاری تێپەڕدا دادەڕێژرێ)[1]، بە هۆی نیشانەی (ر)ی مۆرفیمی بكەرنادیار لە كاری ڕستەی داهاتو مۆرفیمی (ێ) دەبێتە پاشگر و بەشێوەی (رێ) [2] دەچێتە سەر ڕەگی كاری ڕستەكە.

- پێویستە هەفتانە وانەكان بـــخوێنرێن.
- با ئۆتۆمبێلەكە بـــفرۆشرێتەوە.
- خەڵاتەكان دابەشبـــكرێن.
- هەمو باڵەخانەكە چاكبـــكرێتەوە.

لێرەدا كاری ئەم ڕستە داخوازیانە دەكرێ بەم شێوەیە شیبكرێنەوە:

| كاری داخوازی | پێشگر | م.ئارایی | ڕەگی كار | م.بكەرنادیاری | م.داهاتو | ڕاناو | ناوبڕ | م.دوبارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بخوێنرێن | -- | بـ+ | خوێنـ+ | ر+ | ێـ+ | ن | -- | -- |
| بفرۆشرێتەوە | -- | بـ+ | فرۆشـ+ | ر+ | ێـ+ | Ø | تـ+ | ەوە |
| دابەشبكرێن | دابەشـ+ | بـ+ | كـ+ | ر+ | ێـ+ | ن | -- | -- |
| چاكبكرێتەوە | چاكـ+ | بـ+ | كـ+ | ر+ | ێـ+ | Ø | تـ+ | ەوە |

لەم ڕستانەدا سەرنج بۆ چەند تێبینیەك ڕادەكێشرێ بەم شێوەیە:

١- لەم ڕستانەدا ڕوداو و كات و مۆرفیمی ئارایی دەردەكەون تەنیا ئەنجامدەری كارەكان دەشاردرێنەوە.

٢- ئەنجامدەری ڕوداوی ڕستەكە (بكەر) ناناسرێ، بەنیشانەی (ر) ئاماژەی پێدەكرێ، دەچێتە سەركاری ڕستەی داخوازی. ئەم نادیاریە دەبێتە نیشانە بۆ بكەری ڕستەكە، ئەم مۆرفیمی نادیاریە دەكەوێتە نێوان

---

١- كامیل حەسەن بەسیر، كوردستانی موكریانی، سادق بەهائەددین ئامێدی، محەمەئەمین هەورامی، زارە كوردیەكان، ل ١٧.

٢- نیشانەی بكەرنادیاری لە زمانی كوردیدا بەنیشانەی (را – رێ) دەناسرێتەوە، لە بنەڕەتدا تەنیا (ر) نیشانەیە بۆ بكەرنادیار و مۆرفیمی (ا-ێ) نیشانەی كاتن ڕاستەوخۆ دەكەونە دوای مۆرفیمی بكەری نادیارەوە. مۆرفیمی (ر) ئاماژەیە بۆ بكەرێكی نادیار، تەنانەت لە ناوی بكەردا (اسم فاعل) هەمان ئەو مۆرفیمەیە ڕۆڵی بكەرێكی نادیار دەگێڕی، وەك:

بكەر، نوسەر، خوێنەر، بینەر.....

ڕەگی کار و مۆرفیمی کات. لە ڕستەی بکەرنادیاری داخوازیدا، مۆرفیمی ئارایی (بـ) بەشێوەی ئاساییەکەی دەردەکەوێ.

### ٦.٢.٢ : نەرێکردنی لە ڕستەی داخوازیدا :

نەرێکردن داواکردنی وازهێنان و دورکەوتنەوە لە جێبەجێکردن و نەهێنانە ئارایی دەگەیەنێ. ئەمە واتای دۆڕاندنی چەمکی ئارایی بونەکە نیە، بەڵکو نەهێنانە ئاراییەکەیەتی. ئەگەرچی لە سەرەتای توێژینەوەکانی ڕێزمانی کوردیدا ڕۆنانی فەرماندان و داخوازی بەیەکەوە باسکراون و تێکەڵکراون. کەچی لەباری نەرێنیدا درك بەم جیاوازییە کراوە و دو نیشانەی نەرێکردنیان بۆ ئەم ڕستانە دەستنیشانکردوە.[1] بەبێ ئاماژەکردن بۆ هیچ لێکجیاکردنەوەیەکی ئەم دو فۆڕمە. ڕستەی داخوازی بە مۆرفیمی (نە)ی نەرێ کردنەوە واتای ڕستەکە پێچەوانە دەکرێتەوە. {پێشگری (نە) شوێنی پێشگری (بـ)ی گرتۆتەوە، هەر ئەو چەمکە هەڵدەگری، بەڵام بەقەدەغەکردن}[2] هەمان چەمکی دانانی (نە) نیشانەی نەرێ (نفي)یە لە شوێنی (بـ-)ی مۆرفیمی ئارایی لە ڕستەی داخوازی لەکاتی داهاتودا دێ، دورکەوتنەوە لە جێبەجێکردن و هێنانە ئارای داخوازیەکەیە. بۆ نمونە :

| | |
|---|---|
| پەند : | ئیشکەرت بمرێ، بەس تەگبیرکەرت نەمرێ.[3] |
| شیعر : | هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تاڵیبی مەعنا دەکا.[4] |
| گومان : | دەترسم بەهیواکانمان نەگەین. |
| هەست دەربڕین : | خوایە هەڵینەگری! |

ڕۆنانی کاری ئەم ڕستانەی سەرەوە بەم شێوەیە :

| کار | پێشگر | ڕاناوی لکاوی خاوەنی (بەرکار) | م. نەرێ | ڕەگی کار | م. کات | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (بکەر) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نەمرێ | -- | -- | نە+ | مر+ | ێ | Ø |
| نەبێ | -- | -- | نە+ | بـ+ | ێ | Ø |
| نەگەین | -- | -- | نە+ | گە+ | Ø | ین |
| هەڵینەگری | هەڵـ+ | یـ+ | نە+ | گر+ | Ø | ی |

لەم ڕستانەدا هەندێ تێبینی ورد دەخرێنە ڕو :

١- بڕوانە : نوری علی امین، قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نحودا، ل٣٢.

٢- محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح رەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، ل٨١.

٣- ئەو پەندەی کوردی بە واتای: ڕاوێژ و گفتوگۆکردن و نەخشەدانان گرنگترە لە هێز و بازو.

٤- نالی لە دێرە شیعرێکدا دەڵێ:

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی ماعنا دەکا       کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردیە (دیوانی نالی، ل١٠٧)

١- لەم ڕستانەدا مۆرفیمی ناکردنی ( نە ) دەکەوێتە پێش ڕەگی کار، نەرێکردنێکی بنبڕ ( قطعي ) نیە ( بە شێوەیەکی نادابڕ ( غیر قطعي ) بە جۆرێك بوارێك بۆ ڕوودانی مەبەستەکە دەهێڵێتەوە )[1] چونکە ئەم ڕستەیە لە کاتی داهاتوە.

٢- مۆرفیمی نەرێی ( نە ) لە شوێنی مۆرفیمی ( بـ- )ی ئارایی دێ.

٣- ونبونی مۆرفیمی ( بـ- )ی ئارایی لە ڕستەی داخوازیدا، چ بە هاتنی مۆرفیمی ( نە ) لە شوێنی ( بـ- )دا چ بە گۆڕانی بۆ مۆرفیمی سفر کاریگەریی واتایی خۆی لە سەر ڕودانی کاری ڕستەکە هەر دەمێنێ، {بە لابردنی ( ب ) لە ناو پێشگرەکانی فرمانی داخوازی کاریگەری دەمێنێ، ئەمە ڕەسەنایەتی دەگەیەنێ و نیشانەی بنەڕەتی فرمانەکەیە }[2]

٤- هەرگیز مۆرفیمی ( هە )ی خاوەنداری لەگەڵ ڕستەی نەرێدا دەرناکەوێ چونکە {مۆرفیمی ( نە ) پێچەوانەی مۆرفیمی ( هە )ی خاوەندارییە }[3] لەگەڵ یەکتردا نایەن، واتە، پێشگری ( هە ) لەگەڵ ئامرازی نەرێ کۆ نابێتەوە.

---

١- عەبدوللا حوسێن ڕەسول، ناکردن لە کوردیدا، ل٧.

٢- ڕەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، ل١٧١.

٣- بڕوانە : عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١٨٣.

# بەشی سێیەم

# بەشی سێیەم

# ڕستەی خۆزگەیی و ڕستەی مەرجی

لە ڕستەی خۆزگەیی و ڕستەی مەرجیدا، (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی ڕۆلی سەرەکی دەبینێ لە دوای ڕەگی کاردا. لەم دو جۆرە ڕستەیەدا مۆرفیمی ئارایی خۆزگە یان مەرجی هاتنە ئارایی کارەکە بەرجەستە دەکا. دروستبونی ئەم ڕستانە بەبێ مۆرفیمی ئارایی کارێکی ئەستەمە، تەنانەت ئەگەر لە هەندێ دۆخی دەگمەندا مۆرفیمی ئاراییەکە بسوێ، ڕستەیەکی سرك دەردەچێ. ئەگەرچی هەندێ وشەی تایبەتی هەن بە ڕستەکانی خۆزگەیی وەك (بریا، کاشکی، خۆزگە،...)، هەروەها بۆ ڕستەی مەرجیش وشەی (ئەگەر، گەر،...) بەکاردێن، بەلاّم ئەگەر ئەم وشانەش بسوێن و دەرنەکەون (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی ڕیزبەند و واتای ڕستەکە دەپارێزێ و ڕێگە نادا لەنگی لە مەبەستی قسەکەر ڕوبدا.

## ١.٣: بەندی یەکەم: ڕستەی خۆزگەیی:

ڕۆلی (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی لە ڕستەی خۆزگەییدا جیاوازییەکی زۆری نیە لەگەڵ ڕستەی داخوازی تەنیا فۆڕمەکە لە ڕستەی داخوازیدا (بهێنێتەئارا)یە، واتە ڕودانی کارەکە لە داهاتودا دوای دەمکاتی ئاخاوتنە و ئەگەری هاتنە ئارایی نزیکە. کەچی لە ڕستەی خۆزگەییدا فۆڕمەکە دەبێتە (بهاتایەئارا / بهاتبایەئارا / هاتبایەئارا)، ڕودانی کارەکە لەڕابوردودایە و داخوازیەکە پێش دەمی ئاخاوتنە. ئەگەر هەر داخوازییێکیش کاتی بەسەردا چوبێ و تا ئێستا نەهاتبێتە ئارا، ئەگەری هاتنە ئارایی دەبێتە هەرگیز (مەحاڵ)، (ڕوداوی ئەم جۆرە ڕستەیە داخوازییەکەی ئەستەمە یان ڕونادا)[1] وەك خۆزگەیەك دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەیە ناونراوە (خۆزگەیی). لێرەدا قسەکەر (نوسەر) داخوازییەك ئاڕاستەی گوێگر (خوێنەر) دەکا و ئاواتی ئەوە دەخوازێ کارێکی کردەیی یان قسەیی بهاتبائارا، بەلاّم نایەتە دی (خۆزگەیی هیوای ئاراییبونی ڕودانی ڕوداوێکە یان هاتنەدی داواییێکە کە کارەکەی ڕونادا)[2]، لەبەر ئەوەی ماوەی هاتنەئارایی کارەکە تێپەڕیوە دەسەلاّتی بەسەر ڕودانی کارەکەدا نەماوە، ناشێ داواکەی بهێنرێتەدی. دەتوانرێ ئەم جۆرە ڕستانە بە زیاتر لە مەبەستێ دەربڕدرێن. بۆ نمونە:

- بریا ملی بشکابایە.            توککردن[3]

---

١- رضي الدين الاستربادي، شرح الكافية في النحو، ص ٣٤٣.

2 -Oxford university, Oxford lernaer's English Dictionary, p: 267.

٣- أ/ توککردن: دوعای خراپ لەیەکێك بکرێ، وەك: چاوت کوێر بێ.

ب/ نزا: پاڕانەوە لە خودا، وەك: خوا بتپارێزێ.

پ/ پاڕانەوە: داوای هاتنە ئارایی شتێکە لە دەسەلاّتی داواکاردا نیە، وەك: تکایە فریامکەون.

- کاشکی بەزەیت بە منداڵەکان بهاتبایە. پاڕانەوە
- دەبو یارمەتیت بدایە. گلەیی
- بریا هەمو ناحەزا نمان وەك ئێمە مۆمی ئاشتییان هەڵگیرساندبا. ئاوات
- کاشکی UN هاوکاری زیاتری ئاوارەکانی بکردبا. ناڕەزایی

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەندێ وشە و ئامراز هەن لە سەرەتای ڕستەی خۆزگەییدا بەکاردەهێنرێن. وەك: (خۆزگە، بریا، کاشکی،...)[1]، ئەمانە دەبن بە نیشانەیەك بۆ ڕستەی خۆزگەیی، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ ئەم وشانە -ئامرازی خۆزگەیی- بە ئاسانی لابىردرێن، چونکە هێزی واتایی مۆرفیمی ئارایی دەتوانێ شوێنی ئەم وشانە پڕ بکاتەوە، بەبێ ئەوەی لەنگیەکی ئەوتۆ لە واتا و ڕۆنانی ڕستەی خۆزگەیی ڕوبدا، بۆ نمونە: (ملی بشکابایە، بەزەیت بە منداڵەکان بهاتبایە، یارمەتیت بدایە،...).

دەشێ کاری ڕستەکانی سەرەوە بەم شێوەیە شیبکرێنەوە:

| کاری خۆزگەیی | پێشگر | م.ئارایی | ڕەگی کار | م.ڕابورد | م.ئارایی | م.ڕابوردو | ڕاناو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بشکابایە | -- | بـ+ | شك+ | ا+ | بـ+ | ا+ | Ø | یـ+ | ە |
| بهاتبایە | -- | بـ+ | ها+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | Ø | یـ+ | ە |
| بدایە | -- | بـ+ | د+ | ا+ | Ø | Ø | Ø | یـ+ | ە |
| هەڵ(بـ)گیرساندبا | هەڵـ+ | بـ+/Ø | گیرسانـ+ | د+ | بـ+ | ا+ | Ø | -- | -- |
| بکردبا | -- | بـ+ | کر+ | د+ | بـ+ | ا+ | Ø | -- | -- |

ئەوەی جێگای سەرنجە، مۆڕفیمی ئارایی دەبێتە پێشگر یان پاشگر یاخود هەردوکیان (پێشگر و پاشگر) و بەیەکەوە لەگەڵ ڕەگی کاری سەرەکی و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردودا دێن و ئاراییبون لە کاتێکی بەسەرچودا بە کارەکان دەبەخشن. پاشگری (-بـ)ی مۆڕفیمی ئارایی و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ا)یان بەدوادا دێ. بە شێوەیەکی گشتی لە توێژینەوە ڕێزمانیەکاندا بە فۆڕمی (با) وەك نیشانە[2] باسکراوە بۆ ڕستەی خۆزگەیی، کە لە بنەڕەتدا ئەم فۆڕمە پێکهاتوە لە دو مۆڕفیم (بـ/مۆڕفیمی ئارایی + ا/مۆڕفیمی ڕابوردو).

---

١- بۆ زانیاری زیاتر دەبارەی ئامرازەکانی خۆزگە بڕوانە: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ئامراز لە زمانی کوردیدا، ل٣١.

٢ - بڕوانە:

أ/ صلاح حوێز ڕەسول، ڕستەسازی و واتاسازی بوون، ل٢٧.

## ١.١.٣: مۆرفیمی ئارایی و ڕستەی خۆزگەیی:

لە کاری ڕستەی خۆزگەییدا مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی ڕۆڵێکی فراوانتر لە ڕستە ئاراییەکانی تر دەبینێ، جگە لە ئەرکە سەرەکیەکەی خۆی، دەتوانێ دوبارە بېێتەوە بۆ جەختکردنەوە لە سەر هاتنە ئارایی کارەکە لە کاتی ڕابوردودا بە مەبەستی بەخشینی چەمکی خۆزگەیی. بۆ نمونە:

- بـنوسرایە ← بـنوسرابـایە
- بـمردایە ← بـمردبـایە
- بـهاتایە ← بـهاتبـایە

مۆرفیمی ئارایی لە ناو پێکهاتەی ئەم کارانەی سەرەوەدا لە ڕوی ژمارەوە دەتوانرێ زیاتر لە مۆرفیمێك لە ناو یەك کاردا هەبێ، واتە، توانای دوبارە بونەوەی هەیە، بەمەش بواری زیاتر بۆ ئەم مۆرفیمە دەرەخسێ بۆ سوان و گۆڕانی بون بە سفر( Ø ) ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر ئەوەی کاری خۆزگەیی لە کارەکانی تری ئارایی -فەرماندان و داخوازی- جیادەکاتەوە، جگە لە دەمکاتی ڕودانی ڕوداوەکە، دەشێ زیاتر لە مۆرفیمێکی ئارایی لە یەك کاتدا لە ناو کارێکدا دەربکەوێ. لێرەدا ئەوەی گرنگە شێوەزاری کەسی قسەکەر ڕۆڵ دەبینێ لە دەرکەوتنی شوێنی ئەم مۆرفیمە، بەڵام لە ڕستەکانی تری ئارایی تەنیا بەشێوەی پێشگر دەردەکەوێ و ناتوانێ شوێن گۆڕکێ بکا. مۆرفیمی ئارایی لە کاری خۆزگەییدا گۆڕانی شوێن و شێوەکانی دەربڕینیان، بەم شێوەیە:

### ١.١.١.٣: مۆرفیمی ئارایی پێشگر:

مۆرفیمی (بـ-)ی ئارایی لە کاری تێنەپەڕی خۆزگەیی دەبێتە پێشگر و لە سەرەتای کاری خۆزگەییدا دەردەکەوێ،[١] بەم شێوەیە:

| کاری خۆزگەیی | م.ئارایی | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | ڕاناو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بخەوتمایە | بـ+ | خەو+ | تـ+ | مـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| بمردنایە | بـ+ | مر+ | د+ | نـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| بخەوتایە | بـ+ | خەو+ | تـ+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |

هەروەها لە کارە تێپەڕە خۆزگەییەکانیشدا بەم شێوەیە:

---

ب/ عەلی ڕوخزادی، ڕێزمانی کوردی سۆرانی، ل٩٢.

١- ئەم شێوەی دەربڕینی ڕستە خۆزگەیی زیاتر لە ناوچەی سلێمانی بەکاردێ، بڕوانە: زەرێ یوسوپۆڤا، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، ل١٥٦.

| کاری خۆزگەیی | م.ئارایی | ڕاناوی خاوەنی (بکەر) | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن (بەرکار) | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بمگرتنایە | بـ+ | مـ+ | گر+ | تـ+ | نـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| بیانخوێندایە | بـ+ | یانـ+ | خوێنـ+ | د+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |
| بمانبینیایە | بـ+ | مانـ+ | بینـ+ | یـ+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |

لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە، مۆڕفیمی ئارایی هەمان ئەو مۆڕفیمەیە لە کاری فەرماندان و داخوازیدا دەردەکەوێ، بەڵام ئەوەی جیایان دەکاتەوە لە ڕستەکانی تری ئارایی، دەرکەوتنی مۆڕفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردوی دوبارەیە، دەبێتە پاشگر و ڕودانی کارەکە دەگۆڕێ بۆ ڕابوردوێکی هەرگیز ڕونەداو.

هەندێ جار لەم فۆڕمەی ڕستەی خۆزگەییدا (بـ-)ی مۆڕفیمی ئارایی دەرناکەوێ و دەبێتە (سفر). ئەمە لە کاتێکدا دەبێ، کە مۆڕفیمی ئارایی دەبێتە پێشگر و لە هەمانکاتدا مۆڕفیمێکی تری پێشگر دەچێتە پێش مۆڕفیمە ئاراییەکە، ئەوە مۆڕفیمە ئاراییەکە دەبێتە مۆڕفیمێکی بە ئارەزو. بۆنمونە:

| ڕستەی خۆزگەیی | پێشگر | ڕاناوی خاوەنی (بکەر) | م.ئارایی | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن (بەرکار) | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕامـ(بـ)گرتنایە | ڕا+ | مـ+ | (بـ+) | گر+ | تـ+ | نـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| هەڵـ(بـ)فڕینایە | هەڵـ+ | -- | (بـ+) | فڕ+ | یـ+ | نـ+[1] | ا+ | یـ+ | ە |
| داتـ(بـ)خستایە | دا+ | تـ+ | (بـ+) | خسـ+ | تـ+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |

لێرەدا کاتێ مۆڕفیمی ئارایی پێشگرە دەبێتە سفر و دەرناکەوێ، ئەوە ڕستەی خۆزگەیی تەنیا بەهۆی مۆڕفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردو ڕونەداو دەناسرێتەوە، ئەم مۆڕفیمەش دەبێتە نیشانەیەك بۆ کاری خۆزگەیی. بە زۆری لەم بارەدا بواری ڕودانەکە (دەمکاتەکە) درێژ دەبێتەوە بۆ کاتی ئێستا بەم شێوەیە {(ا)ی مۆڕفیمی ڕابوردو+ (یـ)ی ناوبڕ+ (ە)ی مۆڕفیمی ئێستا}.

### ٢.١.١.٣: مۆڕفیمی ئارایی پاشگر:

مۆڕفیمی (-بـ)ی ڕەگی بون دەبێتە مۆڕفیمێکی پاشگر و دەچێتە سەر کاری خۆزگەیی. بەم شێوەیە:

| کاری خۆزگەیی | پێشگر | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | ئارایی | م.ڕابوردو | ڕاناو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕاچڵەکیبام | ڕا+ | چڵەکـ+ | یـ+ | بـ+ | ا+ | م | -- | -- | -- |
| هەڵپڕوکابایە | هەڵـ+ | پڕوکـ+ | ا+ | بـ+ | ا+ | Ø | (ا+ | یـ+ | ە) |
| کەوتباین | -- | کەو+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | ین | -- | -- | -- |

---

١ - ڕاناو لە تێنە پەڕەکاندا، بە پێی جۆری تێنە پەڕەکە ئەرکی دەگۆڕێ، لە تێنە پەڕی بکەری دەبێتە بکەر (دابنیشتنایە، بڕۆیشتنایە،...)، بەڵام لە تێنە پەڕی بەرکاری دەبێتە بەرکار (هەڵبخلیسکانایە، بمردنایە، بسوتانایە/سوتابانایە).

لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێ، مۆڕفیمی ( -بـ )ی ئارایی دەبێتە پاشگر و دەکەوێتە نێوان مۆڕفیمێکی کاتی ڕابوردوی کارەکە لەگەڵ مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوی (ا)ی خۆزگەیی، کە کاتی ڕودانی کارەکە دور دەخاتەوە و واتای خۆزگەیی بە ڕوداوی ڕستەکە دەبەخشێ و بەیەکەوە بە فۆڕمی ( -با ) دەردەکەوێ.

## ٣.١.١.٣: مۆڕفیمی ئارایی پێشگر و پاشگر:

فۆڕمێکی جیاوازترە لە هەمو فۆڕمەکانی تری کاری ڕستەکانی گروپی ئارایی، کە مۆڕفیمی (بـ- )ی ئارایی وەك پێشگر لە سەرەتای کارەکەدا دێ و لە هەمان کاتدا مۆڕفیمێکی تری ( -بـ )ی دوبارەی ئارایی دەبێتە پاشگر و دەچێتە نێوان مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو و مۆڕفیمی دوبارەی ڕابوردو (ا)ەوە. لە کاری تێنەپەڕەکاندا بەم شێوەیەی لێدێ:

| کاری خۆزگەیی | م.ئارایی | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | م.ئارایی دوبارە | م.ڕابوردو | ڕاناو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بچوباین | بـ+ | چـ+ | و+ | بـ+ | ا+ | ین | -- | -- |
| بگەیشتبایە | بـ+ | گەیشـ+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | Ø | یـ+ | ە |
| بهاتبام | بـ+ | ها+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | م | -- | -- |

لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێ، دەرکەوتنی دو (بـ)ی مۆڕفیمی ئارایی ( پێشگر و پاشگر ) لە ناو یەك کاری خۆزگەییدا، مۆڕفیمێکیان هاتنە ئارایی بە کارەکە دەبەخشێ، مۆڕفیمەکەی تریان مۆڕفیمێکی دوبارەی هاتنە ئاراییە و لەتەك مۆڕفیمی (ا)ی ڕابوردو جەخت لە سەر تێپەڕینی کاتی هاتنە ئارایی دەکاتەوە و چەمکی بون بە خۆزگەیی تۆخ دەکاتەوە، یان دەشێ ڕاهاتنێکی زارەکی دەربڕین بێ و بریتی بێ لە تێکەڵکردنی پێشگر و پاشگری مۆڕفیمی ئارایی، تەنانەت هەندێ جار مۆڕفیمی (ا)ی ڕابوردوی خۆزگەییش دوبارە دەبێتەوە، وەك: ( بگەیشتبـــامـــایە، بچوبـــاینـــایە، بهاتبـــایتـــایە،... )

هەروەها لە کاری تێپەڕی ڕستەی خۆزگەیی بەم شێوەیە دەردەکەوێ:

| کاری خۆزگەیی | م.ئارایی | ڕاناوی خاوەنی (بکەر) | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | م.ئارای دوبارە | م.ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن (بەرکار) | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بتگرتبانایە | بـ+ | تـ+ | گر+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | نـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| بتانماڵیبان | بـ+ | تان+ | ماڵـ+ | یـ+ | بـ+ | ا+ | ن | -- | -- | -- |
| بمخوێندبا | بـ+ | مـ+ | خوێنـ+ | د+ | بـ+ | ا+ | Ø | -- | -- | -- |

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، ڕاناوە لکاوەکانی دەستەی خاوەنی دەکەونە دوای مۆڕفیمی ئارایی یەکەم ( پێشگر ) و ڕۆلی بکەری ڕستەکان دەگێڕن، هەروەها ڕاناوە لکاوەکانی دەستەی ڕێککەوتن دەچنە کۆتایی کارەکان، دوای مۆڕفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردوی خۆزگەیی، ئینجا پاشگری (ایە) دێ، ئەگەر لە فۆڕمی دەربڕینەکەدا هەبێ. واتە، ڕودانی خۆزگەی ئارایی تا دەمکاتی ئاخاوتن درێژکرابێتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ، کاتێك مۆڕفیمی (بـ-)ی ئارایی دەکەوێتە سەرەتای کاری ڕستەکە، هەر مۆڕفیمێکی تری پێشگر بکەوێتە پێش پێشگری ئارایی، بەهەمان شێوەی ڕستەکانی تری گروپی ئارایی مۆڕفیمی (بـ) دەبێتە مۆڕفیمێکی بە ئارەزو. بۆ نمونە:

| کاری خۆزگەیی | پێشگر | م.ئارایی | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | م.ئارایی دوبارە | م.ڕابوردو | ڕاناو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەر(بـ)کەوتبایانایە | سەر+ | Ø(بـ) | کەو+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | یـنـ + | ا+ | یـ+ | ە |
| هەڵ(بـ)دابایە | هەڵ+ | Ø(بـ) | د+ | ا+ | بـ+ | ا+ | Ø | -- | یـ+ | ە |
| ڕا(بـ)وەستابام | ڕا+ | Ø(بـ) | وەستـ + | ا+ | بـ+ | ا+ | م | -- | -- | -- |
| دا(بـ)بارییا | دا+ | Ø (بـ) | بار+ | یـ+ | بـ+ | ا+ | Ø | -- | -- | -- |

ئەم کارە خۆزگەییانەی سەرەوە بە شێوەیەکی گشتی سەرنجمان بۆ هەندێ تێبینی کێشدەکەن:

یەکەم: لە پێکهاتەی کاری هەر سێ فۆڕمی ( بهاتایەئارا و هاتبایەئارا و بهاتبایەئارا ) لە یەك فۆڕمی واتای خۆزگەیی دەردەبڕدرێن، لێرەدا شوێنی دەرکەوتنی مۆڕفیمی (بـ)ی ئارایی لە هەر فۆڕمێکیان لە شوێنی جیاواز و بە ژمارەی جیاواز دەبینرێن. گۆڕانی شوێنی ئەم مۆڕفیمە لەم کارەکەدا کاریگەرییێکی سەرەکیی لە سەر واتای بهاتبائارا نابێ، بەڵکو خۆزگەی هاتنەئارایی بە ڕودانی کارەکە دەبەخشێ.

دوەم: کاتێك کاری ڕستەی خۆزگەیی زیاتر لە مۆڕفیمێکی (بـ)ی ئارایی تێدا دەردەکەوێ، سوانی ئەم مۆڕفیمە ئاسانتر دەبێ.[1] بە واتای ئەوەی بوار و ڕێژەی بون بە (سفر)ی ئەم مۆڕفیمە زیاترە لە هەر دو کاری فەرماندان و داخوازی لە ناو ئەم گروپەدا.

سێیەم: پاشگری (-ایە) نیشانەی بەردەوامیە و تایبەتە بە فۆڕمی کاری ڕابوردوی خۆزگەیی، ئەم پاشگرە هەندێ جار دەبێتە نیشانەی خۆزگەیی و دەچێتە سەر کاری خۆزگەیی لە هەردو شێوەی ڕابوردو (نزیك و دور). پاشگری (ایە) پێکهاتوە لە (ا/مۆڕفیمی ڕابوردو +یـ/دەنگی ناوبڕی نێوان دو بزوێن+ ە/مۆڕفیمی کاتی ئێستا). ئەم پاشگرە لە ڕوی کاتەوە بواری خۆزگەییەکە (بهاتبائاراییەکە) لە ڕابوردو درێژدەکاتەوە تا ئێستا. بۆ نمونە:

- خوێندبام/بمخوێندبا دەبوم بە خزمەتکارێکی ئەم نیشتمانە. (لە ڕابوردو)
- بمخوێندایە/بمخوێندبایە دەبوم بەخزمەتکارێکی ئەم نیشتمانە. (لەڕابوردو تا دەمی ئاخاوتن)[2]

---

١ - دەروون عبدالرحمن سالح، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، ل٧٥.

٢ - دەتوانرێ، ئەم بەردەوامیە ڕابوردو تا ئێستا، بە ئاوەڵکارێکی کات، سنوردار و دەستنیشانبکرێ، وەك:
- لە پۆلی شەشەمدا بمخوێندایە...
- کە قوتابی بوم، بمخوێندایە...

بەم شێوەیە دەتوانرێ لە ڕستەی خۆزگەییدا فۆڕمی ڕۆنانی کار بە پتر لە شێوەیەك دابڕێژرێ، بێ ئەوەی هەست بە گۆڕانی واتای بنەڕەتی ڕستەکە بکرێ. وەك:

| ئاستی ناوەوە | ڕستەی داخوازی | ژ |
|---|---|---|
| براکەم نەچۆتە زانکۆ. | براکەم چوبا( یە ) ( بچوایە - بچوبایە ) زانکۆ. | ١ |
| منداڵەکەت درەنگ نوستوە. | منداڵەکەت زو نوستبا( ایە ) ( بنوستایە- بنوستبایە ). | ٢ |
| مامۆستاکەم نەگەیشتوە. | مامۆستاکەم گەیشتبا( یە ) ( بگەیشتایە - بگەیشتبایە ). | ٣ |
| درەنگ تۆم ناسی. | هەندێ زوتر تۆم ناسیبا( ایە ) ( بمناسیایە - بمناسیبایە ). | ٤ |
| قوتابیەکان نەیاندەخوێند. | قوتابیەکان هەندێ خوێندبایان( ایە ) ( بیا نخوێندایە- بیا نخوێندبایە ) | ٥ |
| لەوێ نەمبینیوە. | دیلانم لەماڵە تازەکەی بینیبا( ایە ) ( ببینیایە - ببینیبایە ). | ٦ |

ئەوەی جێگەی سەرنجە، مۆرفیمی ئارایی وەکو پێشگر یان وەکو پاشگر یان بە شێوەی پێشگر و پاشگر لە ناو کاری ڕستەی ڕابوردو دەردەکەوێ و هیوا و ئاوات بە هێنانە ئارای کارێك دەخوازێ کە نایەتەدی، ( بۆ ئەو دۆخەی لە کەتواردا ( واقع ) بواری هاتنە ئارای نیە، خۆزگە خواستن بەکاردێ )[1]. ئەوەی ڕستەی خۆزگەیی لە ڕستەکانی تری ئارایی جیادەکاتەوە، بواری ڕودانی کارەکانیانە لە سنوری ڕودان دەچنە دەرەوە و کاتیان بەسەردا تێدە پەڕێ و بواری ڕودانیان نامێنێ.

## ٢.١.٣: بواری ڕودانی ڕستەی خۆزگەیی:

بواری ڕودانی کار لە ڕستەی خۆزگەییدا، بەشێوەیەکی گشتی ڕابوردوی ڕابوردوە، واتە، کاتی بەسەردا تێپەڕیوە، بۆیە جگە لە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی کارە سەرەکیەکە، مۆرفیمێکی تری ڕابوردوی (ا) بە هاوکاری مۆرفیمی ئارایی بەشداری دەکا و کاتەکە دەکاتە ڕابوردوی ڕابوردو، لە ئەنجامدا دەمکاتەکە تێدە پەڕێ و کارەکە دەبێتە خۆزگەیەك و ڕونادا. بە شێوەیەکە کە مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو (ا، ت، د، ی، و) دەکەونە دوای ڕەگی کاری ڕستەکە و کارەکە دەکەن بە ڕابوردو. کاتێك کارەکە دەبێتە خۆزگەیی ئەوە مۆرفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردو دەبێتە پاشگری دوبارە و ئەرکی دورخستنەوەی ڕودانی کاری ڕابوردوەکە بۆ ڕونەدانی هەمیشەیی دەردەکەوێ ( بواری ئەنجامدانی کارە ڕابوردوەکە بکا بە ڕابوردو و لە ئەنجامدا چەمکی ڕونەدان دێنێتە ئاراوە )[2] هەروەها ئەم مۆرفیمە دەبێتە نیشانەیەك بۆ ناساندنی ڕستەی خۆزگەیی لەگەڵ مۆرفیمی ئارایی بە چەند شێوەیەك دەردەکەوێ، لەوانە: (-با، -بایە، -ایە) ئەم مۆرفیمە لە هەر بارێکدا بێ هەمان ئەرك دەبینێ، کە ڕودانی ڕوداوەکە دەگۆڕێ بۆ خۆزگەیی. هەندێ لە زمانەوانەکان لە سەر ئەو بنەمایەی ڕابوردوی

---

- کاتێ گەنج بوم، بمخوێندایە...

1 - Sidney Green Baum and Gerald Nelson, An Introduc on to English Grammar, p:123.

٢- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١٢٥.

خۆزگەیی (ئینشائی) لە ڕابوردودایە، وەك ڕابوردوی ئاسایی (ئیخباری) بۆ سەر چوار بەش دابەش دەکەن[1]، بەڵام هەر جۆرە کارێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بۆیە بەپێی ئەو تایبەتمەندیانەی کاری خۆزگەیی هەیەتی، دەتوانرێ، بەم شێوەیە جۆرەکانی بخرێتە ڕو:

### ١.٢.١.٣: ڕستەی خۆزگەیی لە ڕابوردوی نزیکدا:

ناونانی ئەم جۆرەی ڕستەی خۆزگەیی بە (ڕابوردوی نزیك)، تەنیا بۆ جیاکردنەوەیەتی لە جۆری دوەم، کە (ڕابوردوی دور)ە. ڕستەی خۆزگەیی بە شێوەیەکی گشتی لە تافی ڕابوردایە. ڕابوردوی نزیك لە ڕستەی خۆزگەییدا، جگە لە ڕەگی کاری سەرەکی و مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی بنەڕەتی، (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی و (ا)ی مۆرفیمی ڕابوردوی خۆزگەیی دێتە سەر، کە ڕەنگە لە هەندێ شێوەی دارشتندا ئەم دو مۆرفیمە دوبارەش ببنەوە. ئەم دو مۆرفیمە هاتنە ئارایی کارە ڕابوردوەکە بۆ جاری دوەم دەکەنەوە بە ڕابوردو، بەمەش وەرزی ڕودانی کارە سەرەکیەکە بەسەردەچێ و ئیتر ڕونادا و دەبێتە چەمکێکی خۆزگەیی. بەم شێوەیە:

| ڕستەی خۆزگەیی | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | م.ئارایی | م. ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| نوستباین | نوسـ+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | ین |
| گونجابا. | گونج+ | ا+ | بـ+ | ا | Ø |
| چوبای | چـ+ | و+ | بـ+ | ا+ | ی |

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە ڕستەی خۆزگەییدا دو مۆرفیمی کاتی ڕابوردو دەرکەوتون، مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی بون کەوتۆتە نێوان هەردو مۆرفیمی کاتی ڕابوردوەکە کە ئاراییبونی بەم کارە بەخشیوە. مۆرفیمی (با) لە بنەڕەتدا واتایی هاتنە ئارایی لە کاتی ڕابوردودا دەگەیەنێ، چونکە لە دو مۆرفیم پێکهاتوە، مۆرفیمی (-بـ)ی ئارایی و مۆرفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردوی خۆزگەیی. کەواتە (نوستبا، گونجابا، چوبا) هاتنە ئارایی لەڕابوردودا دەگەیەنن، ئەمەش بە هۆی مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی و مۆرفیمی ڕابوردو (ڕابوردو + ڕابوردو = ڕونەدان) و خۆزگەیی ڕودان، واتە، ڕونەدان دێتە ئارا.

---

١- هەرچەندە تاوەکو ئێستا لەسەر شێوە و دروستبونی کار لە ڕابوردودا ئاسایی (ئیخباری) کە دابەش بکرێ بۆ چوار جۆر کاتی ڕابوردوی (نزیك، بەردەوام، تەواو، دور) کاری خۆزگەیشیان بە پێی هەمان بنەما شیکردۆتەوە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم دابەشکردنە، بڕوانە:

أ/ ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی -وشەسازی- کردار، ل٢٢٥.

ب/ کوردستان موکریانی، قواعد اللغة الکردیة، ص١٦٠.

پ/ یوسف شریف سەعید، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسی، ل١١٠.

ت/ عەلی روخزادی، ڕێزمانی کوردی سۆرانی، ل٩٢.

ج/ لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی- پۆلی دوانزەهەمی ئامادەی-، ل١٥.

ڕابوردوی ئاسایی یان نزیکی ڕستەی خۆزگەیی بە پێی کەس یان ناوچە بە چەند شێوەیەك دەربڕاوە و چەند فۆڕمێکی تا ڕادەیەك هاوشێوە دەگرێتە خۆی، وەك: (هاتبایەئارا / بهاتایەئارا / بهاتبایەئارا)، کە لە واتای گشتیدا هەمان مەبەست دەگەیێنن و جگە لە ڕەگی کار و مۆڕفیمی ڕابوردو، (بـ)ی مۆڕفیمی ئارایی و پاشگری (ایە = م.ك.ڕابوردو + ناوبڕ + م.ك.ئێستا)ش لەم فۆڕمانەدا ڕۆلی گرنگ دەبینن. تەنانەت ئەگەر مۆڕفیمی ئارایی یان مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو پتر لە جارێك دوبارە ببنەوە و جەختکردن لەسەر واتا و ئەرکی خۆیان دەکەنەوە، دوبارەبونەوەی مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو بە شێوەی (ا)، وایکردوە بواری ڕودانی کارە ڕابوردوەکە جارێکی تر بکاتەوە ڕابوردو، لە ئەنجامدا لە مەودای ڕودانی کارەکە دەردەچێ و ئیتر بواری ڕودانی نامێنێ و دەبێتە خۆزگەیی. دەتوانین ڕیزبەندیی دارِشتنی هەر یەکێك لەم فۆڕمانە بەم شێوەیەی خوارەوە نیشان بدەین:

| ڕستەی خۆزگەیی | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | م.ئارایی | م.ڕابوردو | ڕاناو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | م.ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هاتبامایە | ها+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | مـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| نوستبای | نوسـ+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | ی | -- | -- | -- |
| فڕیبایە | فڕ+ | یـ+ | بـ+ | ا+ | Ø | -- | یـ+ | ە |
| مردبانایە | مر+ | د+ | بـ+ | ا+ | نـ+ | ا+ | یـ+ | ە |

شێوەیەکی تری دەربڕینی ڕستەی خۆزگەیی بەم جۆرەیە:

| ڕستەی خۆزگەیی | م.ئارایی | ڕاناوی خاوەنی (بکەر) | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | م.ئارایی | م.ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن (بەرکار) | م.ڕابوردو | ناوبڕ | م.ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بخەوتبام | بـ+ | -- | خەو+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | م | -- | -- | -- |
| بکەوتبای | بـ+ | -- | کەو+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | ی | -- | -- | -- |
| بمگرتبایتایە | بـ+ | مـ+ | گر+ | تـ+ | بـ+ | ا+ | یتـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| بتنوسیبایانایە | بـ+ | تـ+ | نوسـ+ | یـ+ | بـ+ | ا+ | ینـ+ | ا+ | یـ+ | ە |

لەو نمونانەی سەرەوەدا ئەوەی جیاوازی لە نێوان تێپەڕ و تێنەپەڕەکان دروست دەکا ئەوەیە، لەتێپەڕەکاندا ئەگەر بکەر بە ئاشکرا لە ڕستەکە دەرنەکەوێ، دەتوانرێ، بکرێتە ڕاناوێکی لکاو لە دەستەی خاوەنی و دەکەوێتە نێوان (بـ-)ی مۆڕفیمی ئارایی و ڕەگی کارەکە، بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێ، لەم دۆخەدا پێویستە مۆڕفیمی ئارایی لە سەرەتای فۆڕمەکەدا هەبێ. بۆ نمونە:

- <u>من</u> هۆنراوەکە<u>م</u> نوسیبایە / بنوسیایە / بنوسیبایە.
- Ø Ø Ø بـ<u>ـمـ</u>ـنوسیایە / بـ<u>ـمـ</u>ـنوسیبایە.
- <u>تۆ</u> دزەکان<u>ت</u> گرتبایە / بتگرتنایە / بتگرتانایە.
- Ø Ø Ø بـ<u>ـتـ</u>ـگرتنایە / بـ<u>ـتـ</u>ـگرتبانایە.

لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێ، واتای بنەڕەتی هاتنەئارایی هەر یەکێك لەم کارانەی سەرەوە، ئەگەر مۆرفیمی (بـ) شوێن گۆڕکێ بکا یان لە شوێنێکدا بسوێ هیچ لێڵواتاییەك ناهێنێتە ئاراوە. ئەگەر پاشگری (ایە) لە کۆتایی کارەکە دەربکەوێ، ئەوە کاتی ڕودانی ڕابوردوەکە تا دەمی ئاخاوتن درێژدەکاتەوە. واتە، تا کاتی ئێستا، بەمەش بەردەوامی ڕودانی خۆزگەییەکە دەردەخا.[1]

### ٢.٢.١.٣: ڕستەی خۆزگەیی لە ڕابوردوی دوردا:

تەنیا جیاوازی لە نێوان ئەم جۆرە ڕستەیە لەگەڵ ڕابوردوی نزیکدا هەمان جیاوازییە کە لە ڕابوردوی ئاسایی نزیك و دوردا هەیە. واتە، تەنیا کاری یاریدەدەری (بو) دەخرێتە دوای ڕابوردوە ئاساییەکە. لێرەدا بواری ڕونەدانەکەی -لەخۆزگەییدا واتای ڕونەدانەکەی- دورتر دەخاتەوە. ڕابوردوی دور فۆڕمی (بهاتبوایە / هاتبوایە) لە خۆدەگرێ، کە ڕیزبەندیی داڕشتنی کەرەستەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ڕیزبەندیی ڕابوردوی نزیکە. واتە، (ڕابوردوی ئاسایی+ (بو)ی کاری ڕابوردو)، بەڵام لە خۆزگەییدا (بـ-)ی پێشگری مۆرفیمی ئارایی دەچێتە پێش کاری سەرەکی و پاشگری (ایە) دەچێتە دوای (بو)ی کاری ڕابوردو (بـ+ ڕابوردوی سەرەکی + بو+ ایە). بەم شێوەیە:

---

١- ڕستەی خۆزگەیی فۆڕمی ڕۆنانی بە پێی کاتی ڕودانی خۆزگەیی دابەش دەکرێ بۆ خۆزگەیی نزیك و دور. دەرنەکەوتنی ڕێژەی ڕابوردوی خۆزگەیی بەردەوام و ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی لەم دابەشکردنە دەتوانین بەم شێوەیە ڕونبکرێتەوە:

أ/ کاری ڕابوردوی بەردەوام بەهۆی خستنە سەری نیشانەی بەردەوامی فۆڕمی (ایە) دروستدەبێ ئەم فۆڕمە وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی دەربڕین دەچێتە سەر هەر دو ڕێژەی نزیك و دوری خۆزگەیی. بۆ نمونە:

- چوبا (ڕابوردوی خۆزگەیی نزیك) ← چوبایە (تا کاتی ئێستا).
- چوبوا (ڕابوردوی خۆزگەیی دور) ← چوبوایە (تا کاتی ئێستا).

ب/ کاری ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی بەهەمان شێوەی ڕابوردوی ئاسایی نیە، لەکاری خۆزگەییدا ئەم شێوەی ڕابوردو دەرناکەوێ، بۆیە ناتوانرێ بەشێوەی جیاواز ئاماژە بۆ ئەم ڕێژەیە بکەین. هەر چەندە لە توێژینەوەکانی پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، بەڵام لە ڕستەی خۆزگەیی دروستنابێ. بۆ نمونە: ناتوانرێ یەکێك ئامرازی خۆزگە (خۆزگە، کاشکی، بریا،..) بخرێتە سەر ئەو نمونانەی کە لەم ڕێژەیەدا هێنراونەتەوە، چونکە واتاکەیان لە بواری خۆزگەییدا نامێنی، واتایان تێکدەچێ، بۆ نمونە کاتێك دەڵێن:

- گرتبم (ئەرەحمان حاجی مارف، کردار، ل٢٢٨) – خۆزگە گرتبم.*
- هاتبێتم (عەلی ڕوخزاد، ڕێزمانی کوردی سۆرانی، ل٩٢) – بریا هاتبێتم.*
- کەوتبم (کوردستان موکریانی، قواعد اللغة الکردیة، ل١٦٤) – بریا کەوتبم.*

| رستەی خۆزگەیی | م.ئارایی | راناوی خاوەنی بکەر | رەگی سەرەکی | م.رابوردو | رەگی یاریدەدەر | م.رابوردو | راناوی رێککەوتن (بەرکار) | م.رابوردو | ناوبر | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بمژماردبوایە | بـ+ | مـ+ | ژمار+ | د+ | بـ+ | و+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |
| بتگۆڕییونایە | بـ+ | تـ+ | گۆڕ+ | یـ+ | بـ+ | و+ | نـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| بیناردبومایە | بـ+ | یـ+ | نار+ | د+ | بـ+ | و+ | مـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| بمانکێڵابوایە | بـ+ | مانـ+ | کێڵـ+ | ا+ | بـ+ | و+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |

**فۆڕمێکی تری دەربڕینی ڕستەی خۆزگەیی، بەم شێوەیە :**

| ڕستەی خۆزگەیی | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | ڕەگی یاریدەدەر | م.ڕابوردو | ڕاناو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خەوتبومایە | خەو+ | تـ+ | بـ+ | و+ | مـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| چوبوینایە | چـ+ | و+ | بـ+ | و+ | ینـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| ترسابوایە | ترسـ+ | ا+ | بـ+ | و+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |
| گەیشتبونایە | گەیشـ+ | تـ+ | بـ+ | و+ | نـ+ | ا+ | یـ+ | ە |

## ٣.١.٣ : ( بو ) وەك كاری سەرەكیی خۆزگەیی:

ڕەگی چاوگی ( بون ) لە كاری خۆزگەییدا چ بە شێوەی ڕەگی كاری سەرەكی بێ یان بە شێوەی ڕەگی كاری یاریدەدەر ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێ، بە هۆی ئەم بوارە فراوان و ئەم شێوە چالاكەی ئەم ڕەگی چاوگە هەیەتی. لە هەر بارێك و لە هەر شوێنێكدا بە هەر ئەركێك بێ، هەمان ئەركی واتایی خۆی هەیە. شێوەكانی ڕەگی ( بون ) لە ڕستەی ڕابوردوی نزیكی خۆزگەییدا بەم شێوانە دەردەكەوێ:

ڕەگی چاوگی ( بون ) لە ڕستە خۆزگەییدا لە شێوەیەكی دەبێتە ڕەگی كاری سەرەكی و مۆڕفیمێكی ( بـ- )ی ئارایی دەبێتە پێشگر بەم شێوەیە :

- خۆزگە ببوینایە پزیشك.[1]
- كاشكی ببونایە مامۆستا.
- بریا ببوایە پیاو.

ئەم ڕستانەی سەرەوە كارەكانیان بەم شێوەیە دەخرێنە ڕو :

| م.ئارایی | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | ڕاناو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | م.ك.ئێستا + بەستن | فرێزی ناوی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بـ+ | بـ+ | و+ | ینـ+ | ا+ | یـ+ | ە | پزیشك |
| بـ+ | بـ+ | و+ | نـ+ | ا+ | یـ+ | ە | مامۆستا |
| بـ+ | بـ+ | و+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە | پیاو |

١- لێرەدا دەتوانرێ بەستنی كاری ڕستە و فرێزە ناویەكە بەهۆی ئامرازی ( بە ) بەیەكەوە ببەسترێن، جگە لە مۆڕفیمی ( ە ) بەم شێوەیە دەردەبڕدرێن: خۆزگە ببوایە بە ئەندازیار، كاشكی ببوایە بە مامۆستا، ....

لە شێوەیەکی تریدا چاوگی بون ڕەگی کاری سەرەکی دەبێ و مۆرفیمی ( -بـ )ی پاشگری ئارایی لەگەڵ مۆرفیمی ( ا )ی کاتی ڕابوردو بەیەکەوە دێن بە شێوەی ( با ) دەچێتە دوای ڕەگی کاری سەرەکی بو. بۆ نمونە :

- کاشکی منداڵ بوبامایە.
- بریا گەورە بوبان.
- خۆزگە مێوان بوبایە.

ئەم ڕستانەی سەرەوە دەکرێ بەم شێوەیە بخرێنە ڕو :

| فرێزی ناوی | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | م.ئارایی | م.ڕابوردو | ڕاناو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| منداڵ | بـ+ | و+ | بـ+ | ا+ | مـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| گەورە | بـ+ | و+ | بـ+ | ا+ | ن | -- | -- | -- |
| مێوان | بـ+ | و+ | بـ+ | ا+ | Ø | -- | یـ+ | ە |

هەروەها دەشێ ئەم چاوگی ( بون )ـە بە شێوەی گۆڕانی ئارایی بون بە لە کاری خۆزگەیی دەربکەوێ. وەك :

- خۆزگە بوبامایە بە پزیشك.
- کاشکی بوبایتایە بە مامۆستا.
- بریا بوبایە بە پیاو.

| ڕەگی کار | م.ڕابوردو | م.ئارایی | م.ڕابوردو | ڕاناو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | م.ئێستا | م.بەستن | فرێزی ناوی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بـ+ | و+ | بـ+ | ا+ | مـ+ | ا+ | یـ+ | ە | بە | پزیشك |
| بـ+ | و+ | بـ+ | ا+ | یتـ+ | ا+ | یـ+ | ە | بە | مامۆستا |
| بـ+ | و+ | بـ+ | ا+ | Ø | -- | یـ+ | ە | بە | پیاو |

لەم کارانەی سەرەوەدا ئەوەی تێبینی دەکرێ، دەرکەوتنی کەرەستەکانە بە شێوەیەك، کە دو مۆرفیمی ڕەگی چاوگی بون لە یەك کاردا بەیەکەوە دێن، مۆرفیمێکی ڕەگی کاری سەرەکی و مۆرفیمێکی تری پاشگری ئارایی ڕیزدەبن. مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی ( و ) کە کاری سەرەکی دەکا بە ڕابوردو دەکەوێتە نێوانیان، هەروەها مۆرفیمی دوبارەی ڕابوردوی ( ا )ی خۆزگەیی دەکەوێتە دوای مۆرفیمی ئارایی کە ڕونەدان بە کارەکە دەبەخشێ و دەبێتە کارێکی خۆزگەیی.

ئەوەی ڕەگی چاوگی بون جیادەکاتەوە لە ڕەگی کارەکانی تر لە کاری خۆزگەیی ئەوەیە کە یەك مۆرفیمی ئارایی پێشگر یان پاشگر وەردەگرێ، بەڵام ڕەگی کارەکانی تر جگە لەمە دەتوانێ مۆرفیمی ئارایی ( پێشگر و پاشگر ) بەیەکەوە بکەونە سەر یەك ڕەگی کار. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کارێکی خۆزگەیی پێویستی بەیەك مۆرفیمی ئاراییە بۆ هێنانە ئارای کارەکە و هەندێ جار مۆرفیمەکە دوبارە دەبێتە

بەمەبەستی جەختکردنی زیاتر و تۆخکردنی ئاراییەکە، واتە، ناتوانرێ دو مۆرفیمی ئارایی زیاتر لە کارێکدا دەربکەوێ.

بە پێچەوانەی ئەمەی سەرەوە ڕەگی بون بەبێ هیچ پێشگر و پاشگرێك لە کاری خۆزگەیی دەردەکەوێ. لەم فۆرمانەدا هەردو مۆرفیمی (بـ-)ی ئارایی (ڕەگی کاری سەرەکی و ڕەگی کاری یاریدەدەر) لەلایەك و هەردو مۆرفیمەکانی ڕابوردو (و،ا) لەلایەکی تر، بواری ئەوەیان بۆ دەرەخسێنێ کە لە مۆرفیمە دوبارەکان، یەکێکیان بسوێ و فۆرمێك دروستدەبێ، کە دەتوانێ پارێزگاری لە واتاکەی بکا. بەم شێوەیە:

- بریا مێوان بوبامایە / بامایە / بام.
- خۆزگە سەربەخۆ بوباینایە / باینایە / باین.
- خۆزگە ئەو کوڕە برام بوبایە / بوایە / بایە / با.
- کاشکی یەك ملیارم هەبوبایە / هەبوایە /هەبایە / هەبا.

بە سەرنجدان لەم ڕستانەی سەرەوە، دەردەکەوێ، شێوەی سەرەکیی ڕابوردوی خۆزگەیی لەم ڕستانەدا کە چاوگی (بون) دەبێتە کاری سەرەکی (بوبایە) یان {(هە)بوبایە}یە، بەلام شێوە ئەلتەرناتیڤەکانی تر (بوایە / بایە / هەبوایە / هەبایە...) بە هۆی ئەوە دروستدەبن، کە ڕەگی کاری سەرەکی (بـ)ـە و هەمان واتای هاتنە ئارایی هەیە و لەگەڵ (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی هەمان شتن، بۆیە ڕێگە بۆ سوانی (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی خۆشدەکا و دەشێ مۆرفیمی ئارایی لەم فۆرمانەدا بسوێ یان لەناوبچێ. بۆیە هەندێ جار فۆرمەکان لە ڕوی ڕوخسارەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیان لێدێ:

| فرێزی ناوی | پێشگر | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | ڕاناو |
|---|---|---|---|---|
| مێوان | -- | بـ+ | ا+ | م |
| سەربەخۆ | -- | بـ+ | ا+ | ین |
| برام | -- | بـ+ | ا | Ø |
| یەك ملیارم | هە+ | بـ+ | ا | Ø |

لێرەدا هەر یەکێك لەم کارانەی سەرەوە لە ڕوی فۆرمەوە تەنیا بە شێوەی نیشانەی خۆزگەییەکە دەرکەوتوە، کەچی پێکهاتەیەکی تەواوە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی ئەم کارە. ئەگەرچی ئەو مۆرفیمەی ڕەگی کارەکە دەکا بە ڕابوردو کە لەم چاوگەدا (و)ە دەرنەکەوتوە، بەلام لێرەدا مۆرفیمێکی کاتی ڕابوردوی (ا) دەرکەوتوە و شوێنی هەر دو مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی کە لە خۆزگەییدا دەردەکەوێ، پڕکردۆتەوە، لەگەڵ ڕەگی کاری سەرەکی بە فۆرمی (با) دەردەکەوێ و دەبێتە کاری ڕستەکە و نیشانەیەکیش بۆ کاری ڕابوردوی ڕونەداو (خۆزگەیی)، ئەم سوانی مۆرفیمی کاتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وێنە هۆشەکیەکەی ئەم کارە لە مێشکی گوێگر دروستبوە، پێویست بە دوبارەکردنەوەی ئەم مۆرفیمە ناکا، (ئەگەر بۆ هەر وێنەیەکی ئەو ڕستەی لە مێشکی

قسەکەر هەیە زەمینە خۆشکرابێ بۆ ئەوەی لە مێشکی گوێگریشدا هەبێ ئەوە پێویست بە بەکارهێنانی دەنگ ناکا بۆ دوبارە گواستنەوەی وێنەکە )[1].

لەڕستەی خۆزگەییدا بەشێوەیەکی گشتی هەمو سوانەکانی مۆرفیمی ئارایی بەر دیاریدەی سنوری واتا پارێزی دەکەون، واتە، سنوری کرتان و سوانی مۆرفیمەکان تا ئەو ڕادەیە یە کە کار لە واتا بنەڕەتیەکە نەکا. لە سوانی مۆرفیمی ئارایی لەم جۆرە کارانەدا واتای بنەڕەتی ناگۆڕێ، چونکە چ ڕەگی چاوگی ( بون ) و چ مۆرفیمی ئارایی هەمان واتا و هەمان شتن، بۆیە یەکێکیان دەتوانێ نوێنەرایەتیی ئەوانی تریش بکا و لەم بارەشدا سود لە هاوکاریی مۆرفیمەکانی کات وەردەگرێ. هەروەها ڕابوردوی دوری خۆزگەیی بەم شێوەیە لە چاوگی بون دروستدەکرێ:

- خۆزگە قسەکان بوبونایە کردار.
- بریا تۆ بوبویتایە مامۆستا.
- کاشکی ژیکاڵ بوبوایە ڕۆژنامەنوس.

| فرێزی ناوی | ڕەگی سەرەکی | م.ڕابوردو | ڕەگی یاریدەدەر | م.ڕابوردو | ڕاناو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | م.ئێستا+م.بەستن | ناوی ئارایی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قسەکان | بـ+ | و+ | بـ+ | و+ | نـ+ | ا+ | یـ+ | Ø + ە | کردار |
| تۆ | بـ+ | و+ | بـ+ | و+ | یتـ+ | ا+ | یـ+ | Ø + ە | مامۆستا |
| ژیکاڵ | بـ+ | و+ | بـ+ | و+ | Ø | ا+ | یـ+ | Ø + ە | ڕۆژنامەنوس |

لە بنەڕەتی ئەم ڕستانەی سەرەوەدا مۆرفیمی ( بـ- )ی ئارایی وەکو پێشگرێك لە پێش کارەکاندا هەیە ( بونایە / ببونایە / ببوبوایە )، بەلاّم دەربڕینی ئەم فۆڕمانە لە ڕەوتی ئاخاوتندا کارێکی ئاسان نیە، لەلایەکی تریش لەبەر ئەوەی ( بـ- )ی مۆرفیمی ئاراییش لە بنەڕەتدا هەمان ڕەگی چاوگی ( بون )ـە، کەواتە لە ڕوی واتاییەوە سوان و لەناوچونی ئاسان دەبێ.[2]

### ٤.١.٣: بکەرنادیاری لە ڕستەی خۆزگەییدا:

لە تافی ڕابوردودا، هەندێك جار کەسی قسەکەر ( نوسەر )، لە کاتی باسکردنی ڕودانی کردەوەیەك، نایەوێ ئەو کەسەی کارێك دەهێنێتە ئاراوە -بکەری ڕستە- دەربخا، ئینجا لەبەر یەکێك لە هۆیەکانی کۆمەلاّیەتی، ڕامیاری،... یاخود ناتوانێ ئەنجامدەر ( بکەر )ی کارەکە بە ئاشکرا دەربڕێ، یان ڕەنگە

---

١ - عەبدوللاّ حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا، وشەی سفر و مۆرفیمی سفر، ل١٧.

٢ - دەروون عبدالرحمن سالّح، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، ل٧٥.

قسەکەر بیەوێ بایەخ بە بەرکار بدا و لە پێشەوە بیخاتە ڕو، یان ڕەنگە هەر لە بنەڕەتدا بکەرەکە نەناسرابێ، بۆ نمونە:

- خۆزگە سنوری هەرێم جێگیر(بـ)کرایە.
- خۆزگە ژینگەی وڵات پاك ڕا(بـ)گیرایە.[1]

شایانی باسە، (-بـ-)ی مۆرفیمی ئارایی لەم ڕستانەی سەرەوەدا، دەبێتە مۆرفیمێکی خۆشەکی (بەئارەزو)، چونکە پێشگری لە پێشدا هاتوە، بەڵام بۆ ئاسانی دەربڕین و کەمتر خەرجکردنی وزە بە زۆری ئەم مۆرفیمە دەسوێ و دەبێتە سفر. هەروەها لە هەردو (ا)ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو کە یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕابوردوی بکەرنادیار و دوەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕابوردوی خۆزگەیی، یەکێکیان دەسوێ. هەڵبەتە، (ر)ی دوای ڕەگی کار مۆرفیمی بکەری نادیارە. هەرچی بەرکارە، بە ئاشکرا دەرکەوتوە و لەبەر ئەوەی ڕستەکە خۆزگەییە هیچ ڕوداو و گۆڕانکارییێکی بە سەردا نەهاتوە و ڕوداوەکە بوەتە خۆزگەیەك. جیاوازیی بکەرنادیاری خۆزگەیی لەگەڵ داخوازی، جگە لەوەی لە داخوازیدا ئەگەری ڕودانی کارەکە و هاتنە ئارایی هەیە، بەڵام لە خۆزگەییدا ئەو ئەگەرە نەماوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەمکاتی کارەکان و بواری ڕودانیان، کە لە داخوازیدا داهاتوە، بەڵام لە خۆزگەییدا ڕابوردوی ڕابوردوە، واتە، بەسەرچوە. وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

- بریا لادێکان بایەخیان پێبدرایە / پێدرابایە / پێبدرابا.
- دەبو خێوەتەکە هەڵبدرایە / هەڵدرابایە / هەڵبدرابا.
- کاشکی خواردنی بەسەرچو لە ناو ببرایە / برابایە / ببرابا.
- خۆزگە یارمەتی بۆ کەسوکاری شەهیدان بهێنرایە / هێنرابایە / بهێنرابایە.

لەم ڕستەی خۆزگەییانەدا بکەر دەرنەکەوتوە بەهۆی مۆرفیمێکی نادیارییەوە ئاماژەی بۆ کراوە، دەتوانرێ کارەکانی ئەم ڕستانەی سەرەوە شیبکرێنەوە، بەم شێوەیە:

| کاری خۆزگەیی | پێشگر | م.ئارایی | ڕەگی کار | م.نادیار | م.ڕابوردوی بکەرنادیاری | م.ڕابوردوی خۆزگەیی | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێبدرایە | پێـ+ | بـ+ | د+ | ر+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |
| هەڵبدرایە | هەڵـ+ | بـ+ | د+ | ر+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |
| ببرایە | -- | بـ+ | بر+ | ر+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |
| بهێنرایە | -- | بـ+ | هێنـ+ | ر+ | Ø | ا+ | یـ+ | ە |

١ – لە بکەرنادیاردا، ئەو ڕەگانەی کۆتاییان بە دەنگی (ر) دێ، لەگەڵ (ر)ی بکەرنادیار یەکێکیان دەسوێ، یان ناوبڕی (د)یان بۆ دروستدەبێ.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا تێبینی دەکرێ، لەم کارە تێپەڕانەدا مۆرفیمی ئارایی (بـ) دەبێتە پێشگر و مۆرفیمی پاشگری (ر)ی مۆرفیمی نادیاری بە دوای ڕەگی کارەکەوە دەنوسێ و مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی (ا)ی بەدوای دادێ، واتە پێکهاتوە لە {(ر) بکەرنادیاری + (ا) مۆرفیمی ڕابوردو}. ئەم فۆڕمەی کاری خۆزگەیی بکەرنادیاری هیچ کاریگەرییێکی لە سەر دەرکەوتنی مۆرفیمە ئارایییەکە نابێ، تەنیا ئەوە نەبێ مۆرفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردو لە کاری بکەرنادیارەکە دەسوێ، بەهۆی هاتنی مۆرفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردو لە فۆڕمی خۆزگەیی (ایە)دا. بۆ نمونە: (پێبدرایە / پێدرابایە / پێبدرابا، هەڵبدرایە / هەڵدرابایە / هەڵبدرابا، ببرایە / برابایە / ببرابا، بهێنرایە / هێنرابایە / بهێنرابایە). لێرەدا ئەم مۆرفیمە واتای هاتنە ئارایی بە کارەکە دەبەخشێ لە کاتی ڕابوردوی بکەرنادیار وەك کاری هەر ڕستەیەکی تری خۆزگەیی.

## ٥.١.٣: نەرێکردن لە ڕستەی خۆزگەییدا:

نەرێکردنی کاری خۆزگەیی بە واتای دورخستنەوە و بە ئەنجام نەگەیاندنی ڕستەکە نیە یان نەهاتنەئارا و تێپەڕینی کاتی ڕودانی ڕستەکە نیە، بەڵکو خۆزگەی ئارایی نەبونی کارێك دەخوازرێ لە ڕابوردودا کە ئارەزومەند (قسەکەر / نوسەر) خۆزگەی دەخواست بەم شێوەیە نەبوایە، واتە، کارەکە بەم شێوەیە نەهاتبایە ئارا، ئەمەش بە هۆی ئامرازی (نە)[1]ی نەرێکردنەوە دێتەئارا، کە هیوا و خۆزگەی نەکردنی کردەوەکەیە لەڕابوردودا، وەك:

- کوڕم دەبو هێندە نەوەستابای.
- بریا دانەمەزرابام.
- یاخوا پێنەگەیشتنایە.
- خۆزگە بەیانی نەچوبایە سەرکار.
- کاشکی پیاوەکی ڕەشبین نەبوایە.
- بریا میللەتێکی ساویلکە نەبونایە.

دەتوانرێ کارەکانی نەرێی ئەم ڕستە خۆزگەییانە شیبکرێنەوە. بەم شێوەیە:

| کاری خۆزگەیی | پێش کار | م.نەرێ | ڕەگی کار | م.ڕابوردو | م.ئارایی | م.ڕابوردو | ڕاناو | م.ڕابوردو | ناوبڕ | ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەوەستابای | -- | نە+ | وەستـ + | ا+ | بـ+ | ا+ | ی | -- | -- | -- |
| دانەمەزرابام | دا | نە+ | مەزر+ | ا+ | بـ+ | ا+ | م | -- | -- | -- |
| نەگەیشتنایە | -- | نە+ | گەیشـ+ | تـ+ | Ø | Ø | نـ+ | ا+ | یـ+ | ە |

---

١- کوردستان موکریانی، قواعد اللغة الكردية، ص١٦٠.

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەچوبایناپە | -- | نە+ | چـ+ | و+ | بـ+ | ا+ | ینـ+ | ا+ | یـ+ | ە |
| ڕەشبین نەبوایە | ڕەشبین | نە+ | بـ+ | و+ | Ø | ا+ | Ø | Ø | یـ+ | ە |
| ساویلکەنەبوینایە | ساویلکە | نە+ | بـ+ | و+ | Ø | Ø | ینـ+ | ا+ | یـ+ | ە |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا تێبینی دەکرێ، مۆرفیمی نەرێ لە ڕستەی خۆزگەیی دەبێتە پێشگر و لە شوێنی ئەو (بـ-)ی مۆرفیمی ئاراییەوە دێ، کە واباوە لە بنەڕەتدا لە سەرەتای کار ( پێش ڕەگی کار) دەربکەوێ.[1] واتای ڕستەکە لە هاتنە ئارایی دەگۆڕێ بۆ کارێکی نەرێی ڕونەداو. جیاوازیی فۆڕمی نەرێکردن لەگەڵ ڕستەکانی تری خۆزگەیی لەوەدایە تەنیا یەك فۆڕمی نەرێکردن لە کاری خۆزگەییدا بەدی دەکرێ.

## ٢.٣ : بەندی دوەم : ڕستەی مەرجی :

هەروەك چۆن مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی ڕۆلێکی سەرەکی گێڕا لە داڕشتنی ڕستەکانی فەرماندان و داخوازی و خۆزگەیی، بەهەمان شێوە لە زۆربەی ڕستەکانی مەرجیشدا مۆرفیمی ئارایی کاریگەریی خۆی هەیە و ڕۆلێکی گرنگ دەگێڕێ.[2] لە پاڕستەی مەرجیدا مۆرفیمی ئارایی دەچێتە سەر ڕەگی کار و هاتنە ئارایی ئەم کارە دەکاتە مەرجی زەمینە خۆشکەر بۆ هاتنە ئارایی وەڵامی مەرج ( شاڕستە )، کە ڕودانی کارێکی ترە، وەك :

- ( ئەگەر ) بخوێنی، دەردەچی.

لێرەدا (بـ-)ی مۆرفیمی ئارایی کەوتۆتە پێش کاری ( خوێندن ) و هاتنەئارایی ئەو کارەی کردوە بە مەرجێکی زەمینە خۆشکەر بۆ ڕودان و هاتنە ئارای کرداری ( دەرچون ).

هۆکاری بەیەکەوە بەستنەوەی دو کار، کە هاتنەئارای یەکێکیان مەرج بێ بۆ هاتنە ئارایی کاری دوەم، ئەمە وایکردوە ڕستەی مەرجی لە شێوەی ڕستەی ئاوێتە (تێکەڵ) دروستببێ. هەر لەبەر ئەوەشە لەم توێژینەوەیەدا لە بەندێکی سەربەخۆ باسکراوە.

بنەمای بە یەکەوە هاتنی ئەم ڕستانە، واتە ( پەیوەندیی نێوانیان لەسەر بنەمای هۆیی نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای کاتی ڕودانەکەیەتی هاتنە ئاراییەکەیەتی -Temporal- )[3]. ئەم ڕستانە یان دو ڕستەی

---

١ - عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ناکردن لە کوردیدا، ل٢٦.

٢ - ڕستەی مەرجی لە هەندێ شێوەی تری هەیە، کە زۆر باونین. وەك ئەو شێوەیەی بە مۆرفیمی ئارایی دروستدەبن، ئەم ڕستانە تەنیان و واتای مەرجییان لاوازترە، بۆ نمونە :

- ( هەتا پارو نەجورێ، قوت نادرێ.
- کەی زەنگەکە لێدرا، قوتابییەکان دەچنە ژورێ.
- ئەگەر چویت بۆ بازاڕ، کتێبێکم بۆ بکڕە ) بڕوانە : لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی -پۆلی شەشەمی ئامادەیی-، ل٢٨.

٣- عبده علی الراجحی، التطبیق النحوي، ص٣٣٢.

جیاوازن یان سەر بە یەك جۆری ڕستەن و لە ئەنجامی ئەو کەوتنە پاڵ یەکەوەیە، هەندێ هاوبەشی و تایبە تمەندی دروستدەبن و بەڕستەی ئاوێتەی مەرج دەناسرێ.[1]

ڕستەی ئاوێتە (تێك ئالاَو - جملە معقدە - ئەو ڕستەیە کە لە دوو ڕستی سەربەخۆی وەها پەیدا بوبێ، کە نەلوێ لەیەکتر بپچڕێنرێن و مەعنای یەکێکیان لەسەر ڕوودانی ئەوی تریان بەند بێ.)[2]

تایبەتییێکی تری مۆرفیمی ئارایی لە ڕستەی مەرجیدا ئەوەیە، ئەگەر ڕستە مەرجیەکە لە دەمکاتی ڕابوردودا بێ، ئەوە ئەو کارەی دەبێتە مەرج دەکەوێتە دۆخی خۆزگەیی و داڕشتنی فۆڕمی خۆزگەیی بەسەردا دەسە پێ و ئەو کارەی دەبێتە شاڕستەی مەرجەکە لە دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوامدا دەبێ. ئەمە واتای ئەوە دەگەیێنێ، لەبەر ئەوەی شاڕستەی مەرجەکە نەهاتۆتەئارا و کاتەکە تێپەڕیوە، بۆیە پاڕستەی مەرجەکە کاتەکەی ڕابوردوە و ئیتر ڕونادا. بۆ نمونە:

- (ئەگەر) بیخوێندایە، دەردەچو.

لەم ڕستەیەدا لەبەر ئەوەی (نەیخوێندوە) کاتی هاتنە ئارای کارەکە بەسەرچوە، بۆیە ناتوانرێ (دەرچون) بهێتەئارا. هەروەها لەم نمونەی سەرەوەدا ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ، مۆرفیمی ئارایی بوەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دروستبونی ئەگەری ڕستەی مەرجی، بە بەڵگەی ئەوەی وشەی (ئەگەر) بوە بە وشەیەکی خۆشەکی (اختیاري)، بون و نەبونی واتای سەرەکیی ڕستەکە تێکنادا و بۆیە لە نێوان کەوانە دانراوە.

بە شێوەیەکی گشتی ڕستەی مەرجی ڕستەیەکی ناسادەیە، لە پتر لە ڕستەیەکی سادە پێکدێ، ڕستەیەکیان (واتای کار یان چالاکی دەبەخشێت کە ڕوودان و ڕوونەدانی بەستراوە بە کار و چالاکیەکی

---

١- زمانەوانەکان کاتێك لە ڕوی ڕۆنانەوە باسی ڕستەی مەرجییان کردوە، بۆچونی جیاوازیان هەیە. دەتوانرێ ئەم بۆچونانەیان بۆ سەر سێ جۆر دابەش بکەین:

یەکەم: هەندێکیان بە ڕستەی ئاوێتە (تێکەڵ)یان داناوە. وەك:

- کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، ل٣٨.

- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل٦١

دووەم: هەندێکی تر ڕستەی مەرجییان بە ڕستەیەکی لێکدراو داناوە. وەك:

- ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم، ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتوخواز لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتوی دیارخەر، ل٦٥.

- وریا عومەر ئەمین، مەرج و یاساکانی لە زمانی کوردی، ل٢٤١.

- ئازاد ڕەمەزان عەلی، لە یاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرجی زمانی کوردی، ل٧٤.

سێیەم: بۆچونێکی تر ئەم دو ڕایە تێکەڵ بە یەکتر دەکا و پێی وایە ڕستەی مەرج لە ڕستەی لێکدرا و ڕستەی ئاوێتە پێك دێ و بە پێی ئامرازەکەی دیاری دەکرێ. بۆ ئەمەش بڕوانە: یوسف نوری محەمەد ئەمین، هەندێك لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە پێی یاسای گوێزانەوە، ل٦٩.

٢- نوری علی امین، قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نحو دا، ل١٣.

ترەوە)[1] هاتنە ئارای ڕودانی ڕوداوی ڕستەی سەرەکی بەستراوە بە هاتنە ئارا و نەهاتنەئارای ڕوداوی ڕستەیەکی ترەوە.

ڕستەکانی گروپی ئارایی - فەرماندان، داخوازی، خۆزگەیی - لە ناو پێکهاتەی ڕستەی مەرجیدا دەردەکەون و بەشداری لە ڕۆنانی ئەم جۆرە ڕستەیە دەکەن و لەئەرکدا ڕۆلی کاریگەرتر لە ڕستەی ئاسایی دەگێڕن (واتای مەرج لەو ڕستانە بەهێزە کە کاری ڕستەی کاری مەرجیان ڕێژەی ئینشائیە جا چ لە ڕابردوو بێت یا ڕانەبردوو)[2]

### ١.٢.٣: پێکهاتنی ڕستەی مەرجی:

ڕستەی مەرجی بە گشتی دەبن بە دو بەش، پاڕستە (کاری مەرج) و شاڕستە (وەلامی مەرج). کەواتە ڕستەی مەرجی پێك دێ لە (ڕستەیەکی سەرەکی و ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەکی تری لاوەکی)[3] هەریەکەیان بە پێی هەندێ تایبەتمەندی لەویتریان جیادەکرێنەوە.[4]

ڕستەکانی گروپی ئارایی -فەرماندان، داخوازی، خۆزگەیی- دەچنە ناو پێکهاتەی ڕستەی مەرجی مۆرفیمی ئارایی لە ناو کاری یەك یان هەردو بەشی ڕستەی مەرجی دەردەکەون. وەك:

- (ئەگەر) چاڵ بۆ خەڵك هەڵبکەنی، خۆت تێی دەکەوی.
- (گەر) دنیا ببێ بە شوژن فرۆش، خوا پەکی کەس ناخا.
- (ئەگەر) پشتت سەفین بێ، تــف لە ئاســـــن بـــــکە.

لەم ڕستە مەرجیانەدا پاڕستە، ئەو ڕستەیە بە کرتاندنی شاڕستەکەی واتای سەربەخۆی نامێنێ، (واتە پەیوەندی ڕێزمانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا نەبێ)[5]، واتا بە دەستەوە نادا. ئەو کاتە شاڕستە دێتە ئارا و بە ئەنجام دەگا، کە ڕوداوی پاڕستەکە بێتەئارا. پاڕستە ڕستەیەکی لاوەکیە و واتاکەی بەندە بە شاڕستەوە، (ڕستەی شوێن کەوتووی مەرج، مەرجی ڕوودان و دیاریدەی ڕستەی سەرەکی ئاشکرا دەکات)[6]،

---

١- هێرۆ ئەحمەد حەمە غەریب، شێوەکانی گێرانەوە لە ڕستەی کوردیدا، ل٩٦.

٢- ئازاد ڕەمەزان عەلی، لە یاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرجی زمانی کوردی، ل٦٣.

٣- بڕوانە: أ/ محمد علي خولي، معجم علم اللغة النظري، ص٥٠.

B- Maggie Tallerman, Understanding Syntax, P:72.

٤- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو تایبەتمەندیانە، بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، ل٣٢.

٥- شلێر ڕەسول محەمەد بەرزنجی، یاساکانی داڕشتنی ڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، ل٤٠.

٦ - کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، ل ٣٨.

بەلاَم ئەوەی گرنگە لە پاڕستەی ئەرێی مەرجیدا (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی، کاری ڕستەکە دەکاتە مەرجێك، بۆ هاتنە دی کاری سەرەکی. بۆ نمونە:

- (ئەگەر) بخوێنیٚ، دەردەچیٚ.
- (ئەگەر) دەرمان بخۆم، چاکدەبمەوە.
- (ئەگەر) وەرزش بکەین، لەش ساغ دەبین.

لەم نمونانەی سەرەوەدا، هاتنە ئارایی پاڕستەکانی (خوێندن، دەرمان خواردن، وەرزش بکەین) کراون بە مەرج، بۆ هاتنەئارایی کاری شاڕستەکانی (دەرچون، چاکبونەوە، دەبین)، واتە، تا پاڕستەکانی مەرجی جێبەجێنەکرێن، شاڕستەکانی مەرجی نایەنەئارا. ئەم ڕستانە بە پێی ئەو ئەرکەی پاڕستەکان هەیانە دەناسرێنەوە، (پۆلینکردنی لاڕستەکانی ڕستەی ئالۆزیش بە شێوەیێکی گشتی لەسەر بنەمای پەیوەندیی واتایی نێوان لاڕستەکان ئەنجام دراوە)[1] و جۆرەکانی دیار دەکرێن.[2]

ئامراز لەم ڕستانەدا ئەرکێکی گرنگ دەبینیٚ، بە پێی ئەو ڕستەی تیایدایە، دەردەکەویٚ، بۆ چ مەبەست و واتایەك بەکارهاتوە. واتە، دەوروبەر واتای زیاتر ڕون دەکاتەوە و بڕیار دەدا چ ئەرکێك ببینیٚ. (ئەو ئامرازانەن ڕووداو و کار و کردەوەیەك، بە ڕوودانی ترەوە دەبەستیٚ یان ڕوودانی ڕووداوێك بەهۆی ئەم ئامرازانەوە مەرج دەبیٚ بۆ ڕوودانی تر)[3]، بەم پێیە ئامرازەکانی مەرجی هۆکارێکن بۆ بەیەکەوە بەستنی ڕستەکان (ئامرازی گەیەنەر دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەم پەیوەندییەی لە نێوان ڕستەی سەرەکی و لاڕستەی دیارخەرییەکەدا دەبینرێت و بوونی ئامرازەکە لەگەڵ لاڕستەکەدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی ڕستەکە و بەندکردنی بە ڕستەی سەرەکییەوە)[4] هەروەها دەبنە نیشانەی مەرجی.[5] ئەوەی جێگای سەرنجە،

---

١- شلێر ڕەسول محەمەد بەرزنجی، یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لەزمانی کوردیدا، ل ٦٣.

٢- جۆرەکانی پاڕستە لەلایەن هەندێك لە زمانەوانەکانەوە خراوەنەتە ڕو لەوانە:

ا- کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، ل٦.

ب- عەبدوللاّ حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل٣٧.

٣- ڕەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، ل١٩٣.

٤- شلێر ڕەسول محەمەد بەرزنجی، یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لەزمانی کوردیدا، ل٩٠.

٥- بۆ زانیاری زیاتری دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە:

- یوسف نوری محەمەد ئەمین، هەندێك لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە پێی یاسای گوێزانەوە، ل٦٩.

- هێرۆ ئەحمەد حەمە غەریب، شێوەکانی گێرانەوە لە ڕستەی کوردیدا، ل٩٦.

- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی (وشەسازی) بەشی پێنجەم (کردار)، ل٢٣٢.

- ك. ك. کوردۆیف، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، ل٣٧٧.

- جگر خوێن، اوا ئو دەستورا زمانی کوردی، ل٩٩-١٠١.

ئامرازی (ئەگەر) یەكێكە لەم ئامرازانەی لە هەمو ئامرازەكانی تر زیاتر لەگەڵ ڕستەی مەرجی دەردەكەوێ.[1] (بە ئامرازێكی بەهێز و بلاَوی مەرج دەژمێردرێت لە بەكارهاتنی لە دارشتنی ڕستەی مەرجدا)[2] ئەمە واتای ئەوە نیە ئامرازەكانی تر بەكارناهێنرێن، بەلاَم (ئامرازی -ئەگەر- لەگەڵ هەمو جۆرە ڕستەیەك، چ خەبەری ئینشائی، چ... بەكاردەهێنرێت، لە هەمو حالەتێكیش واتاییێكی مەرجی بەهێز دەبەخشێت)[3] لە هەمو ئامرازەكانی زیاتر بە ڕستەی مەرجیەوە ناسراوە. (ئەو پارتیكلانەی ڕستەی مەرجیان پێ دروستدەكرێ هەریەكەیان تایبەتیەتی خۆیان هەیە، كە جیاوازە لە پارتیكلی دیكە)[4] هەرچەندە ئاماژە بۆ ئەوە كراوە ناتوانرێ ئامرازی مەرجی لەم ڕستانە لابربردرێ، چونكە (لەرووی دارشتنەوە دەبێتە ڕستەیەكی لێكدراوی پێوەست، كە بە هۆی كۆماوە لێك دەردرێن و هەروا واتایی مەرجیش لە نێو دەچێت، چونكە ئامرازی گەیەنەری مەرجی لێ هەڵگیراوە)[5] دەتوانرێ ئەم بۆچونە بەشێوەیەكی گشتی بە ڕاست دابنرێ، بەلاَم لە ڕستەی مەرجیدا زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ ناڕاستی ئەم بۆچونە بسەلمێنرێ، بە تایبەتی لەو ڕستە مەرجیانەی (بـ)ی مۆرفیمی ئاراییان تێدایە، چونكە ئەم مۆرفیمە ڕودانی كاری پاڕستە دەكاتە مەرجێك بۆ ڕودان و هاتنە ئارایی شاڕستەی مەرجی، ئینجا ئەگەر ئامرازەكانی لێكدەری وەك ( ئەگەر، گەر) بەكاربێن یان بەكارنەیەن. بۆ نمونە:

- (ئەگەر) باران ببارێ، وشكە ساڵی نامێنێ.
- (گەر) خودا دەستم بدا، قوتابخانەیەك دروستدەكەم.
- (ئەگەر) پیاو پیاو بێ، چۆن ستەم لە ئافرەت دەكا.

كەواتە بونی ئامرازی مەرجی بە تەنیا مەرج نیە بۆ دروستبونی ڕستەی مەرجی، بە تایبەتی كاتێك ڕستەكانی ئارایی ڕستەی مەرجی پێكدەهێنن. نیشانەی ئارایی ڕستەكانی ئەم گروپە بە نیشانەی مەرجی دادەنرێن. {(بـ)ی مۆرفیمی ئینشائی (ئیلزامی)یە لە ڕستەی مەرجدا دەشێ بە مۆرفیمی مەرج لە قەلەم بدرێ}[6] نیشانەیەكی دیارە لە مەرجی بونی ئەم ڕستانەی بەبێ ئامرازی مەرج دەربڕاون، هەروەها مۆرفیمی خۆزگەیی (با)ی بە نیشانەی مەرج دادەنرێ.[7] لەگەڵ ئەوەی لە هەندێ كاتدا مۆرفیمی ئارایی پاشگر دەبێتە

---

١- لاڕستە بەهۆی ئامرازی گەیەنەری مەرجی ( ئەگەر، مەگەر، گەر ) بە شاڕستەوە دەبەستێتەوە. بڕوانە: (ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی كوردیدا، ل١١٠).

٢- ئازاد ڕەمەزان عەلی، لە یاساكانی دارشتنی ڕستەی مەرجی زمانی كوردی، ل٣١.

٣- لێژنەی زمان و زانستەكان لە كۆڕی زانیاری كورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی، ل٣١٣.

٤- هێرۆ ئەحمەد حەمە غەریب، شێوەكانی گێرانەوە لە ڕستەی كوردیدا، ل٩٦.

٥- كوردستان موكریانی، سینتاكسی ڕستەی تێكەڵ، ل٤٠.

٦- ئازاد ڕەمەزان عەلی، لەیاساكانی دارشتنی ڕستەی مەرجی زمانی كوردی، ل١١.

٧- بڕوانە: محەمەد مەعروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێكی مۆرفۆلۆجی كوردی، ل٤٢.

سفر له كاری خۆزگەیی، لێرەدا مۆرفیمی (ا)ی كاتی ڕابوردوی له كۆتایی كارەكە بەتەنیا دەمێنێتەوە. ئەم مۆرفیمەش دەبێتە نیشانەیەك بۆ كاری خۆزگەیی و دەبێتە نیشانەی مەرجیش (-ایە- نیشانەی مەرجیە)[1] ئەگەر سەرنج بدەین هەر یەك لەم ڕستە مەرجیانە بەشێكی یان هەر دو بەشی ڕستەكە بە یەكێك لە ڕستەكانی گروپی ئارایی بە مەبەستی مەرجی بەكارهێنراون، ئەگەر ئامرازی مەرج بەكارهاتبێ یان نا. بۆ نمونە:

- (ئەگەر) پیاوبوایە، بانگم دەكرد.
- (ئەگەر) نانیان بهێنابا، دەتخوارد؟
- (ئەگەر) ژێكاڵ بە چیا هەڵبگەڕایە، ماندو نەدەبو.

لەم ڕستە مەرجیانەی سەرەوە، ئەگەر پاڕستەی مەرجی یەكێك بێ لە ڕستەكانی ئارایی، ئەوە ئامرازی مەرجی دەتوانرێ دەربكەوێ یان دەرنەكەوێ، بۆیە لە ڕستەی مەرجییدا ئەم ئامرازانە بونەتە ئامرازێكی بە ئارەزو (Optional) و لە ناو كەوانە داندراون.

ئامرازی (كە / كاتێ) لە ڕستەی مەرجی، جگە لە ئەركی ئامراز، واتای كات دەگەیەنێ و لەو شوێنەدا ڕستەی خۆزگەی هاتنە ئاراییەكەی ئەنجامدراوە، واتە هاتۆتە ئارا بە پێی كاتی مەرجەكە. وەك:

- كاتێ چوباین / بچوباین / بچوینایە بۆ قوتابخانە، ڕۆژانەیان پێدەداین.
- كە نانیان هێنابا / بهێنابا / بهێنایە بۆ سەركار، كارمان زیاتر دەكرد.

لەم ڕستانەدا ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، ئامرازەكانی (كە / كاتێ) بە واتای (ئەو كاتانەی) دێن. كەواتە وەك ئامرازێ ئەركی خۆی ناگەیەنێ و ئەو واتەیەش نابەخشێ لەم ڕستە مەرجیانەدا، بەڵكو واتای كاتی هاتنە ئارایی شاڕستەكە زیاتر ڕوندەكاتەوە.

بەشێوەیەكی گشتی (ڕستەی مەرجی لە دوو لا پێكدێت، بەلام بە پێی خاسیەت هەر یەكەیان لەویتر جیادەبێتەوە)[2]. ئەو ڕستانەش بەیەكەوە واتای ڕستەیەكی مەرجی تەواو دەكەن، كاتێ لە ڕستەی مەرجیدا یەكێ لە ئامرازەكانی مەرجی بەكاربهێنرێ، دەكەوێتە سەرەتای پاڕستەی مەرجی و پتر ڕستەكان دەداتە پاڵیەكترەوە. بۆ نمونە:

- (ئەگەر) بچین، دەیبینم.
- (ئەگەر) یەكبگرن، سەردەكەون.
- (ئەگەر) تاوانبارەكەی بگرتایە، لەم كێشەیە ڕزگار دەبوین.

---

١- ئاواز حمه صديق بەگیخانی، ڕیزبوونی كەرستەكان لە زمانی كوردیدا، ل٣٧.

٢- نەسرین فخری، ڕستە و چەمكی ڕستە بە گشتی و تایبە تمەندییەكانی لە زمانی كوردیدا، ل٦٥.

لەم ڕستانەی سەرەوە تێبینی ئەوە دەکرێ، دەشێ وشەی مەرج لەگەڵ ئەم ڕستە مەرجیانە دەربکەوێ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە وشەیەکی خۆشەکی (اختیاری) و ڕەنگە بوترێ یان نەوترێ.

بۆ نمونە، لەم ڕستە مەرجیانەی خوارەوەدا، دەتوانرێ، بەبێ یارمەتی هیچ ئامرازێ[1]، ڕستەکانی پاڕستە و شاڕستە بەیەکەوە دەربکەون و واتای مەرجیش ببەخشن. بۆ نمونە:

- توڕە بم، دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکەم.
- هەندێ زوتر بهاتبوایە، بەڕێوەبەری دەبینی.
- سەد قەزوان بخۆی، بەگوێزێ پێت ئەگەم.[2]

لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە، ڕۆلی ئاوازەیە (Intonation) لە دەربڕینی ڕستەی مەرجیدا (هەر ڕستەیەك دەیان واتا و مەبەستی جیاواز دەبەخشێ بەپێی ئاوازەکەی)[3]. مەبەست ئەوەیە، ئەو ڕستە مەرجیانەی پاڕستەکانیان لە گروپی ئارایيە و لە ڕۆنانی کارەکانیان (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی هەیە، پتر زەمینەیان لە بار و ڕەخساوە بۆ دەرنەکەوتنی ئامرازەکانی مەرجی و ئاوازەی ڕستەکانیش دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ گەیاندنی چەمکی مەرجی لەم جۆرە ڕستانەدا. بۆ نمونە:

- فوو لە ئاگر بکەی، سمێلت ئەسوتێ.[4]
- دەستی لێ بدەن، توڕە دەبم.
- منداڵی منیش بوایە، ئەوەندەم خۆشنەدەویست.

ئەم ڕستانەی سەرەوە بەپێی ئاوازەی دەربڕین، واتای مەرجیەکەیان بەهێزترە و ڕستەکان ڕونتر دەکاتەوە. لێرەدا ئەمە زیاتر پەیوەستە بە دەوروبەری ئاخاوتن و شوێنی ڕستەی مەرجیە لە ناو گلۆڵەی باسەکەدا. چونکە (دیارترین ڕۆلی ئاوازە دەبڕینی هەڵوێستە مەبەستدارەکانە)[5]. ئاوازەی ڕستەی مەرجی بەپێی جۆری ڕستەکانیان دەستنیشاندەکرێن.[6]

بەهێزی ڕستەی مەرجی لە کاری ڕستەکەیدا دەردەکەوێ، ئەو ڕستانەی کە (بـ)ی مۆرفیمی ئارایيیان تیادا دەردەکەوێ، ڕونتر واتای مەرجی دەدەن و کەمتر لێڵواتایی و لێکدانەوەی تر هەڵدەگرن. بۆ نمونە:

---

١ – ئەوەی ڕۆلی ئامراز دەگێڕێ لەم جۆرە ڕستانەدا، وەستانێکی کورتە لە ئاخاوتندا و وێرگوڵ (کۆما)یە لە نوسیندا.

٢– شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل٢٤٢.

٣ – وریا عمر امین، هێز و ئاواز، ل١٦.

٤ – شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل٢٨٠.

5 – D. Crystal, The Cambridge Encyclopedia of the English Language, P 249.

٦– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدولوەهاب خالید موسا، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، ل١٠٢.

- ئەگەر تۆ بنویت، من دەردەچم.

لەم نمونەیەدا، (نوستنی تۆ)ی کردوە بە مەرجی (دەرچونی من) واتە، (ئەگەر تۆ نەنویت، من دەرناچم)، بەلاَم لە نمونەیەکی وەك:

- ئەگەر دەنویت، من دەردەچم.[1]

لەم نمونەیەدا واتای مەرجیەکەی بێهێزە و پتر واتای ئەوە دەدا، کە (کاتێ تۆ دەنوی، من دەردەچم)، لەلایەکی تریش ئەم جۆرە ڕستە سرکە و لە ئاخاوتندا بە مەبەست و بە دەگمەن بەم شێوەیە بەکاردێ.

### ٢.٢.٣: گروپی ئارایی لە پێکهاتەی ڕستەی مەرجیدا:

ئاشکرایە، ڕستەی ئاوێتەی مەرجی وەك هەر ڕستەیەکی تری ئاوێتە (تێکەڵ – Complex sentence) لە شاڕستە (ڕستەی سەرەکی – Main Clause) و پاڕستە (ڕستەی لاوەکی – Subordinate Clause) پێك دێ. لە ئاوێتەی مەرجیدا پاڕستە دەبێتە مەرجێك بۆ هاتنە ئارایی شاڕستە، کە وەلاَمی مەرجە. واتە، کەی کاری پاڕستە هاتە ئارا، ئینجا کاری شاڕستە دێتە ئارا، بۆیە بە زۆری گروپی ئارایی، واتە، ڕستەکانی (فەرماندان، داخوازی و خۆزگەیی) لە پاڕستەدا دەردەکەون و زۆرکەم لە هەردو ڕستەی بەشی ڕستەکە بەیەکەوە دەردەکەون. لێرەدا بە پێی سنوری باسەکە، تەنیا باسی ڕستەکانی گروپی ئارایی دەکەین لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا:

### ١.٢.٢.٣: ڕستەی فەرماندان لە ڕستەی مەرجیدا:

لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا، فەرماندان تەنیا لە ناو شاڕستەدا دەردەکەوێ و لە ناو پاڕستەکەدا نایێ، چونکە ناتوانرێ مەرجی هێنانە ئارایی کارێك پەیوەست بکرێ بە هاتنە ئارایی فەرمانێکەوە، ئەمە لە ڕوی لۆجیکیەوە ناگونجێ، چونکە فەرمان پێویستە لە کاتی ئێستادا جێبەجێبکرێ و گومان لە جێبەجێکردنیدا نیە، بۆیە شاڕستە دێتە ئارا، لەبەر ئەوە نابێتە ڕستەیەکی مەرجی. لە دۆخێکدا کە فەرمان شاڕستەیە، پاڕستە دەبێتە مەرجێك بۆ هێنانە ئارای فەرمانەکە، واتە، بواری هێنانە ئارای کاری ڕستەی فەرماندان، پەیوەستە بە ئەگەری ڕودانی کاری پاڕستەکە. بۆ نمونە:

- (ئەگەر) ڕیشت بو بە کۆڵەوە، شانەی بۆ <u>هەڵبـــگرە</u>.
- (ئەگەر) منداڵەکەت نە یخوێند، ئامۆژگاری <u>بـــکە</u>، دواتر سەرزەنشتی <u>بـــکە</u>.
- (ئەگەر) پشتت سەفین بێ، تف لە ئاسن <u>بـــکە</u>.

---

١- وریا عومەر ئەمین، مەرج و یاساکانی لە زمانی کوردیدا، ل٢٤٢.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ڕستەی فەرماندان دەبێتە ڕستەیەکی سەربەخۆ و ڕستەیەکی تری ئارایی یان هەر ڕستەیەکی تر واتاکەی تەواو دەکا و دەبن بە پاڕستە و مەرج بۆ هاتنە ئارای شاڕستەکە. کەواتە لەم جۆرە ڕستە مەرجییانەدا تافی کاری ڕستەی پاڕستەکان لە هەر کاتێکدا بن، وەك (بو بە کۆڵەوە، نەیخوێند، بێ)، ڕودانی شاڕستە لەدەمکاتی ئێستادایە - کاتی هاتنە ئارایی پاڕستەکە دەبێ- (هەڵبگرە، بکە)، بۆیە ئەگەر لە کاتێکدا ڕودانی پاڕستە هاتە ئارا، پێویستە ڕودانی شاڕستەکە بە ئەنجام بگا.

شایانی باسە، ئەگەر پاڕستەی ڕستەی مەرجی بکرێتە فەرماندان، لە ڕوی واتاوە ناگونجێ و بنەماکانی چەمکی مەرجی لە دەستدەدا. بۆ نمونە:

بخوێنە، دەردەچی. / بخوێنن، دەردەچن. (فەرماندان)

تێبکۆشە، سەردەکەوی. / تێبکۆشن، سەردەکەون. (فەرماندان)

لە نمونەکانی سەرەوەدا سەرنجی ئەوە دەدرێ، دەتوانرێ چەمکی مەرجی لە کەسی دوەمی کۆدا وێنابکرێ، بەڵام لەم کاتەدا وێناکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆنانی داخوازیی ئەو ڕستانە، نەك فەرماندان. واتە، کەسی دوەمی تاکیان دەبێتە ڕستەی داخوازی، بەم شێوەیە:

بخوێنی، دەردەچی. / بخوێنن، دەردەچن. (داخوازی)

تێبکۆشی، سەردەکەوی. / تێبکۆشن، سەردەکەون. (داخوازی)

### ٢.٢.٢.٣: ڕستەی داخوازی لە ڕستەی مەرجیدا:

یەکێك لە بوارەکانی ڕودانی ڕستەی مەرجی لە داهاتودایە و هێنانە ئارا و نەهێنانە ئارای داخوازیەکە، زیاتر لە دەسەڵاتی کەسی بکەردایە. بۆیە کاتێك ڕستەی داخوازی ببێتە پاڕستەی مەرجی، ئەگەری ڕودان و هاتنە ئارایی کاری شاڕستە دەکەوێتە گومانەوە، کە ئایا ڕودەدا یان ڕونادا، بۆیە دەتوانرێ بەم جۆرە ڕستانە بگوترێ ڕستەی گوماندار. لەم جۆرە ڕستەیەدا ڕودانی کاری پاڕستە لە داهاتودایە. شاڕستەی مەرجیش لە ڕانەبوردو دەبێ. بۆ نمونە:

- (ئەگەر) قوتابی ئارەزوی لێبێ، پلەی باش بەدەست دەهێنێ.
- (ئەگەر) مامۆستای تایبەت بگری، نمرەی بەرز دەهێنی.
- (ئەگەر) من پەیمان بدەم، جێبەجێی دەکەم.
- (ئەگەر) بخوێنێ، دەردەچێ.

هەروەك لە ڕستەی مەرجیدا ( Conditional Sentence ) باوە، پاڕستە دەبێتە مەرج بۆ هاتنە ئارایی شاڕستە. لێرەدا ئەگەر پاڕستە لە جۆری داخوازی بێ، واتە، دەمکاتەکەی یان بواری ڕودانەکەی لە داهاتودایە، ڕودانی کاری شاڕستەش پابەندە بە هاتنە ئارایی مەرجەکەی لە کاری پاڕستەدا، بۆیە ڕودانی کاری شاڕستە دەکەوێتە ئەگەری هاتنە ئارایی پاڕستە، بەمەش ئەگەری ڕودانەکە دوردەکەوێتە بۆ کاتی داهاتو و چەمکی گومانداری لێ دروستدەبێ. وەك :

- ( ئەگەر ) پارەدار بم، پایەدار دەبم.
- ( ئەگەر ) ئەو بکەن بە سەرۆکی هەرێم، دادوەریی کۆمەلأیەتی بەرپا دەکا.

### ٣.٢.٢.٣ : ڕستەی خۆزگەیی لە ڕستەی مەرجیدا :

لە گروپی ئاراییدا، کاری خۆزگەیی ڕۆلێکی بەرچاو دەگێڕێ، لە دروستکردنی پاڕستەی مەرجی. پێشتر ئەوەمان بۆ ڕونبوەوە کە هاتنە ئارایی پاڕستەی مەرجی، دەبێتە هۆکار و مەرجی ڕودانی کاری شاڕستە، هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕونبوەوە، کە کاری خۆزگەیی ڕابوردوێکی بەسەرچوەو و ئیتر نایەتە ئارا، کەواتە، کاری شاڕستەش نایەتە ئارا، بەلأم مەرجەکە لەوەدایە، ( ئەگەر کاری پاڕستە بهاتبایە ئارا، چی ڕویدەدا ). هەر بۆیە لەم جۆرە ڕستانەدا، کاری پاڕستە ڕابوردوی خۆزگەییە و کاری شاڕستە دەبێتە ڕابوردوی بەردەوام. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

- ( ئەگەر ) دراوسێکەمان میوانی <u>بهاتبوایە</u>، تورە دەبو.
- ( ئەگەر ) دەرمانەکانت <u>بخواردبایە</u>، باشتر دەبوی.
- ( ئەگەر ) پێشمەرگەییێکیان ڕادەستی دوژمن <u>کردبایە</u>، خەلأت دەکران.

بە سەرنجدان لەم ڕستانەی سەرەوە، دەبینین کاری پاڕستەکان ( بهاتبوایە، بخواردبایە و کردبایە ) هەمویان لە تافی ڕابوردوی خۆزگەیی دان و تازە کاتیان بەسەرچوە و ڕونادەن، بۆیە چەمکی خۆزگەیی دەبەخشن، بەلأم لە هەمان کاتدا ئەم کارانە بونەتە مەرج بۆ ڕودانی شاڕستەکانی ( تورەدەبو، باشتر دەبوی و خەلأت دەکران ) کە لە تافی ڕابوردوی بەردەوام دان. لە ئەنجامدا بە کاریگەری کاری پاڕستەکان، کاری شاڕستەکانیش ڕونادا.

شێوەیەکی تری ڕستەی مەرجی لە گروپی ئارایی، کاری پاڕستەی مەرجی خۆزگەیی دەبێ و کاری شاڕستەکەی لە کاتی ڕابوردوی دوردا دەبێ، بەم شێوەیە :

- ( ئەگەر ) کوڕەکەم زیرەك <u>بوایە</u>، قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردبو.

- ( ئەگەر ) بەیانی زو بچوبوایە، ئێستا گەیشتبو.
- ( ئەگەر ) مامت ژنی هێنابا، منداڵی گەورە بوبو.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا لەبەر ئەوەی کاری پاڕستەی مەرجی لە ڕابوردوی خۆزگەییدایە و ناهێتە ئارا، بۆیە کاری شاڕستە دەبێتە ڕابوردوی دور و ئەگەری هاتنەئارای نیە و لەبەر هەمان هۆکاری ڕستەکانی پێشتر کاری شاڕستە ڕونادا.

## ٤.٢.٢.٣: گروپی ئارایی لە پاڕستە و شاڕستەی مەرجیدا:

دەرکەوتنی کارەکانی گروپی ئارایی (داخوازی و خۆزگەیی) لە پاڕستەی مەرجیدا، دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام کاری فەرماندان لە پاڕستەی مەرجیدا دەرناکەوێ، بەڵکو تەنیا لە شاڕستەدا دەردەکەوێ، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە کاری پاڕستە لە جۆری داخوازی بێ. واتە، ئەگەر بمانەوێ کارەکانی گروپی ئارایی لە پاڕستە و شاڕستەی مەرجیدا هەبن، دەبێ کاری پاڕستە داخوازی و کاری شاڕستە فەرماندان بێ:

- ( ئەگەر ) هەر کەس کتێبێك بەدیاری بهێنێ، سوپاسی بکەن.
- ( ئەگەر ) ئۆتۆمبێل بکڕم، تۆش بیهاژۆ.
- ( ئەگەر ) باوکت ڕازی بێ، خۆت بۆ هەندەران ئامادە بکە.

وەك باسکرا، لەم ڕستانەی سەرەوە تێبینی ئەوە دەکرێ، کاری ڕستەکانی پاڕستە لە جۆری داخوازین (بهێنێ، بکڕم و ڕازیبێ) و لە تافی داهاتودان و بون بە مەرج بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی شاڕستە (بکەن، بیهاژۆ و ئامادەبکە)، کە لە جۆری فەرماندانن، بەم پێیە ئەگەرچی جێبەجێکردنی کاری فەرماندان لە کاتی ئێستادایە، بەڵام دەمکاتەکە لەم جۆرە ڕستانەدا پابەند دەبێ بە هاتنە ئارایی کاری پاڕستە کە لە داهاتودایە.

## ٣.٢.٣: ئەرکی گروپی ئارایی لە پاڕستەی دیارخەریدا:

بە شێوەیەکی گشتی پاڕستە لە ڕستەی ئاوێتەدا ئەرکی باسکردن و وەسفکردنی بەشێك یان پێکهێنەرێکی شاڕستەی لە ئەستۆدایە. واتە، لە بنەڕەتدا پاڕستە بۆ ئەوە دروستبوە، لایەنێکی شاراوەی یەکێ لە کەرەستەکانی شاڕستە دەربخا، بۆیە سەرجەم پاڕستەکان دیارخەرین. بۆ نمونە ڕەنگە پاڕستەی دیارخەری (بکەر، بەرکار، بەرکاری بەیاریدە، ئەنجام، ئامانج، مەرج،... هتد) بێ لە شاڕستە.

پێشتر لەبەر چالاکیی گروپی ئارایی لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا، بەشێوەیەکی تایبەت باسی ڕۆلی گروپی ئارایی کرا لە شاڕستە و پاڕستەی مەرجی. لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی باسی ڕۆلی گروپی ئارایی دەکەین لە دروستکردنی جۆرەکانی پاڕستە، کە دەبن بە دیارخەر بۆ لایەنێکی هەریەك لە کەرەستەکانی

شارستە، (هەر پارستەیەك كەرەستەیەكی رستەی سەرەكی رونتر دەكاتەوە و دیاریدەخا، بۆیە سەرجەم پارستەكان دیارخەرین)[1]. واتە، (پارستە تەواوكەری بەشێكی شارستەیە)[2]، ئەمەش وایكردوە بە دابرانی پارستە لە شارستەدا نەتوانێ واتای تەواو ببەخشێ. دەتوانرێ رۆلی ئەندامەكانی گروپی ئارایی لە رستە دیارخەرییەكاندا بەم شێوەیە بخرێتە رو:

### ١.٣.٢.٣: پارستەی دیارخەری ناوی:

هەمو رستەیەك لە دو كۆمەڵەی سەرەكی پێكدێ، ناو و كار. ناو لە رستەدا جگە لە دو ئەركە سەرەكییەكەی وەك بكەر و بەركار، دەتوانێ ببێتە بەركاری بەیاریدە و دیارخەری ناوێكی تر. مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی، لەبەر ئەوەی رۆلی هاتنە ئارایی یان هێنانە ئارایی دەبینێ، لەبەر ئەوە كەمتر دەتوانێ رۆلی پارستەی دیارخەری ناو ببینێ، چونكە دیارخەر بریتیە لە یەكێ لەو سیما و وەسفانەی لایەنێكی ناو دەردەخا، ئینجا ناوەكە هەر ئەركێكی هەبێ بە ئەركەكانی (بكەر، بەركار، بەركاری بەیاریدە، یان دیارخەری ناوێكی تر...). (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی تەنیا لەم كاتەدا دەتوانێ پارستەیەكی دیارخەری ناو دروستبكا كە خۆی دەبێتە رەگی كاری سەرەكی، وەك رەگی چاوگی (هە)بون. ئەمەش زۆرتر لەم دۆخانەدا دەبێ، كە پارستەكە لە جۆری هەواڵدانی كاتی ئێستا بێ، چونكە لەم جۆرە رستەیەدا ئەگەری ئەوە دابین دەكرێ، كە وەسف و سیمای ناوەكە ئێستا لە ئارادایە، هەروەها بە هەمان شێوە دەتوانرێ، وەسفی سیمایەكی رابوردوی پێبكرێ، كە ناوەكە لە پێشاندا هەیبوە، یان لە رانەبوردودا دەیبینێ. وەك لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەكەوێ[3]:

#### ١.١.٣.٢.٣: مۆرفیمی (بـ) لە پارستەی دیارخەری بكەردا:

ئەگەر (بون) ببێتە رەگی كاری سەرەكی رستە، لە كاتی رابوردو بێ، یان ئێستا، یان رانەبوردو دەبێتە رستەی هەواڵدان و دەتوانرێ وەسفێكی بكەری پێبكرێ. وەك:

- عەلی كیمیاوی، كە ئێستا لە دۆزەخدا<u>∅</u>یە، هەڵە بجەی كیمیا باران كرد.
- سەددام، كەدیكتاتۆرێكی ستەمكار <u>بو</u>، جینۆسایدی كوردی كرد.

---

١- عەبدوڵلا حوسێن رەسول، پوختەیەكی وردی رستەسازی كوردی، ل٣٦-٣٧.

2 - Andrew Radford, Syntax: Aminimalist Introduc on, P: 265.

٣ - تەنانەت لە رستەیەكی وەكو (ئەو قوتابییەی، نمرەیەكی بەرزی وەرگرتبا، خەلات دەكرا.) پارستەی (نمرەیەكی بەرزی وەرگرتبا)، نابێتە پارستەی دیارخەری (ئەو قوتابیە) كە بەركاری شارستەیە، بەڵكو دەبێتە پارستەی مەرجی بۆ خەلاتكردنەكە. بە هەمان شێوە لە رستەی (ئەو مرۆڤەی كە ویژدانی هەبێ، ئازاری گیانەوەر نادا)، پارستەی (ویژدانی هەبێ) دەبێتە پارستەی مەرجی.

- ئەو کەسەی کە دەبێتە سەرۆکی هەرێم، گەندەڵی ناهێڵێ.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا، پارستەکانی (ئێستا لە دۆزەخدا∅یە، دیکتاتۆرێکی ستەمکار بو و دەبێتە سەرۆکی هەرێم)، کە (بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون) کاری سەرەکیی پارستەکانە وەسفی بکەری شارستەکانیان دەکەن و بونەتە دیارخەری بکەری. لە پارستەی یەکەمدا، هەواڵدانی کاتی ئێستایە و مۆرفیمی (بـ) دەرنەکەوتوە و بوەتە سفر(∅)، لە پارستەی دوەمدا دەمکاتی ڕابوردوداییە و مۆرفیمی ئارایی دەرکەوتوە (بـ+و)، بەهەمان شێوە لە پارستەی سێیەمدا لە دەمکاتی ڕانەبوردودایە (دە+ بـ+ یـ+ ∅+ تـ+ ـە).

### ٢.١.٣.٢.٣: مۆرفیمی (بـ) لە پارستەی دیارخەری بەرکاردا:

بەرکار ئەو توخمەیە (کەس/ شت) کە کارێکی بەسەردا دێ و لەدەسەڵاتیدا نیە لاییدا یان پاش و پێشی بخا. پارستەی دیارخەری بەرکار ئەو ڕستە لاوەکیانەن کە لە ڕستەی ئاوێتەدا وەسفی لایەنێکی بەرکاری شارستە دەکەن. مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی کە دەبێتە ڕەگی کاری سەرەکیی ڕستە کە گەردانکراوی چاوگی (بون)ە، بەهەمان شێوەی پارستەی دیارخەری بکەر، دەتوانێ ڕۆلی پارستەی دیارخەری بەرکاریش بگێرێ. بۆ نمونە:

- پێشەوا، کە یەکەمین سەرکۆماری کورد∅ە، لە سێدارە درا.
- باوکم ئەو خانوەی فرۆشت، کە کۆن بو.
- ئازاد ئەو کچەی خواست، کە دەبێتە پەرستار.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا، پارستەکانی (یەکەمین سەرکۆماری کورد∅ە، کۆن بو و دەبێتە پەرستار)، کە تیایدا مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی بوەتە ڕەگی کاری سەرەکی، ڕۆلی دیارخەر دەبینن بۆ بەرکارەکانیان (پێشەوا، خانو و ئەوکچە).

### ٣.١.٣.٢.٣: مۆرفیمی (بـ) لە پارستەی دیارخەری بەرکاری بەیاریدەدا:

بەرکاری بەیاریدە (اسم مجرور – Prepositional Object) ئەو ناوانەن کە دەکەونە دوای ئامرازی پەیوەندییەوە. مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی کە دەبێتە ڕەگی کاری سەرەکیی ڕستە، بە هەمان شێوەی ناوەکانی تر، دەتوانێ ببێتە بناغەی پارستەیەکی دیارخەری و وەسفی بەرکاری بەیاریدە لە شارستە بکا. وەك:

- منداڵەکان لە دێو دەترسان، کە دڕندەیەکی ئەفسانەیی بو.

- واستەم بەو کەسە کردوە، کە دەبێتە سەرۆك وەزیران.

**لەم دو ڕستەیەی سەرەوەدا، ڕستەکانی (دڕندەیەکی ئەفسانەیی بو و دەبێتە سەرۆك وەزیران) بونەتە پاڕستەی دیارخەر و وەسفی بەرکارەکانی بەیاریدە دەکا لە شاڕستەکانیان کە بەڕیزە بریتین لە (دێو و ئەو کەسە).**

## ٢.٣.٢.٣: پاڕستەی دیارخەری کات:

**لە ڕستەی ئاوێتەدا پاڕستە وابەستەی شاڕستەیە. پاڕستەی دیارخەری کاتیش ئەو ڕستانەن کە کاتی ڕودانی کاری شاڕستە ڕوندەکەنەوە. واتە، ئەرکی ئاوەڵکارێکی کات دەبینن بۆ شاڕستە. گروپی ئارایی بە تایبەتی لە دۆخەکانی هەواڵدان و داخوازی ڕۆلی بەرچاو دەگێڕن لە دەرخستنی کاتی ڕودانی کاری شاڕستە.**

- جاران، کە دەبو بە شەو، بازاڕەکانی بەغدا جمەیان دەهات.
- هەر کە چۆلەکە بوبوایە شەڕیان[1]، میوا نمان دەهات.
- کاتێ بەرسیلە دەبو / ببوایە بەترێ، زەردەواڵە دەیخوارد.

**ئەگەر لەم ڕستانەی سەرەوەدا، پرسیار لە کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکان بکەین، دەبینین وەڵامەکانمان لە پاڕستەکانیان دەستدەکەوێ. بۆ نمونە، لە شاڕستەی (جاران بازاڕەکانی بەغدا کەی جمەیان دەهات؟)، وەڵامەکەی دەبێتە پاڕستەی (کە دەبو بە شەو). ئەم پاڕستەیە لە دۆخی هەواڵدانی کاتی ڕابوردودایە و مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی لە کاری ڕابوردوی بەردەوامی (دەبو) ڕۆلی ڕەگی کاری سەرەکی دەگێڕێ. بە هەمان شێوەش لە کاری پاڕستەکانی تر (بوبوایە/ دەبو / ببوایە).**

**ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ لە پاڕستەی سێیەمدا (کاتێ بەرسیلە دەبو / ببوایە بە ترێ) ئەوەیە، لەبنەڕەتدا دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام (دەبو) لەم جۆرە ڕستانەدا بەکار دێ، بەڵام دەشێ دەمکاتی ڕابوردوی خۆزگەیی (ببوایە)ش لە شوێنی ئەو بەکار بێ. لێرەدا تێبینی دەکرێ هەمان واتای ڕابوردوی بەردەوام دەبەخشێ و چەمکی نەهاتنە ئارایی لێ بەدی ناکرێ.**

---

[1] - لەم جۆرە ڕستانەدا ئامرازی لێکدانی شاڕستە و پاڕستە، کە لە سەرەتای پاڕستەدا هاتوە، ڕۆلی کاریگەری یەکلاکەرەوە دەبینن لە نێوان پاڕستەی دیارخەری کاتی و پاڕستەی مەرجی. بۆ نمونە، ئەگەر لە ڕستەکانی (هەر کە چۆلەکە بوبوایە شەڕیان، میوا نمان دەهات)، یان (هەر کە چۆلەکە شەڕیان بکردایە، میوا نمان دەهات) ئامرازی لێکدەری (هەر کە) بگۆڕین بە ئامرازی لێکدەری (ئەگەر)، هەردو ڕستەکە لە پاڕستەی دیارخەری کاتی دەگۆڕین بۆ پاڕستەی مەرجی.

### ٣.٣.٢.٣: پاڕستەی دیارخەری ئامانج:

هەروەك لە ناوەکەیان دیارە، پاڕستەی ئامانج ئەو ڕستانەن، کە ئامانجی ڕودانی کاری شاڕستە دەردەخەن. ئامرازەکانی لێکدەری ئەم جۆرە ڕستانە بریتین لە (بۆ ئەوەی، تاکو، تا، هەتاکو،...)[١]. کاری داخوازی ڕۆڵی فراوان دەگێڕێ لە دروستکردنی ئەم جۆرە پاڕستانە، چونکە بواری هاتنە ئارایی کاری داخوازی لە داهاتودایە و ئەمەش زەمینە خۆشدەکا بۆ ئەوەی ببێتە ئامانجی کاری شاڕستە.

- نازدار دەخوێنێ، تا بـــبێ بە مامۆستا.
- ئێمە خەبات دەکەین، بۆ ئەوەی مافەکانمان دابینبـــکەین.
- ئەو هەڵپەرستە مەرایی دەکا، تاکو پۆستێکی پێ بـــدەن.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە هۆی ڕودانی کاری شاڕستەکان بۆ بە دەستهێنانی ئامانجێکە، پاڕستەکانی ئەو شاڕستانەش دەبن بە ئامانجی ئەو شاڕستانە. واتە، هەر پاڕستەیەك ئەو ئامانجە دەردەخا کە شاڕستەکەی هەوڵی بۆ دەدا، بۆیە دەبێ بە پاڕستەی دیارخەری ئامانج. لەم پاڕستانەدا مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ لە دروستکردنی ئەو کاری داخوازیەی کە دەبێتە بناغەی دروستبونی پاڕستەکە.[٢] لەم ڕستە ئاوێتانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، ڕستە تەواوکەرییەکانی ئارایی لە هەردو ڕستەی (داخوازی و خۆزگەیی)، وەك: (بدەن، هەڵنەگیرابایە، بکەم، وەربگرم، بوایە) هۆ و چۆنیەتی و پلەی ڕودانی فرێزی کاری سەرەکییەکانی وەك: (کرد، دەدا، کردوم، کردینەوە) خستۆتە ڕو و ڕونترکردونەتەوە. هەروەها ئەوەی جێگای سەرنجە پاڕستەکانی پێوانە لە ناو خۆیدا ڕستەی تێکەڵن و لە شاڕستە و پاڕستەیەکی تر پێکهاتون.

---

١ – ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا، ل٦٢ -٦٣.

٢ – بۆ خستنە ڕو و دەستنیشانکردنی سەرجەم پاڕستەکان بە شێوەیەکی تایبەتی سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل ٣٦-٤٣).

# ئەنجامەکان

# ئـەنـجـام

١- مۆڕفیمی ( بـ )ی ڕەگی چاوگی ( بون )، واتـای ( هـاتـنە ئـارایی ) دەبەخشیٚ و هەمان مۆڕفیمە کە ڕۆڵیٚکی سەرەکی یان لاوەکی دەبینیٚ لە دروستکردنی ڕستەکانی فەرماندان، داخوازی، خۆزگەیی و ئەو ڕستانەی بەشداریان تیادا دەکا.

٢- ( بـ )ی مۆڕفیمی ئـارایی چالاکترین ڕەگی کارە، کە جگە لەوەی دەتوانیٚ ببیٚتە ڕەگی کاری سەرەکی و کاری یاریدەدەر، تـاکە ڕەگیشە بتوانیٚ ببیٚتە سفر ( $\varnothing$ ) و دەرنەکەویٚ.

٣- ( بـ )ی مۆڕفیمی ئـارایی لەو کاتەدا وەك پیٚشگریٚك ڕۆڵیٚکی گرنگ دەبینیٚ لە داڕشتنی کارەکانی فەرمانـدان و داخوازی و خۆزگەیی، دەبیٚتە مۆڕفیمیٚکی خۆشەکی ( بەئـارەزو )، ئەگەر پیٚشگریٚکی تـری لە پیٚشدا هات.

٤- ڕستەی فەرمانـدان لە چاوگی ( هەبون ) دروستنـاکریٚ، کە شیٚوەیەکی تـری چاوگی ( بون ) و پیٚشگری ( هە- )ی هـاتۆتە سەر، چونکە تـوخمەکە خۆی لە ئـارادایە، بەلاٚم ڕستەی داخوازی لیٚ دروستدەکریٚ و مۆڕفیمی ( بـ )ی ئـارایی شویٚنی مۆڕفیمی ( هە ) دەگریٚتەوە .

٥- ڕستەی فەرمانـدان لە بکەرنـادیـاردا دروستنـاکریٚ، چونکە نـاتوانریٚ فەرمانی هیٚنانە ئـارا بە سەر کەسیٚکی نـادیـار و شـاراوەدا بکریٚ.

٦- ئەگەرچی لە کـاتی دروستکردنی فەرمانـدان لە چاوگە ئەلفیەکان، مۆڕفیمی ( یٚ )ی کـاتی داهـاتو دەردەکەویٚ و بەڵگەیە لەسەر بونی بواری داهـاتو لە کـاری فەرمانـدان، بەلاٚم تیشکۆ مەبەستی فەرمانـدەر لە سەر بواری کـاتی ئیٚستـایە.

٧- ڕستەی داخوازی بەوە لە ڕستەی فەرمانـدان جیـادەکریٚتەوە، کە ڕستەی داخوازی تەنیا کـاتی داهـاتوی تیٚدایە و بۆ هەمو کەسەکـانە، بەلاٚم فەرمانـدان تەنیا بۆ کەسی دوەمە و جەخت لەسەر کـاتی ئیٚستـایە.

٨- ڕستەی فەرمانـدان بە چەنـدین واتـای جیـاواز ئـاڕاستەی بەرامبەر دەکریٚ، بەپیٚی هەماهەنگیی وشەکـانی ڕستە، وەك ( پڕوپـاگەنـدە، توانج لیٚدان، بیٚزاری، توڕەیی، ئـاگـادارکردنەوە، ڕیٚزداری، نـاڕەزایی، ڕەتکردنەوە، داواکـاری، پـاڕانەوە، نزا، پیٚڕاگەیـانـدن... هتد ).

٩- ڕستەی فەرمانـدان لە کـاری تیٚپەڕو تیٚنەپەڕی بکەری دروستدەکریٚ، ئەگەر لە تیٚنەپەڕی بەرکـاری دروستکرا، واتـایەکی خوازراو دەنویٚنیٚ.

١٠- ( بـ )ی مۆڕفیمی ئـارایی ڕەگی کـاری سەرەکیە لە ڕستەی هەواڵدانی کـاتی ئیٚستا، ڕستەی بکەرنـادیـاری لیٚ دروستنـاکریٚ. لە ڕابوردو و داهـاتوشدا ( بون ) دەبیٚتە ( کردن ) ئەگەر بکەرنـادیـاری لیٚ دروستبکریٚ، چونکە ( بون ) تیٚنەپەڕە و بکەرنـادیـار لە تیٚنەپەڕ دروستنـاکریٚ.

١١- مۆڕفیمی ( مە )لە نەرێدا بەرامبەر ( بـ )ی مۆڕفیمی ئارایی دەوەستێ و لە واتاوە پێچەوانەی یەکترن.

١٢- ڕستەی مەرجی دروستنابێ، ئەگەر پاڕستەی فەرماندان بێ، بەڵکو دەبێ پاڕستەی داخوازی بێ و شاڕستەی فەرماندان بێ.

١٣- پاڕستەی دیارخەری ناو لە کاری داخوازی و خۆزگەیی و فەرماندان کە سێ ئەندامی گروپی ئاراییین دروستنابێ.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## أ- بە زمانی کوردی:


- ئازاد رەمەزان عەلی ( ١٩٩٩ ) لە یاساکانی دارشتنی رستەی مەرجی زمانی کوردی ( نامەی ماستەر )، کۆلیژی پەروەردی ( ئیبن روشد )، زانکۆی بەغدا.
- ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح ( ٢٠٠٩ ) شێوازی گوتنی فەرمانـدان لـە زمانی کوردیدا ( نامەی ماستەر )، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ئاواز حمە صدیق بەگیخانی ( ١٩٩٦ ) ریزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا ( نامەی ماستەر )، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ئەبوبەکر عومەر قادر ( ١٩٩٣ ) پرسیار لە زمانی کوردیدا ( نامەی ماستەر )، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ئەورەحمانی حاجی مارف ( ١٩٨٥ ) نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هەولێر.
- ئەورەحمان حاجی مارف ( ١٩٨٧ ) وشە رۆنان لـەزمانی کوردیدا، چاپی دوەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ئەورەحمانی حاجی مارف ( ٢٠٠٠ ) رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم ( وشەسازی )، بەشی پێنجەم ( کردار )، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ( ١٣٦٧ﻫ ) ئامراز لە زمانی کوردیدا، ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم.
- ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم ( ١٩٨٠ ) رستەی لێکدراوی شوێنکەوتوخواز لەگەڵ رستەی شوێنکەوتوی دیارخەر لە دیالێکتە ناوەندی یەکانی زمانی کوردی دا، چاپخانەی دار الحریە، بغداد.
- ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم ( ١٩٨٠ ) هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمرۆی کوردیدا، بەغدا.
- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ( ١٩٨٢ ) گیروکرفتی نوسینی فرمان لەگەڵ راناو لە روی پێکەوە نوسان و پێکەوە نەنوسان، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق-دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، بەغدا.
- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ( ١٩٨٣ ) دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کتێبی پرۆگرامی خوێندن، زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی زمانی کوردی پۆلی دووەم، هەولێر.
- تۆفیق وەهبی ( ١٩٢٩ ) دەستوری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، بەغدا.
- جگر خوین ( ١٩٦١ ) اوا ئو دەستورا زمانی کوردی، چاپخانا صلاح الدین، بەغدا.
- دەروون عبدالرحمن سالح ( ٢٠١٢ ) ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، هەولێر.

- ڕەفیق شوانی ( ٢٠٠١ ) چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای موکریانی، هەولێر.
- ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی ( ٢٠٠٣ ) ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ڕەفیق شوانی ( ٢٠٠٥ ) جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی بوون و نەبوونی کاتەوە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ( الاستاذ )، ژمارە ( ٢٥ )، کۆلێژی ئاداب- زانکۆی بەغدا.
- ڕەفیق شوانی ( ٢٠١١ ) وشەسازی زمانی کوردی ( لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکیە )، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر.
- زەریٚ یوسوپۆڤا و.کوردستان موکریانی ( ٢٠٠٥ ) شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، بلاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ( ٢٠١٣ ) هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.
- سالار عوسمان، کانونی یەکەم و دووەمی ( ٢٠٠٦-٢٠٠٧ ) نزیکتر شاری زانکۆ، زانکۆی نویٚ، ژمارە ( ١٩-٢٠ )، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- سعید سدقی ( ١٩٢٨ ) مختصر صرف و نحوی کوردی، جزئی ١ ، طبع اول، چاپخانەی نجاح، بغداد.
- شلێر ڕەسول محەمەد بەرزنجی ( ٢٠٠٤ ) یاساکانی داڕشتنی ڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، ( نامەی دکتۆرا )، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- صادق بهاءالدین ئامێدی ( ١٩٨٧ ) ڕێزمانا کوردی، چاپی یەکەم، بەغدا.
- صلاح حویز رسول ( ٢٠٠٦ ) ڕستەسازی و واتاسازی ( بوون )، ( نامەی ماستەر )، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
- طالب حسین علی ( ١٩٩٨ ) هەندێك لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، ( نامەی دکتۆرا )، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول ( ١٩٩١ ) ناکردن لە کوردیدا، ( نامەی ماستەر )، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- عەبدوللا حوسێن ڕەسول ( ١٩٩٥ ) مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ( نامەی دکتۆرا ) کۆلیژی پەروەردی ( ئیبن روشد )، زانکۆی بەغدا.
- عەبدوللا حوسێن ڕەسول -زمانەوانی مێژوویی- ئەیلول ( ٢٠٠٢ ) مێژووی شێوەزاری گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی دهۆك، ژمارە ( ١ )، بەرگی ( ٥ ).
- عەبدوللا حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا، تەموزی ( ٢٠٠٤ ) وشەی سفر و مۆرفیمی سفر، گۆڤاری زانکۆی دهۆك، ژمارە ( ١ )، بەرگی ( ٧ ).

- عەبدوللا حوسێن ڕەسول ( ٢٠٠٦ ) پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر.
- عەبدوللا حوسێن ڕەسول، ئەیلول ( ٢٠١٠ ) پۆلێنکردنی ڕستەی کوردی ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( ١٧ )، هەولێر.
- عەبدوللا شالی ( ١٩٧٦ ) ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فرمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا.
- عەبدوللا شالی، د.عزالدین مصطفی، د.أمین علی، نوری علی امین، فریدون علی امین، علاءالدین سجادی، کمال محمود فرج، ابو زید مصطفی سندی ( ١٩٨٢ ) زمان و ئەدەبی کوردی، چاپی شەشەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠١٣ ) ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم.
- عەبدولوەهاب خالید موسا ( ٢٠٠٩ ) هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی هاشم، هەولێر.
- عەبدولوەهاب خالید موسا ( ٢٠١٠ ) ڕێزمانی بوون و هەبوون لە کوردیدا، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر .
- علی روخزاد ( ١٣٨٩ھ ) ڕێزمانی کوردی سۆرانی، بلاوکراوەی کوردستان، چاپی یەکەم، سنە.
- غازی عەلی خورشید ( ٢٠١٠ ) فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ( ٢٠٠٨ ) نادیاری، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.
- قیس کاکل تۆفیق ( ١٩٩٥ ) جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، ( نامەی ماستەر )، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- کامیل حەسەن بەسیر، کوردستان موکریانی، سادق بهائەدیین ئامێدی، حەمەئەمین هەورامی ( ١٩٨٧ ) زارە کوردی یەکان، -بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی – زانکۆی سەلاحەددین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ك. ك. کوردۆیف ( ١٩٨٤ ) ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ، وەرگێرانی کوردستان موکریانی لە ڕوسیەوە وەرگێردراوەتە سەر کوردی، چاپخانە ئەدیب، بەغدا.
- کوردستان موکریانی ( ١٩٨٠ ) سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی، بەغدا.
- کوردستان موکریانی ( ١٩٨٧ ) جۆرەکانی جێی ناو دەوریان لە ڕستەی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ، بەرگی ( ٤ )، ژمارە ( ١ )، سلێمانی.
- کوردستان موکریانی ( ٢٠٠٤ ) سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

- لیژنەی زمان و زانستەکان لە کۆری زانیاری کورد ( ١٩٧٦ ) ڕێزمـانی ئاخـاوتنی کـوردی، چـاپکراوی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.
- لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ( ٢٠٠٥ ) زمان و ئەدەبی کوردی - پۆلی شەشـەمی ئامـادەیی، چـاپی چوارەم، چاپخانەی ( الطباعة الاخیرة )، بەغدا.
- لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ( ٢٠١١ ) زمان و ئـەدەبی کـوردی - پـۆلی دوازدەهـەمی ئامـادەیی-، چاپی شەشەم، چاپخانەی المستقبل، لوبنان.
- مەسعوود محەمەد ( ٢٠١١ ) هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسـی کـوردی، دەزگـای چـاپ و بلاوکردنـەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- محەمەد ئەمین هەورامانی ( ١٩٧٣ ) سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی کوردی، چاپخانەی مـەعاریف، بەغداد.
- محەمەد ئەمین هەورامانی( ١٩٨١ ) زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوورد دا، دەزگـای رۆشـنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بغداد.
- محمد معروف فتاح ( ١٩٨٠ ) کار پۆلین کردن بە پێی ڕۆنان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێـراق-دەسـتەی کورد، بەرگی ( ٧ ).
- محمد معروف فتاح ( ٢٠١١ ) زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر.
- محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر ( ٢٠٠٦ ) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کـوردی، چـاپخانەی روون، سلێمانی.
- مصطفی محمد زەنگەنە ( ١٩٨٩ ) کارو ئەرکی لە سینتاکسدا،( نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- نەبەز فتاح بابەکر ( ٢٠٠٩ ) سیما تایبەتیەکانی شێوەزاری خۆشناوتی، ( نامـەی ماسـتەر)، زانکـۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو ( ٢٠٠٧ ) بکەر نادیار، سەنتەری ڕۆشنبیری هەتاو، چـاپخانەی شـەهاب، هەولێر.
- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو ( ٢٠١٢ ) ڕستەسازی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- نسرین فخری ( ٢٠٠٢ ) ڕستەو چەمکی ڕسـتە بەگشـتی و تایبە تمەندییـەکانی لـە زمـانی کوردیـدا، بەغدا.
- نوری علی أمین ( ١٩٥٦ ) قواعدی زمانی کوردی لە نحو صرفدا، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- نوری علی ئەمین ( ١٩٨٦ ) دەوری پیتە بزوێنی ( ە ) لە زمـانی کوردیـدا، گۆڤـاری ڕۆشـنبیری نـوێ، ژمارە ( ١١١ ).

- نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢) ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، چاپی دووەم، هەولێر.
- هەژار -عبدالرحمن شرفکندی- (١٣٨١ﻫ) هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کوردی-فارسی)، دەزگای سروش، تهران.
- هێرۆ ئەحمەد حەمە غەریب (٢٠٠٨) شێوەکانی گێڕانەوە لە ڕستەی کوردیدا، (نامەی ماستەر)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- وریا عومەر امین (١٩٨٣) ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٨)، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.
- وریا عومەر امین (١٩٨٤) یاساییکی فۆنۆلۆجی، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە (٦٦)، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد، بەغدا.
- وریا عومەر امین (١٩٩٢) نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٩٢)، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.
- وریا عمر امین (١٩٩٤) هێز و ئاواز، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٤)، بەغدا.
- وریا عمر امین (١٩٩٨) مەرج و یاساکانی لە زمانی کوردی، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق – دەستەی کورد، ژمارە (٢٧ – ٢٨)، بەغدا.
- یوسف شریف سەعید (٢٠١٣) کاری لێکدراو لە زمانی کوردی فارسی، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- یوسف نوری محەمەد ئەمین (٢٠١٠) هەندێك لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە پێی یاسای گوێزانەوە، (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.


## ب- بە زمانی عەرەبی:


- ابی بکر محمد بن السری بن سهل النحوي المعرف بـ(ابن السراج) (٢٠٠٩) الاصول في النحو، تحقيق: محمد عثمان، المجلد الثاني، الناشر مكتبة الثقافة الدينية.
- رضي الدين الاستربادي (١٩٧٩) شرح الكافية في النحو، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت.
- عبده علي الرجحى (٢٠٠٨) التطبيق النحوي، طبعة الاولى، دار الميسرة للنشر و التوزيع، عمان.
- كوردستان موكرياني (١٩٨٩) قواعد اللغة الكردية، دار الثقافة والنشر الكردية، دار الثقافة والنشر الكردية، سلسلة الكتب(٢٦١)،الحرية للطباعة، بغداد.
- محمد علی خولی (١٩٨٢) معجم علم اللغة النظری، مكتبة لبنان، طبعة الاولى، لبنان.
- موفق الحمدانی (١٩٨٢) اللغه و علم النفس، بغداد.

- نعوم جومسكي ( ١٩٩٦ ) اللغة والعقل، ترجمة :بيداء علي العلكاوي، بغداد.
- هيوا زەندی ( ٢٠٠٧ ) مقترح للكتابة باللهجة الفيلية، الطبعة الثانية، اربيل.

## ت- بە زمانی فارسی:

- ارسلان گلفام ( ١٣٨٦ ه ) اصول دستور زبان، چاپ اول، چاپ و نشری ذره، تهران.
- ازيتا افراشی ( ١٣٨٨ ه ) ساخت زبان فارسی ( ويرست ٢ )، چاپ چهارم، تهران.
- حسن احمدی گيوی و حسن انوری ( ١٣٨٥ ه ) دستور زبان فارسی ١، موسسه فرهنگی فاطمی، چاپی بيست و هشتم، تهران.
- شهرزاد ماهوتيان ( ١٣٨٧ ه ) دستور زبان فارسی ( از ديدگاه ردەشناسی )، ت.مهدی سمائی ، نشر مركز، چاپ پێنجەم، تهران.
- عبدالعظيم قريب، ملك البشعرای بهاری، بديع الزمان فروزانفر، جلال همای، رشيد ياسمی - پينج استاد - ( ١٣٧٣ ه ) دستور زبان فارسی، چاپی يازدەهەم، چاپخانەی گلشن، نشر جهان دانس.

## پ- بە زمانی ئینگلیزی:

- A.C.GIMSON (1970), An introduc on to the pronuncia on of English, London, Edward Arnold.
- Andrew Radford (1997) Syntax: A minimalist Introduction, United Kingdom, Cambridge University press.
- Bloom Field (1933) Language, New York, Henry Holt,co.
- D. Crystal (2004) The Cambridge Encyclopedia of the English Language, 2nd Edition, Black well: Oxford.
- F.R, Palmer (1981) Semantics, Anew Outline, NewYork, Cambridge University Press.
- C. Wycil.Henry (1942) The Growth Of English, London.
- John Lyons (1985) Language and Linguistics, New York.
- Linda Thomas (1993) Beginning Syntax, Black well Publishing.
- Maggie Tallerman (1998) Understanding Syntax, Oxford University press.
- Mar n Haspelmath (2010) Understanding Morphology, Hodder education Second Edition, London, Arnold.
- Oxford university (2011) Oxford lernaer's English Dictionary, Oxford university press.

- Sidney Green Baum and Gerald Nelson (2002) An Introduction to English Grammar, Second Edition, London, Harlow.
- Whitman Randal L. (1975) English and English Linguistics, New York, Holt Rinehart and Winston.

## ج- ئەو سەرچاوانەی نمونەی لیٚ وەرگیراوە:


- دیوانی ئەحمەد موختار جاف ( ١٩٨٦ ) عیزەدین مستەفا ڕەسولٚ، چاپخانەی الادیب، بەغدا.
- دیوانی حاجی قادری کۆیی ( ١٩٨٦ ) لیٚکۆلینەوە و لیٚکدانەوەی سەردار حمید میران، کریم مستەفا شارەزا، هەولیٚر.
- دیوانی دیار مەلا محمد کۆیی ( ١٩٦٩ ) چاپی چوارەمین، هەولیٚر.
- دیوانی گۆران ( ٢٠٠٤ ) بەرگی یەکەم، چاپی سیٚیەم، چاپخانەی گەنج، سلیٚمانی.
- دیوانی نالی ( ١٣٧٩ھ ) مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی، لیٚکۆلیٚنەوە و لیٚکدانەوەی مەلا عبدالکریم مدریس و فاتح عبدالکریم، چاپی سیٚیەم، بلاوکراوەی کوردستان، پاساژعزتی، سنندج ( سنە ).
- رۆژنامەی هاولاتی، ڕیٚکەوتی ( ٢٠٠٧/١٢/٣٠ )، ژمارە ( ٣٨٣ )، ڕۆژی یەکشەممە.
- شیٚخ محەمەدی خالٚ ( ٢٠٠٧ ) پەندی پیٚشنان، چاپی چوارەم، زنجیرەی بلاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان.

اقليم كوردستان – العراق

وزارة التعليم العالي و البحث العلمي

جامعة صلاح الدين - اربيل

# مجموعة الكينونة و اختلافاتها

رسالة

مقدمة الى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين- اربيل كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكوردية

من قبل

**هاوكار عمر خضر** بكالوريوس في كلية اللغات – جامعة صلاح الدين-٢٠٠٧

باشراف

**أ.م.د.عبداللة حسين رسول**

كلاويز ٢٧١٣ الكوردية      شوال ١٤٣٤ الهجرية      آب ٢٠١٣ الميلادية

## ملخص البحث

هذه الدراسة محاولة لبلورة أهم مورفوفونيم في اللغة الكردية وأنشطه، مورفوفونيم ( -بـ- ) الذي هو بالأساس جذر المصدر {( هه )بون} ،أستطاع وبمعنى الكينونة نفسها أن يلعب دوراً مهماً وواسعاً في خلق وصياغة مجموعة أفعال مهمة وضرورية في اللغة الكردية، مثل ( الخبر بجميع أزمنته، الماضي، الحاضر، المستقبل والمضارع )، ( الأمر )، ( الطلب ) و ( التمني )، والتي سميت في هذه الدراسة بمجموعة الكينونة، الأمر الذي أدى إلى أن تكون الرسالة بعنوان (( مجموعة الكينونة واختلافاتها )).

وبغية حسم الموضوع وتحقيق الأهداف المنشودة، فضلاً عن المقدمة قُسم البحث إلى ثلاثة فصول وعلى النحو الآتي :

بُحث في الفصل الأول، مورفيم ( بـ ) الكينونة من حيث التكوين والدلالة الأساسية وأساس هذا المورفيم كجذر مصدر { ( هه )بون } ودوره في بناء الجملة الخبرية في جميع الأزمنة ( الماضي،الحاضر، المستقبل، المضارع واختلاط هذه الأزمنة )، كما عرض اختلاف كل من هذه الأزمنة مع اظهار هذا الجذر كفعل أساس ومساعد .

دُرس في الفصل الثاني دور مورفيم ( -بـ- ) الكينونة في بناء كل من فعلي الأمر والطلب وكيفية صياغتهما وتكوينهما الدلالي وأزمنتهما ، فضلاً عن أوجه التشابه والاختلاف بين الأمر والطلب في جميع الجوانب الشكلية والمضمونية . كما تمت المقارنة حينما يصبح ( -بـ- ) مورفيم الكينونة نفسه جذر الفعل الرئيس، فضلاً عن وظائفه الأخرى من الأمر والطلب .

وفي الفصل الثالث أُلقى الضوء على مورفيم ( -بـ- ) الكينونة في صياغة فعل التمني واظهاره من حيث الشكل والمضمون ومقارنته مع الأفعال الأخرى في مجموعة الكينونة من جهة التشابه والاختلاف، ومن ثمَّ بُحث دور هذا المورفيم في الجملة الشرطية المعقدة ومساهمته الواسعة في صياغة الجملة الرئيسية والجملة الشرطية التابعة وبعد ذلك نُقشت دور هذا المورفيم في الجمل الأخرى التابعة .

وفي الختام فضلاً عن نتائج هذه الدراسة، تم وضع ملخص الدراسة باللغتين العربية والانكليزية وكذلك قائمة المصادر .

Kurdistan Region - Iraq

Ministry of Higher Education and Scientific Research

Salahaddin University-Erbil

# The Group of Being and Its Differences

A Thesis

Submitted to the Council of the College of Language - Salahaddin University - Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements

For the Degree of Master in Kurdish Language

By

**Hawkar Omer khidhir** B.A.College of Language– Salahaddin University -2007

Supervised by

**Asst. Prof. Dr. Abdulla Husen Rasul**

August 2013 A.D. Shawal 1434 Al-H. Galawezh 2713 K.

# Abstract

This paper aims to scrutinize one of the most important morphophonemes of Kurdish language known as /b/. This morphophoneme is basically the root of the infinitive “to be”. It plays an essential role in forming a group of fundamental verbs in Kurdish language. For instance, they comprise indicative verbs and their tenses including present, past and future tenses. They also contain imperative, command and wishing verbs. These verbs will be called ‘the group of being’; which is why paper is entitled “The Group of Being and its Differences”.

To do this, apart from a relevant introduction, the research is divided into three sections:

The first section discusses the morpheme /b/ of “to be” group in terms of the way of formation and its original meaning, such as the root of “to be” and its role in making informative sentences using different tenses (present, past, future, progressive or mixed tenses)

The second section deals with the role that morpheme/b/plays in creating imperative and command verbs. It also explains their construction, semantic frame and tenses. In spite of mentioning similar and different aspects of imperatives and commands in terms of their form and meaning, the section also emphasizes on the fact when /b/, the morpheme of “to be”, becomes the root of main verb in addition to other functions like imperative and command.

The third section highlights the significance of morpheme /b/ in composing wish verbs, indicating their forms and meanings. It also compares them with other verb types of the same group ‘to be’ through illustrating similarities and differences between them. Then, it illuminates the role of the morpheme in forming conditional sentences and its major influence in creating conditional dependent and independent clauses; which adds up to demonstrating the role of this morpheme in other subordinate clauses.

In the end, apart from the research conclusion, the abstract is written in Arabic and English, followed by the bibliography.